پرۆژەی تـوێـژیـنـەوەی جـیـهـانـی

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

---


خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا
ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەرسەلان حەسەن

2016

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 _ 0770 195 5044

**ناوی کتێب: نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی**
**بابەت: توێژینەوەی ئابوری و سیاسی**
**نوسەر: بەهزاد ئەحمەدی لفورکی - ئەفشین جەوان**
**محەمەد صادق جوکار - مەسعود درەخشان**
**وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن**
**هەڵەچن: نیاز جەمال - نیاز کەمال - کەیوان عومەر**
**دیزاین: ئومێد محەمەد**
**چاپ: چاپخانەی دلێر**
**تیراژ :1000دانە**
**ساڵی چاپ: 2016**
**نرخ: 3000 دینار**
**شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان**
**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1042)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (109)

# نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و
# ئاکامە جیۆپۆڵەتیکەکانی


دامەزراوەی فەرهەنگی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی
ئەبراری هاورچەرخی ئێران www.tisri.org

بەهزاد ئەحمەدی لفورکی - ئەفشین جەوان
محەمەد صادق جوکار - مەسعود درەخشان

وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن

# پێڕست


گازی شیل چییە ؟..............................................................................14
بارودۆخی نەوت و گازی شیل لە سەبەتەی وزەی ئەمەریکادا...........................25
کێشمەکێشەکان لە هەمبەر دەرهێنانی نەوت و گازی شیل لە ئەمەریکا............27
ئاکامە جیهانییەکانی نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا............................................29
ئاکامەکانی نەوت و گازی شیل بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.................................33
هەڵوێستی ئۆپێك لە بەرامبەری نەوت و گازی شیل............................................35
ئاکامەکانی نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا بۆ ئێران...........................................36
کۆبەند..............................................................................................39
گازی شیل و سیاسەتە نێودەوڵەتییەکانی وزە....................................................41
بەشی یەکەم: گازی شیل و داهاتووی بازرگانی گاز.............................................42
دەرهێنانی گازی شیل لە ئەمەریکا.................................................................43
چاوخشاندنێك بە پاشەکەوتی گازی شیل لە جیهان...........................................44
بەشی دووەم: دیپلۆماسی گازی شیلی ویلایەتە یەکگرتووەکان............................51
کاریگەری دیپلۆماسی گازی شیلی ویلایەتە یەکگرتووەکان................................52
ئاسایشی وزە و گۆڕانی داهاتووی بازاڕەکانی نەوت و گاز.................................63

## پرۆژەی
## توێژینەوە جیهانییەکان بۆچی؟

توێژینەوە جیهانییەکان، زنجیرەیەك نامیلکەی تایبەتە بە روداو، ئاڵوگۆڕ، کێشە، قەیران، پەرەسەندنە سیاسی و ئابورییەکانی جیهان، کە ناوەندە سیاسی و ئابورییە زەبەلاحەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بەردەوام لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و ئاکادیمییان لەسەر دەکرێت، بە مەبەستی باشتر درککردن بە رەوشی قەیرانەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەر، یان زاڵبوون بەسەریاندا.

روداوە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە ئابورییەکان، پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لە هەر کوچەو سوچێکی ئەم جیهانەدا، کاریگەرییان لەسەر کۆی سیستمە سیاسییە لۆکاڵ، یان گلۆباڵەکان دروستکردووە. جا هەندێك لەوانە سروشتی یان خۆرسکن هەندێکیشیان بەهۆی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە رودەدەن (لە بابەتی پیلانگێڕی و کودەتای سەربازی و دەخالەتی ئابوری و سەرمایەداری) یان بە ئارمان و ئامانجی سیاسی جۆراوجۆر. لە

ماوەی سەد ساڵی رابردوودا، لەسەر گۆی زەوی گەواهی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو، یان چاوەڕواننەکراو بووبن، کە هەندێکیان خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە و هەندێکیشیان بوونەتە هۆی شەڕو کوشتاری بێ ئامان و ماڵوێرانکەر، کە بە ملیۆنان مرۆڤ گیانیان لەدەستداوە.

جیهان لەسەر دەستی زلهێزەکان و کارتێلە گەورەکانی بواری سەرمایە، وزە، نەوت، سەربازی و هەژمونی وڵاتانی خۆرئاوای سەرمایەداری، ئەوانە و هەژاری و نەداری و سیستمی تۆتالیتار و میلیتاریستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاسیا و ئەفەریقا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپای کۆن و بەشێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، پڕە لە جینایەت و کردەوەی دڕندانەی سەرکوت و داپڵۆسین و لەسێدارەدان و کودەتای سەربازی و برسیکردن و هەژارتربوونی هەژارەکان و سیستمی زاڵی دیکتاتۆرییەت و ژیانی مەمرەو مەژی.

پاشماوەکانی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی هێشتا ئاسەواری بەسەر جیهاندا ماوەو تادێت وڵاتانی جیهان زۆرترو زیاتر خۆیان پڕ چەك دەکەن و لەهەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی و ئەتۆمی زیاتردان و کۆمپانیاکانی چەك فرۆشتن رۆژانە مۆدێلی نوێ و تازەتری چەك و فرۆکە و کەشتیگەلی مەترسیدارو گرانبەها دەخەنە بازاڕی ململانێکانەوە.

لەسەر ئاستی جیهان فایلی گەرم و گوڕو پڕ کێشە و قەیران بەردەوام روودەدەن و دووبارە دەبنەوە، لە بابەتی شەڕی نیمچە کیشوەری هندستان و پاکستان، کێشە و ململانێی نێوان سریلانکا و پڵنگەکانی تامیل، کێشەو هەژاری لە بەنگلادیش، شەڕی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانی ئەفغانستان، کشمیری پڕ لە پشێویی، هەروەها قەیرانەکانی نێوان هندو پاکستان و چین درێژەی هەیە.

لە ئاسیا، ئەفەریقا شەڕو کوشتاری هێزە شیعی و سوننیەکان لە عێراق، یەمەن، سوریا، ئەفغانستان و لوبنان تادێت ژمارەی کوژراو قوربانییەکان روو لە زیادبوون دەکات. لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵ و فەندەمێنتاڵەکان، کە لەلایەن عەرەبستانی

سعودیە، قەتەر، تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری و باربوو دەکرێن و بەرییانداوەتە گیانی یەکترو هەر ئەم گروپە ئیسلامییانەن بوونەتە مایەی شەڕو کوشتار و جەنگێکیماڵوێرانکەر لە عێراق، ئەفغانستان و سۆماڵ و فەلەستین و مالی نەیجیریا و تادەگاتە رادەی ئاستی مەترسی تیرۆر و کوشتار لە پاریس، واشنتۆن، رۆما، لەندەن و مەدرید.

هێشتا فرۆکەکانی وڵاتانی زلهێزو ژێردەریایی و کەشتیگەل و بنکە سەربازییەکانیان لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان دەفڕن و لەئاوە نێودەوڵەتییەکان دەسوڕێنەوە باشتر دادەمەزرێن و هەڕەشەی زۆرترو زیاتر لە جیهان دەکەن و بەردەوام دوکەڵی بۆمبەکانیان بەسەر ئاسمانی وڵاتانی هەژارو بێ دیفاعی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رەش دەچێتەوە.

ئەم زنجیرە نامیلکەیە، ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بەو رووداوانەی کە بیەوێت یان نەیەوێت، کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسی کوردستان جێدەهێڵن.

دەزگای ئایدیا ئەم هەنگاوەی لەو پێناوەدایە کە خوێنەری کورد ئاشنا بکات بەو ئاڵوگۆڕە باش و خراپانە و روانگە و تێڕوانینی فراوانتر بکات، کە جیهان بە تەنها بریتی نییە لە رووداوگەلێکی لۆکاڵ کە لەناوخۆمان یان لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت. بەڵکو رووداوەکان فۆڕمی گلۆباڵیان وەرگرتووەو کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان داناوەو سیستەمی گلۆبالیزەیشنیش هێندەی تر ململانێکانی ئاڵۆزترو توندتر کردووە.

بەو ئومێدەی ئەم زنجیرە نامیلکەیەی دەزگا ئایدیا هەوڵێك بێت بۆ دانانی کاریگەری باشتر و تێگەیشتن لەو رووداوانەی لە جیهاندا دەگوزەرێن.

**پرۆژەی توێژینەوەی جیهانی**
**دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە**

## پووختەی کتێبەکە

ئەمڕۆ باسی گازی شیل (Shale gas) و نەوتی کەڵەکەبوو، یان هەمان نەوتی شیل لەوبابەتانەیە کە شێوازی گەمەی وزەی لە بواری دنیا گۆڕیووە، ئەو بانگەشەیە بوونی هەیە کە ئەمەریکا بەهۆی لەبەردەستدابوونی تەکنەلۆژیای دەرهێنان بۆکاری بازرگانی، ئەوجۆرە نەوت و گاز و کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە گەورەکانی نەوت و گازی شیلی شوێنە جیاجیاکانی خاکی خۆی، نەك تەنیا تێڕوانینی ئابوری ئەرێنی بۆخۆی بە دەستهێناوە، بەڵکو دەڕوات تا پەیوەندییە وزەییەکانی دنیا بگۆڕێت و کاریگەری ئاسایشی، سیاسی و ئابوری گرنگ بەجێبهێڵێت. بەڵگەی جدی ئەو بانگەشەیە راپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەیە لە 14ی ئایاری 2013. بەپێی ئاماری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، ئاستی داواکاری بۆ نەوتی خاو لەجیهاندا، ساڵی 2018 و گەشەی لە 8%ی رۆژانەی دەگاتە حەوت ملیۆن بەرمیل. پێشبینی دەکرێت کە بە گشتگیربوونی کەڵك وەرگرتن لەو تەکنەلۆژیایە، توانای بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمەریکا، لە توانای بەرهەم هێنانی سعودییەش زیاتربێت. دەوترا ئەمەریکا لە ساڵی 2015، دەبێتە گەورەترین بەرهەمهێنەری نائۆپێکی نەوت لە جیهاندا و پێش روسیا دەکەوێت. ئەو نوسینەی بەردەستت دوای کورتە شرۆڤەیەك لە بارەی چییەتی گاز و نەوتی شیل و خستنەڕووی تێڕوانینی بارودۆخی ئەو سەرچاوەیە لە سەبەتەی وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەربڕینی گیرو گرفتەکانە لە بەرامبەر ئەمەریکا بۆ دەرهێنانی نەوت و گازی شیل، لە ئاکامە ئابوری و جیۆپۆلیتیکەکان لە دنیا دەکۆڵێتەوە و بۆ پیشاندانی کاریگەری شیمانەییەکەی لەسەر ئێران، کاریگەرییەکانی بەسەر ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئۆپێك وێنا دەکات، لە کۆتاییدا لە ئاکامەکانی بۆ ئێران دەکۆڵێتەوە.

بە باوەڕی نوسەر، سەرەڕای پێشبینییەکانی ئاژانسە جیاجیاکانی وزە لەبارەی رادەی بەرهەمهێنانی باڵای نەوت و گازی شیل و بەدیهێنانی

ئـارەزوی سەربەخۆیی ئەمەریکا لە بـواری هـاوردەی نەوت و گاز، سەرنجدان لەوخاڵە ورد و زۆر گرنگە کە پێویستە لە نێوان سەربەخۆیی وزە و خۆبژێووی وزە جیاوازی بکرێت. ئامارەکانی بەردەست نیشانی دەدات کە ئەمەریکا لە ساڵی 2030 ناگاتە خۆبژێووی وزە و جگە لە گاز و بەردی خەڵوز، هاوردەکردنی نەوتەکەی بەردەوام دەبێت؛ لە راستیدا، کەموکوڕی وزەکەی لە ئاستی 5% دا دەبێت. تەنانەت ئەگەر ئەمەریکا بتوانێت ئەو لە 5%ش دابین بکات، دیسانەوە نرخەکانی وزە لە باقی دنیا، کاریگەری بەسەریەوە دەبێت بە هۆی بازرگانی نەوت، گاز و بەردی خەڵوزەوە. هەڵبەتە ئەوکارە مانای وایە کە بێگومان ئەمەریکا لە دابەزینی وابەستەیی خۆی بە هاوردە کردن، سەروەری ئابوری دەدۆزێتەوە.

لە بارەی ئاکامەکانی گاز و نەوتی شیلی ئەمەریکا بۆ خۆرهەڵاتی ناوین بە گشتی و کەنداوی فارس بە شێوەیەکی تایبەتی، گێڕانەوەی زاڵیی ئەو رۆژانـە ئەوەیە کە دوای ئـەوەی ئەمەریکا پێویستی بە نەوتی ناوچەکە نابێت، بوونی سیاسی و سەربازی بەرچاوی ئەو وڵاتە لە خۆرهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست، زۆرکەم دەبێتەوە، لە بارودۆخی وابەستە نەبوونی ئەمەریکا بە هـاوردەی نـەوت، گـەرووی هورمز گرنگی خۆی لانیکەم بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دەست دەدات و سەرئەنجام کەم مامەڵەکردنی ئەمەریکا لەگەڵ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و زۆر کاڵبونەوەی بەڵێنەکەی بۆ ناوچەکە دەبینین؛ بەڵام دژە گێڕانەوەی بە هێز کە لەوبارەیەوە هەیە، لەسەر ئەو راستییە بنیاتنراوە کە نەوتی کەنداوی فارس پێش بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی شیل لە سنوری 10%ی تێکڕای پێویستییەکانی ئەمەریکای دابینکردووە و پێگەیەکی گرنگی ئەوتۆی لە هاوردەکردنی وزەی ئەو وڵاتە نەبووە. بە گشتی، گرنگیەتی نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئابوری و سیاسەتی جیهانی بووە، کە لە پێناسەکردنی بەرژەوەندی ستراتیژی هاوکاری ئەمەریکای کردووە تا خودی نەوت. بۆیە پاشانیش گرنگی خۆی دەپارێزێت و لە ساڵانی

داهاتوودا، هاوکاری پاراستنی گرنگیەتی ستراتیژی کەنداوی فارس دەکات.

بە باوەڕی نوسەر، هەرچەندە ئێران بەهۆی هەناردە نەکردنی نەوت بۆ ئەمەریکا و هەبوونی بازاڕی بەکاربەر بۆ نەوتی خۆی لە ئاسیا و جۆری نەوتی خۆی بە کردەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری نەوت و گازی شیلی ئەو وڵاتەی لەسەر نییە، بەڵام لە زیادەی بەرهەم هێنان و دابەزینی نرخەکان گلەیی هەیە. بۆیە بەردەوام شوێن پێی زیادکردنی نرخی نەوتی هەڵگرتووە کە لە ماوەیەکی دوورو درێژدا بە قازانجی ئەمەریکا و بە ئاقاری هێنانەدی سەربەخۆیی وزەکەیەتی. لە بواری گازیش بەو هۆیەی کە بازرگانی گاز زیاتر ناوچەییە تا جیهانی، زەرەرمەندی ئێران لە پەرەپێدانی گازی شیلی ئەمەریکا کەمتر بەرچاو دەکەوێت. بە سەرنجدان بە زۆر کەم توانای ئێران لە بەرهەم هێنانی (ئێڵ ئێن جی) و رۆڵ نەبینین لە بازاڕی جیهانی ئەو بەرهەمە، هەڕەشەی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە بواری هەناردەکردنی گاز تەنیا کاتێك دێتەدی، کە ئێران لە داهاتوودا پشکی گەورەی بە هۆی هێڵی بۆڕییەکانی لە دابینکردنی گازی ئەورووپا بدۆزێتەوە و هەناردەی (ئێڵ ئێن جی) ئەمەریکا هەڕەشە لە بازاڕەکەی بکات؛ بەمەش، روسیا بەسەرنجدان بە هەبوونی رۆڵێکی لەوچەشنە لە ئەورووپا، هەڕەشەی پلە بە پلە جدییتر و راستەوخۆتری لە گازی شیلی ئەمەریکا و هەناردەی (ئێڵ ئێن جی)یەکەی بۆ ئەوروپا تا ئێران، هەست پێدەکات. هەرچۆنێك بێت، پێدەچێت ئێران تا ئێستا لە بواری نەوت و گازی شیل سیاسەتێکی دیاریکراوی نەگرتۆتەبەر و هەڵوێستەکانی لەگەڵ ئامانجی درێژماوەی لە بواری وزەدا لێکدژە.

بابەتەکانی سەرەوە بواری ئابوری لە خۆدەگرێت و تا بەدیهێنانی کاریگەریی جدی لەوانەیە تا دەیەیەك پێویستی بە کات بێت؛ بەڵام لە بواری جیۆپۆلیتیکی پێدەچێت ئاکامی نەوت و گازی شیل بۆ ئێران دەستبەجێتر بووە و توانای بەڕێوەبردنی بازاڕی نەوت و تووشی شۆکی نەوتی نەبوون بەهۆی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی شیل، یەکێ

لەو توخمانە بووە کە دەرفەتی دا بە ئەمەریکا تا لە ساڵی 2008ەوە گەمارۆی نەوتی ئێران، بخاتە کارنامەکەی خۆیەوە؛ لە راستیدا، زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمەریکا لە دوو ساڵی رابردوو و رەخساندنی توانا بۆ ئەمەریکا لە کەمکردنەوەی پشکی خۆی لە پانتایی داواکاری جیهان، وایکرد کەمبونەوەی نەوتی ئێران لە بازاڕدا هەست پێنەکرێت و گەمارۆی نەوتی ئێران وەك بژاردەیەکی کاریگەر بخرێتە روو. پێدەچێت لە ماوەیەکی زۆردا بەرژەوەندی ئێران پەیڕەوی ئاکامەکانی جیهانی نەوت و ئاکامە ناوچەییەکانی بە شێوەیەکی راستەوخۆ و نا راستەوخۆ بکەوێتە ژێرکاریگەرییەوە. بۆ نمونە، کاریگەری گۆڕانکاری ناوبراو لەسەر ئاسایشی وزەی دنیا، کاریگەری بەسەر پەیوەندییەکانی چین لەگەڵ ئەمەریکا، کاریگەری بەسەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ سعودییە، کاریگەری بەسەر جیۆپۆلیتیکی ئەوروپا، زۆر بابەتی لەمجۆرە، کاریگەری جدی بەسەر پێگەی ئێران لە ناوچەکە و سیاسەتەکانی بەجێدێڵێت.

## گازی شیل Shale Gas چییە؟

زیادبوونی نرخی جیهانی گاز لە ساڵی 2008 تائاستی 12 دۆلار بۆ هەر (بی تی یو )، بووە هۆی هەڵکەندنی بیر لە ئەمەریکا و وایکرد تەکنیکەکانی هەڵکەندنی بیر لەوانە کەلێنی هایدرۆلیکی و هەڵکەندنی ئاسۆیی، گۆڕەپانی پاساو و ئابوری بدۆزێتەوە.

لە ئەمەریکا تێچوونی بەرهەمهێنانی گاز لە ساڵی 2008 لە سەرچاوە نەناسراوەکان، سنوری 5 دۆلار بۆ هەر (بی تی یو ) لە ساڵی 1990، بە 3,2 سنوری دۆلار ملیۆن (بی تی یو ) لە ساڵی 2010 گەیشت و پێشبینیکراوە ئەو ژمارەیە لە ساڵانی داهاتووی بە کەمتر لە 2 دۆلار بۆ هەر (بی تی یو )، بگات.

گازی شیل، گازی پەنگخواردووەوە لەناو بەردەنیشتووەکانی چاڵەکۆنەکان، کە دەرهێنانی بە سودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای ناسراو

بە (شکاندنی هایدرۆلیك)، ئەنجامەدرێت و بریتییە لە تێکەڵکردنی ئاوێکی زۆری پڕ لە مـادەی کیمیاوی لەناو پێکهاتەکانی گازی چاڵەکۆنەکان بە گوشارکردن لەسەرەوە. بە وتەی رەخنەگرانی ئیدارەی ژینگە و جیۆفیزیك، ئەوکارە مەترسی ئاڵودەبوونی ئاوەکانی ژێر زەوی و سەرهەڵدانی بومەلەرزەی دەبێت. لێکۆڵینەوەکان نیشانیدەدەن کە لە 16% قەبارەی گازی شیل، گازی (ئۆتان)ە. بەکارهێنەران بۆ بەکارهێنانی ئەو بەرهەمە نرخ هەرزانە لە ئەمەریکا، دەبێت پێداچونەوە بە نەخشەی یەکەی (پلاستیکی)، بکرێت.

بەرهەمهێنانی گازی شیل لە ئەمەریکا بووە هۆی کەمبوونەوەی نرخی گاز و خەڵووزی بەردین لەو وڵاتە، بەڵام بەرهەمهێنانی ئەو گازانە لە ئەوروپا، پێشکەوتنێکی سستی هەبووە و رووبەڕوی نیگەرانی ژینگەناسانی لێکەوتۆتەوە، بە شێوەیەك کە وڵاتانی فەرەنسا، بولگاریا، ئیسپانیا، ئەڵمانیا بەرهەمهێنانی ئەو گازەیان قەدەغە کردووە.

بە پێی پێڕستی ئیدارەی وزەی ئەمەریکا لە 32 وڵاتی خاوەن پاشەکەوتی بەردەنیشتووەکان، دوای وڵاتانی چین و ئەمەریکا، ئەرجەنتین و مەکسیك، سعودییە لە ئاستی پلەی پێنجەمدایە لە جیهان. ئەگەر هەلومەرجەکان بۆ بەرهەمهێنانی گازی شیل لەباربێت، تا ساڵی 2030، بەرهەمهێنانی ئەو گازە دەتوانێت یەك لەسەر سێی خستنەڕووی وزەی جیهان دابین بکات و لە «نەوتی خاو»، کە لە پلەی یەکەمی وزەی دنیادایە، پێشی پێبگرێت.

شیلەکانی نەوت، کۆمەڵەیەکی هەمەجۆری ئەو بەردانەن کە سەرچاوەی نەوت و مادەی ئەندامیی و نائەندامییان هەیە. چونکە ئەو مادە ئەندامییانەی ناو قووڵایی پێویستی دانەپۆشۆراو هێشتا بە سنوری کاڵی و کرچی و لە ئەنجامدا نەوت بەرهەم ناهێنن، مەگەر لە تاقیکردنەوە بە گەرمیی و دڵۆپاندنییان نەوت دەربهێنن، کە بەوکارە دەڵێن دڵۆپاندن. بڕی نەوتی بەرهەم هاتوو لە ناوچەی جیاجیا، تا

له 50% کێشی خەمڵێنراوە، واتە لە نێوان 10 و 150 گاڵۆن نەوت لە هەر تەنێك بەرد یان 50 تا 700 لیتر لە هەر هەزار، کیلۆگرامێك.

شیلە نەوتییەکان بڕێکی بەرچاوی ماددەی ئەندامیشییان تێدایە. لانیکەم چاوەڕنکراو لە شیلێکی نەوتی لە روانگەی ئابورییەوە، کە وزەی بەرهەمهاتوو بەشێوەی هایدرۆکاربۆن، زیاتر لە وزەی گەرمای بەکارهاتوو بۆ دەرهێنانی نەوتەکەی بێت. بە گشتی پێویستە شیلە نەوتییەکان بڕێکی زۆری مادەی هایدرۆکاربۆنییان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن کۆگای نەوتی ئابوری دابمەزرێنن. بە گوێرەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان، زۆرجار شیلە نەوتییەکان سەربە قۆناغی زەویناسی کامبرین (پێش 3,5ملیۆن ساڵ)، تا قۆناغی ترشیری (پێش 63 ملیۆن ساڵ)ە.

## بارودۆخی ئێستا و هەنوکەیی گازی شیل و نەوتی شیل:
## وڵاتانی بەرچاوی خاوەن پاشەکەوتی گازی شیل – Shale gas

**خشتەی خوارەوە وڵاتانی خاوەن گازی شیلی بەرچاو نیشاندەدات**

| وڵات | بڕی پاشەکەوتی گازی شیل |
|---|---|
| ئەمەریکا | 1611 تریلیۆن فوت سێجا |
| چین | 1115 تریلیۆن فوت سێجا |
| ئەرجەنتین | 802 تریلیۆن فوت سێجا |
| جەزائیر | 706 تریلیۆن فوت سێجا |
| کەنەدا | 573 تریلیۆن فوت سێجا |
| مەکسیك | 545 تریلیۆن فوت سێجا |
| ئوسترالیا | 437 تریلیۆن فوت سێجا |
| ئەفەریقیای باشور | 390 تریلیۆن فوت سێجا |
| روسیا | 285 تریلیۆن فوت سێجا |
| بەرازیل | 245 تریلیۆن فوت سێجا |
| ناوچەکانی دیکە | 1546 تریلیۆن فوت سێجا |
| کۆی گشتی | 7299 تریلیۆن فوت سێجا |

چوونە ناوەوەی وڵاتانی وەك ئەمەریكا بۆ دنیای بەرهەمهێنانی گاز لە ڕێگەی گازی شیل، كە پێشتر بۆخۆیان بە گەورەترین هاوردەكاری LNGی جیهان ئەژمار دەكران، گرفتێكی گەورەی وڵاتانی هەناردەكاری گاز دەبێت. وڵاتی قەتەر، گەورەترین هەناردەكاری LNGی جیهان (تواناى هەناردەی ساڵانەی 77 ملیۆن تەنە) لە هەوڵ بۆ خستنە رووی بەشی بەرچاو لە گازی خۆی بۆ بازاڕی ئاسیا بە هۆی واژۆی گرێبەستە ماوەدرێژەكانی لەگەڵ كڕیارانی گاز لە وڵاتانی ژاپۆن، كۆریای باشور و بازاڕە تازە سەرهەڵدراوەكانی وەك چین و هند.

زیادبوونی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی گاز لە ئەمەریكا، نرخی گازی لە كیشوەرەكانی ئاسیا و ئەوروپا بە كەمترین ئاست گەیاندووە، بۆیە توێژەرانی بازاڕ دەڵێن ئەمەریكا تا ماوەیەكی دیكە لە هاوردەكارێك دەبێتە هەناردەكارێكی گەورە و ئەوكارە لەگەڵ گەشەی نێودەوڵەتی گازی چاڵەكۆنەكان لە دەرەوەی ئەمەریكا بە تایبەت لە وڵاتانی چین، ئەرجەنتین و هند، هەموو پێشبینییەكانی پێشتر لە بازاڕی گازی دەخاتە ژێركاریگەرییەوە.

لەگەڵ هەماهەنگی بەرهەمهێنەران و هاوردەكارانی گاز، بە زوویی ئەنجومەنی GCEF، بە مەبەستی چاودێری هەمیشەیی بەسەر بازاڕی گاز دێتەئاراوە.

**خشتەی خوارەوە وڵاتانی خاوەن گازی شیلی بەرچاو نیشاندەدات**

| وڵات | بڕی پاشەكەوتی شیل و ئۆیڵ |
|---|---|
| روسیا | 75 ملیار بەرمیل |
| ئەمەریكا | 58 ملیار بەرمیل |
| چین | 32 ملیار بەرمیل |
| ئەرجەنتین | 27 ملیار بەرمیل |
| لیبیا | 26 ملیار بەرمیل |
| ئوستralia | 18 ملیار بەرمیل |
| ڤەنزوێلا | 13 ملیار بەرمیل |
| مەكسیك | 13 ملیار بەرمیل |
| پاكستان | 9 ملیار بەرمیل |
| كەنەدا | 8,8 ملیار بەرمیل |
| ئەندۆنیزیا | 8 ملیار بەرمیل |
| ناوچەكانی دیكە | 57 ملیار بەرمیل |
| كۆی گشتی | 345 ملیار بەرمیل |

سەرۆکی ئیدارەی زانیاری وزەی ئەمەریکا EIA دەڵێت: لە کاتی زیانی نرخەکانی نەوت بۆ خوار 70 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، کاری هەڵکەندن گران و زۆر تێچووی شیل ئۆیڵ، دەبێتە نا ئابوری و بەرهەمهێنەرانی نەوتی لە ئەمەریکا لەوانەیە هەڵکەندنەکانی خۆیان کەم بکەنەوە. دەرهێنانی نەوت لە سەکۆکانی شیلی لە ئەمەریکا بە باڵاترین ئاستی خۆی لە 20 ساڵی ئەو دواییە، گەیشتووە. لە درێژەیدا وتی: زیانی نرخەکان لە ئەمەریکا لەوانەیە وابکات کە رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت ئۆپێك، بەرهەمهێنانی خۆی کەم بکاتەوە. نرخە جیهانییەکانی نەوتی خاو بەشێوەی ئەم خشتەیەی خوارەوەیە:

**نرخە جیهانییەکانی نەوتی خاو بەشێوەی ئەم خشتەیەی خوارەوەیە:**

| باکور برێنت – بەریتانیا | تەکساس ئەمەریکا | گۆڕەپانی نەوتی ئۆپێك | نەوتی خاوی قوورسی ئێران |
| --- | --- | --- | --- |
| 108دۆلار و 22 سەنت – 1,54دۆلار زیادە لەچاو مانگی پێشوو | 105 دۆلار و 97 سەنت – 2,57 دۆلار زیادە لەچاو مانگی پێشوو | 104 دۆلار و 47 سەنت دۆلار زیادە لەچاو مانگی پێشوو | 103 دۆلار و 65 سەنت – 3 دۆلار زیادە لەچاو مانگی پێشوو |

بە پێی راپۆرتە رەسمییەکانی ناوەندی نێودەوڵەتی وزەی ئەمەریکا EIA ، هند دووەمین پاشەکەوتی گەورەی گازی چاڵە کۆنەکانی لە کیشوەری ئاسیا هەیە. پاشەکەوتی گازی شیلی دۆزراوە بەگوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوەیە:

| ئەمەریکا | روسیا | خۆرهەڵاتی ناوەڕاست | هند | چین | ئوستراليا |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| 120 تریلیۆن مەتر سێجا | 100 ملیار مەتر سێجا | 70 ملیار مەتر سێجا | 60 ملیار مەتر سێجا | 36 ملیار مەتر سێجا | 22 ملیار مەتر سێجا |

لە ئەمەریکا، بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای شکانی هایدرۆلیکی، توانیویانە گازە گیرخواردووەکانی ناو بەردەنیشتووەکان دەربهێنن و ئەو وڵاتەی لە هاوردەکاری بەرچاوی گاز لە جیهان بۆ بەرهەمهێنەری بەرچاوو

هەناردەکاری تازەی جیهان، گۆڕیووە. ئەو ڕاپۆرتە ڕوانینێکی گشتگیری بۆ پاشەکەوتی بە زەبری چاڵەکۆنەکان لە جیهان هەیە. بەڵام پاشەکەوتی شایانی هەڵگرتن، خستنە ڕوو زامن ناکات و دیارنییە کە ئایا گەشەی گۆڕەپانەکانی نەوتی شیل / گازی شیل لە دەرەوەی کیشوەری ئەمەریکا، لەگەڵ ستراکتۆری زەویناسی جیاواز، بتوانێت لە سودی ئابوری نزیکبێت. تەنانەت لەناو ئەمەریکا هەندێك ناوچە هەیە کە گەشەی پاشەکەوتی گازی شیل / نەوتی شیلییان دژوارتر و لەناوچەکانی دیکە گرانترە.

گەشەی بەرهەمهێنانی نەوتی شیل لە ئەمەریکا، لە بارودۆخی بازاڕی هەناردەکارانی نەوتی خاو، تائێستا کاریگەری وەکیەکی نەبووە. نەوتی خاوی بەرهەمهاتوو لە پاشەکەوتی شیل ئۆیڵی ئەمەریکا، لەجۆری زۆر سوکە کە بۆ سیستمی پاڵاوتەییەکانی ئەمەریکا گونجاو نییە و پێویستە جۆری نەوتی ترش و قوورسی، بۆ زیاد بکرێت. بەمەش پێناچێت کە لەگەڵ بەرهەمهێنانی گازی شیل و نەوتی شیل، بازاڕی جۆرەکانی نەوتی خاو زەرەرمەندبێت.

ناڕەزایی ئیدارەی ژینگە لە بارەی سودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی گازی چاڵەکۆنەکان کە کاریگەری بەسەر چۆنایەتی ئاوی خواردنەوە و مەترسی سەرهەڵدانی بومەلەرزەی گچکە و بەردەوام هەیە، بە ئاشکرا دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەرهەمهێنانی گازی چاڵەکۆنەکان لە هەندێك لە وڵاتان.

لە بەهاری ساڵی 2013 ناساندن و دۆزینەوەی نزیکەی 43 ئەڵقە چاڵی تاقیگەیی لە ناوچەکانی پۆڵەندا، ئەرجەنتین، ئوستراليا، چین، مەکسیك، ڕوسیا، سعودییە، تورکیا و بەریتانیا، دەستی پێکردووە. ڕادەی ئاو و فراوانی بیابانەکان و وشکانییەکان، کاریگەرییان بەسەر ئاسانکاری ئەوکارەوە هەیە. تێچوونەکانی بەرهەمهێنان لە ئەمەریکا زیاتر لە سود نزیکە. لە دەرەوەی ئەمەریکا، تێچوونی بەرهەمهێنان دووبەرامبەرە و قەبارەی بەرهەمهێنان 1\2ی ئاسایی بینراوە.

## چاوخشاندنێك بە داهاتووی پیشەسازی نەوت:

شارەزایانی ئیدارەی وزەی ئەمەریکا هەواڵی زیادبوونی بەکارهێنانی ڕۆژانەی نەوتی خاو تا ساڵی 2030، هاوتا لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوان و پێویستی مرۆیی، دەدات. ڕادەی داواکاری جیهانی نەوتی خاو لە ساڵی 2012، ڕۆژانە 89 ملیۆن بەرمیل بووە، کە تا ساڵی 2030 بە زیاتر لە 104 بەرمیل لە ڕۆژێکدا دەگات.

بیرمەندانی دیکە نیگەرانی لە دەستدانی خستنەڕووی وزە نین و لەوباوەڕەدان کە لەگەڵ سودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێی وەك بەرهەمهێنانی گازی شیل / نەوتی شیل و بیر هەڵکەندن لە ئاوە قووڵەکان، پیشەسازی نەوت بەردەوام لە دۆزینەوە و دەرهێنانی بڕی زۆر لە نەوت و ئەو گازانەیە کە پێشتر دەست پێنەگەیشتوو بوون.

جیهان 50 تا 60 ساڵی دیکە، پاشەکەوتی سەلمێنراوی نەوتی خاوی هەیە، هەروەها چاوەڕوانی ناساندن و دۆزینەوەی پاشەکەوتی زیاتر لە ئەوپەڕی شوێنەکانی جیهان دەبین.

-http://www.ppna.ir/news/news-desk/3358---shale-gas

## پێشەکی

ئەمڕۆ باسی گازی شیل (Shale gas) و نەوتی کەڵەکەبوو، یان هەمان نەوتی شیل لەوبابەتانەیە کە شێوازی گەمەی وزەی لە بواری دنیا گۆڕیووە، ئەو بانگەشەیە بوونی هەیە کە ئەمەریکا بەهۆی لەبەردەست دابوونی تەکنەلۆژیای دەرهێنانی بازرگانی ئەوجۆرە نەوت و گاز و کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە گەورەکانی نەوت و گازی شیلی شوێنە جیاجیاکانی خاکی خۆی، نەك تەنیا تێڕوانینی ئابوری ئەرێنی بۆخۆی بە دەستهێناوە، بەڵکو دەیەوێت تا پەیوەندییە وزەییەکانی دنیا بگۆڕێت و کاریگەری ئاسایشی، سیاسی و ئابوری گرنگ بەجێبهێڵێت.

روانینێك بۆ هەوڵەکانی ئەمەریکا لە گەیشتن بە سەربەخۆیی لە بواری دابینکردنی پێویستییە وزەییەکانی نیشانی دەدات کە نزیکبوونەوە لە هێنانەدی ئەو ئامانجە بێ بەرنامە نەبووە و نزیك بە چل ساڵ بەرنامەڕێژی و هەڵبەتە گەلاڵەرێژییەکانی ستراتیژی شارەزایانەی لەگەڵ بووە. تەنانەت بە چاوخشاندنێك بە ژیاری بوونی نرخی باڵای نەوتی خاو لە دنیا بۆ ئابوری بوونی دەرهێنانی گاز و نەوتی شیل، زۆربەی سیاسەتەکانی ئەمەریکای لە ساڵەکانی ئەم دواییە لەبارەی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان، شایانی تێگەیشتنی زیاترە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە چوارچێوەی بواری جیۆمێژوویی و جیۆئابوری، شۆڕشی گاز و نەوتی شیل، لە ئەمەریکا بەرهەمی کاریگەری بەرامبەری چوار فاکتۆرە:-

1. کەمبونەوەی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنە باوەکان، لەو ناوچانەی کە ژێرخانی هەیە و گەیشتن بە بازاڕەکان ئاسانە؛

2. پێشکەوتنە هونەرییەکان وەك بەشێك لە شۆڕشی هونەری فراوانتر بۆ دەرهێنانی کەمترین گەردیلەی هایدرۆکاربۆن لە زەوی؛

3. بڕیارە سیاسییە وەرگیراوەکان بە لۆژیکی ئاسایش، بە ئاڕاستەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی وزە و جێگرتنەوەی بە وزەی بەرهەمهێنراو لەدەرەوە، یان لانیکەم کەمکردنەوەی وابەستەییەکەی بە وزەی هاوردەکراو؛

4. تەنگژەیی لە هەمبەر سەرچاوەکانی دیکەی وزەی وەك ناوکی و خەڵوزی بەرد بەهۆی تێچوونە ئابوریی و ژینگەییەکان. لە چوارچێوەی کاریگەری بەرامبەری هۆکارەکانی سەرەوەیە کە تێچوونی باڵای بەرهەمهێنانی گاز و نەوتی شیل لە پێوانە لەگەڵ نەوت و گازی ئاسایی، بۆتە پاساوی ئابوری و شۆڕشی نەوت و گازی شیلی بە دەستهێناوە.

سەرەڕای هۆکارەکانی سەرەوە، پێویستە سەرنجمان لەسەر هەوڵەکانی پێشووی ئەمەریکا، بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی وزە بێت. ئەوە نیکسۆن بوو کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1973، لە کاردانەوەی شۆکی نەوتی عەرەبەکان، پێشنیازی «پرۆژەی سەربەخۆیی» خستە روو تا ئەو وڵاتە لە کۆتایی 1970 لە بواری وزە بە سەربەخۆیی بگات و زیانەکانی لەو بوارەدا تا ئاستێکی زۆر، کەم بێتەوە. ئەو پێشنیازە نەك تەنیا لە کاتی بڕیاردراو نەهاتەدی، بەڵکو چەندین دەیە بۆ سەرۆك کۆمارەکانی داهاتوو بە میرات مایەوە و هەموویان بە جۆرێك هەوڵیاندا تا ئەو ئارەزووە بخەملێنن. لە دەیەی کۆتایی نەوەدەکان، بۆشی کوڕ یاسای سیاسەتی وزەی لە ساڵی 2005 و پاشان یاسای سەربەخۆیی وزە و ئاسایشی لە ساڵی 2007 پێشنیاز کرد. هەردوو یاساکە هاندەربوون بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی سوتەمەنی تر و تێبینیەکانی ژینگەییشیان لەبەرچاو بوو؛ بەڵام ساڵی 2008 دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی فیدراڵ بە بیانووی هاوکاری دارایی بۆ کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئۆتۆمۆبێل، داوایان لێبکات ئەو ئۆتۆمبێلانە دروست بکەن کە خەرجییان زۆر کەمتر و باشترن و حکومەتی ئۆباما لە ساڵانی داهاتوودا لە رێگەی ئاژانسی پاراستنی ژینگەی ئەمەریکا چاودێری وردی بەسەر ئەوکارەوە هەبێت. ئەنجامی سیاسەتەکانی ناوبراو ئەوەبوو کە پەیڕەوی قەیرانی 2007 و دابەزینی دوای ئەو، ئەمەریکا شۆکی نەوتی ساڵی 2005 ی ئەزمون نەکرد و لەگەڵ دەرهێنانی بازرگانی گاز و نەوتی شیل بە کردەوە دەرفەتێك بێنێتەئارا

کە بە پێی بەراوردەکانی زۆرینەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە کارەکان لە بواری وزە لە دنیادا، لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو، گەورەترین هاوردەکارانی نەوت لە جیهان بۆ یەکێ لە گەورەترین هەناردەکارانی نەوت دەگۆڕێن.

بەڵگەی جدی ئەو بانگەشەیە ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەیە، لە 14ی مەی 2013. ئەو ئاژانسە بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێك لە بارەی چاوخشاندنەوەی پێنج ساڵەی بەرهەمهێنانی نەوت و داواکاری نەوت لە جیهان، ڕایگەیاند بە شۆڕشێك کە دەرهێنانی نەوتی لە ناو چینە بەردە پتەوەکان دا دۆزیوەتەوە، ئەمەریکای باکور دەبێتە پێشەنگی گۆڕانێك کە شەپۆلەکانی سەرتاسەری جیهان دادەگرێت. بە پێی ئاماری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، ڕادەی داواکاری بۆ نەوتی خاو لە جیهان، ساڵی 2018 و گەشەی ڕۆژانەی لە %8ی، دەگاتە حەوت ملیۆن بەرمیل. سعودییە ئێستا گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی خاوە لە جیهان دا، بەڵام پێشبینی دەکرێت لەگەڵ هەمەگیرتر بوونی کەڵك وەرگرتن لەو تەکنەلۆژیایە، توانای بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمەریکا لە توانای بەرهەم هێنانی نەوتی سعودییەش زیاتر بێت. دەوترا ئەمەریکا لە ساڵی 2015، دەبێتە گەورەترین بەرهەمهێنەری نائۆپێکی نەوت لە جیهاندا و پێش ڕوسیا دەکەوێت.

ئەو نوسینەی بەردەمت دوای کورتە شرۆڤەیەك لە بارەی چییەتی گاز و نەوتی شیل و خستنەڕووی چاوپێداخشاندنەوەی بارودۆخی ئەو سەرچاوەیە لە سەبەتەی وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکان داو دەربڕینی کێشمەکێشەکان لە بەرامبەر ئەمەریکا بۆ دەرهێنانی نەوت و گازی شیل، لە ئاکامە ئابوری و جیۆپۆلەتیکییەکانی بۆ دنیا دەکۆڵێتەوە و بۆ پیشاندانی کاریگەری شیمانەییەکەی لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران، کاریگەریەکانی بەسەر ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئۆپێك وێنا دەکات، لە کۆتایی دا لە ئاکامەکانی بۆ ئێران دەکۆڵێتەوە.

## گازی شیل

گازی شیل بە گازی سروشتی دەوترێت، کە لە پێکهاتەی زەویناسی شیل، کڵاوی لەسەرنراوە. شیلەکان، بەردەکان و چینە بەردە نیشتووەکان وردیلەن کە لە بەیەکەوە گوشران بەهۆی تینی گڵ و بەرد و دەنکۆڵەی کانزایی پێکهاتوون و دەتوانن سەرچاوەی دەوڵەمەند لە نەوت و گازی سروشتی، بن. لە دەیەی رابردوو، پێکهاتەی دوو تەکنەلۆژیای هەڵکۆڵینی ستونی و کەلێنی هایدرۆلیکی دەست گەیشتن بە بڕێکی زۆر لە گازی سروشتی، کە پێشتر بەرهەمهێنانی بۆ ئابوری نەبووە، تەخت بوو. گازی شیل بە شێوەیەکی بەرچاو، کەوتۆتە شیل پلەییەکان (Shale plays). لە راستیدا شیل پلەییەکان پێکهاتەکانی شیلیین و تایبەتمەندی جوگرافیی و جیۆلۆجی یەکسانیان هەیە و بریتیین لە کۆمەڵێکی زۆر لە گازی شیل. لە گرنگترینی ئەو شیل پلەییانە دەتوانرێت بە بارنێتی شیل لە تەکساس، مارسیلۆس شیل لە پەنسیلڤانیا، هاینس ویل لە لوئیزینا، ئاماژە بکرێت. لەگەڵ ئەوەی کە دۆزینەوەی سەرچاوەی شیل بۆ ساڵەکانی زۆر دوور دەگەڕێتەوە؛ کاتێك کە یەکەم یەکەی بەرهەم هێنانی گازی شیل لە ساڵی 1821 لە نیۆیۆرك خرایە گەڕ، بەڵام سوود وەرگرتنی بەرچاوو و ئابوری لەو سەرچاوە گەورەیە، لە دەیەی ئەم دواییە روویدا، بە شێوەیەك کە لە ساڵی 2003 لە بارنێت شیل سنوری دوو ملیار یەکەی چوارگۆشە لە رۆژێکدا گازی شیل دەرهێنرا، ئەو ژمارەیە دوای ساڵی 2005 بە پێنج ملیار یەکەی چوارگۆشە لە رۆژێکدا گەیشت.

تەکنەلۆژیای دەرهێنانی گازی شیل بەوشێوەیە کە سەرەتا چاڵێکی ستونی بۆ گەیشتن بە پێکهاتەی شیل دەکرێتە ئامانج. قووڵی گەیشتن بەو پێکهاتەیە لە ئاستی زەوی لە سنوری شەش هەزار تا چواردە هەزار یەکەیە. لە قوڵایی خوازراودا، سەری دڕێلەکە بۆ کونکردنی کۆگاکە بە درێژایی ئاسۆیی دەخولێتەوە و بەردەوام لە تەکنەلۆژیای هەڵکۆڵینی ئاسۆیی سوود وەردەگیردرێت. درێژی هەڵکۆڵینی ئاسۆیی لە سنوری

پێنج هەزار یەکە و یان زیاترە. لە سەر چاڵی ئاسۆیی چەند کونێك بە دووری دیاریکراو لێدراوە و سەرئەنجام لەگەڵ سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای کەلێنی هایدرۆلیکی، قۆناغی کۆتایی پرۆسەی دەرهێنانی گازی شیل تەواو دەبێت. لەو تەکنیکەدا، تێکەڵایەك لە ئاو (94%/5)، لم (5%)، و ماددەی کیمیاوی جۆراوجۆر (کەمتر لە 0%/5) یان گوشاری زۆر بەرز (سنوری پێنج هەزار psi) بۆ ناو چاڵی پەمپەکە دەبێت تا لەگەڵ دروستبوونی کەلێنەکە لە پێکهاتەی شیل، هایدرۆکاربۆنەکانی ناوی ئازاد بووە و گازی سروشتی بتوانێت لە شیل بۆناو چاڵەکە و بۆ ئاستی زەوی و دامەزراوەی کۆکردنەوەی گاز بڕوات. بەشێك لەو ئاوەی سودی لێوەرگیراوە، پاككراوەتەوە و جارێکی دیکە سودی لێوەردەگیردرێتەوە. خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە تاڕادەیەك لە 25% لە گازی شیلی هەبووی ناو کۆگاکە، ساڵی یەکەم دەهێنرێتە دەرەوە و لە 50%ی تێکڕای بەدرێژایی چوار ساڵ و دوای ئەوە چوونە دەرەوەی چاڵەکان بە توندی زیانی بەردەکەوێت تا سەرئەنجام سی بۆ پەنجا ساڵ دەرهێنان دەتوانێت بەردەوام بێت. جێگەی بیرهێنانەوەیە کە زۆربەی مەیدانەکانی گازی شیل، بە بواری نەوتیش ئەژمار دەکرێن.

## بارودۆخی نەوت و گازی شیل لە گۆڕەپانی ستراتیژی ئەمەریکادا

وابەستەیی ئەمەریکا بە نەوتی هاوردە لە ساڵەکانی ئەم دواییە بە خێرایی کەم بۆتەوە، کە ئەنجامی زۆربوونی خێرای بەرهەمهێنانی ناوخۆ لە لایەك و دابەزینی خەرجی ناوخۆ لە لاکەی دیکەیە. لە ساڵی 2008 بۆ ئێرە، دەیەیەکی دابەزینی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی نەوت لە ئەمەریکا پێچەوانە بۆتەوە، هەروەك ساڵی 2012، رادەی بەرهەم هێنان 30% لە ساڵی 2004 زیاتر بووە. ئەوە لە کاتێکدایە داواکاری ناوخۆ لە ساڵی 2005 بۆ ئێرە تا 17% کەم بۆتەوە، کە تا سنورێك ئەنجامی قەیرانی دارایی

جیهانی، پەنگخواردنەوەی ئەمەریکا، هەڵبەتە سیاسەتەکانی حکومەت لە بواری دروستکردنی ئۆتۆمبێلی کەم خەرج. لە ئەنجامدا دەبینین کە ناوەندی هاوردەی نەوتی ئەمەریکا لە ساڵی 2012 گەیشتووە بە 8,7% ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، کە لە 42% خەرجی ناوخۆی پێکدەهێنێت. ساڵی 2005 ئەو رادەیە لە 60% بوو. بە گوێرەی بەراوردەکانی وەزارەتی وزەی ئەمەریکا، بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو وڵاتە لە ساڵەکانی داهاتوو تا سنورێك زیاد دەکات، کە ئەمەریکا بەرەو سەربەخۆیی وزە بەرەوپێش دەبات.

لە بواری گاز، گۆڕان لە بواری بەرهەمهێنانی ئەمەریکا لە ساڵی 2006 و دوو ساڵ زووتر لە نەوت دەستی پێکرد. بەو شێوەیەی کە رادەی بەرهەمهێنان لە هەژدە ترلیۆن یەکەی چوارگۆشە لە ساڵی 2005 ، بە 24 ترلیۆن یەکەی چوارگۆشە لە ساڵی 2012 گەیشت. بە پێچەوانەی نەوت، سود وەرگرتنی ناوخۆ لە گاز لە ئەمەریکا زیادی کردووە و تاڕادەیەك بە 14% لە قۆناغی هاوشێوە دەگات. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرهەمهێنانی زیاتری ناوخۆیی بۆ ئەمەریکا رێگەی داوە هاوردەی گازی خۆی تاڕادەیەك تا 2,3 کەم بکاتەوە، واتە تا ئاستی 6,1 تریلۆن یەکەی چوارگۆشە (بە زۆری لە کەنەدا) بگەیەنێت، کە 6% خەرجی تێکڕای ئەو وڵاتە پێکدەهێنێت. ئەمەریکا لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هایدرۆلیك لە ساڵی 2005، لە بواری گەورەی گاز باکین لە داکوتای باکور و ئەیگڵ فۆرد لە تەکساس و مارسلۆس لە پەنسلڤانیا و شوێنەکانی دیکە، بە کردەوە توانیویەتی دەستی بە ئەو توانایەی بەرهەمهێنان بگات. لەگەڵ ئەوەشدا، مەزەندەکان لە رادەی دەرهێنانی نەوت و گازی شیل لە ئەمەریکا زۆر جیاوازە و لە ساڵەکانی ئەم دواییە چەندین جار رۆژانە بووە.

بە گوێرەی راپۆرتی چاوخشاندنەوەی تاو ناتاوی نەوت و گاز ساڵی 2011 ی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، لە تاو ناتاوی نەوتی شیل هۆکاری دەگمەنی زیادبوونی توانای بەرهەمهێنانی ئەمەریکا دەبێت و لەگەڵ

زیاد بوونی بەرهەمهێنانی ملیۆنێك بەرمیل لە رۆژێكدا، سەرەڕای قەرەبووكردنەوەی درەنگی پەرەپێدانی بواری كەنداوی مەكسیك، لەگەڵ كۆی زیادبوونی لە 5,0% ملیۆن بەرمیل لە رۆژێكدا، توانای بەرهەمهێنانی ئەمەریكا، تا ساڵی 2016 بە 3,8 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێكدا دەگەیەنێت. جێگەی بیرهێنانەوەیە، تێكڕای بەرهەمهێنانی نەوتی شیل لە ساڵی 2010 بەشێوەیەكی مام ناوەند، بەرامبەر 370 هەزار بەرمیل لە رۆژێكدا بووە و بە پێی چاوپێداخشاندنەوە، پێنج بواری سەرەكی نەوتی ئەمەریكا و لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی خێرایی گەشە لە رابردوو، كارنامەی كۆمپانیاكان و پەرەپێدانی ژێرخانەكان دەبینرێت، كە بەرهەمهێنانی تێكڕای نەوتی شیل لە ئەمەریكا تا ساڵی 2016، بە 36,1 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێكدا دەگات. خشتەی 1 ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستا و پێشبینی بەرهەمهێنانی نەوتی شیل، لە پێنج بواری سەرەكی ئەمەریكا پیشان دەدات.

**خشەی ژمارە 1. بەرهەمهێنانی نەوتی شیل لە ئەمەریكا (هەزار بەرمیل لە رۆژێكدا)**

| | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باكن (Bakken) | 268 | 363 | 472 | 566 | 651 | 716 | 752 |
| بارنێت (Barnett) | 15 | 23 | 29 | 35 | 42 | 46 | 51 |
| ئەیگڵ فۆرد (Eagle Ford) | 21 | 40 | 65 | 98 | 138 | 193 | 260 |
| مۆنتێری (Monterey) | 7 | 8 | 10 | 20 | 30 | 40 | 50 |
| نیوبرارا (Niobrara) | 61 | 85 | 114 | 143 | 179 | 215 | 247 |
| كۆ | 372 | 519 | 690 | 862 | 1040 | 1210 | 1360 |

## كێشمەكێشەكان لە هەمبەر دەرهێنانی نەوت و گازی شیل لە ئەمەریكا

گرنگترین كێشمەكێشەكان لەسەر ئەوكارە دەتوانرێت لە تەوەرەكانی خوارەوە دا كورت بكرێتەوە:

1. لە پیشەسازی نەوت و گازی شیل، مەسەلەی دابینكردنی ئاوێكی زۆر، گرنگە؛ چونكە بۆ هەر چاڵێك لە هەر قۆناغێكدا كەلێنی زیاتر لە دە هەزار بەرمیل (ملیۆنێك و 554 هەزار لیتر) ئاوی پێویستە. هەر چاڵێكی شیل زیاتر لە 25 قۆناغی كەلێنی پێویستە، بەو مانایە

کە زیاتر لە 37 ملیۆن لیتر ئاو لەوانەیە بە درێژایی پرۆسەیەك بکرێتە چاڵی پەمپەکەوە. هەربەو هۆیە رادەی بەرزی ئاوی سود لێوەرگیراو و هەروەها ئاڵۆزییەکانی خۆیی لە رەفتاری هەندێك مادەی کیمیایی سود لێوەرگیراو، پاککردنەوەی ئاو لەو پیشەیە، بە کێشەیەکی گەورە و گرنگ ئەژمار دەکرێت.

2. کۆسپێکی بە کردەوە و بە زەبر لە رێگەی گەشەی بەرهەمهێنان لەو سەرچاوانە بۆ تێچوونەکانی دەرهێنانیان دەگەڕێتەوە. رەوشی دەرهێنانی نەوت و گازی شیل پلە بە پلە تێچوونی زیاترە لە دەرهێنانی نەوتی ئاسایی. بەشێوەیەکی مامناوەندی، تێچوونی هەڵکەندنی لە هەر ناوچەیەکی نەوت و گازی شیل دا، حەوت تا دە ملیۆن دۆلار تێچوون لە خۆدەگرێت. ئەگەر نرخی نەوت بۆ هەر بەرمیلێك کەمتر لە حەفتا دۆلار بێت، دەرهێنانی قازانجی نابێت. هەربەو هۆیەوە کە پێویستە نرخەکان لە ئاستی دیاریکراو و سەقامگیر دابێت. تا بازاڕی گەشەپێدانی ئابوری بدۆزێتەوە.

3. کۆسپی دیکە، کێشەی نەبوونی دامـــەزراوەی ژێرخان، بۆ گواستنەوە و هەناردەکردنی شلەی بەرهەمهێنان لەو ناوچانەی کە پێشینەی مێژوویی بەرهەمهێنانیان، لە پێوەری گەورەدا نییە و بۆیە روبەڕووی ئەو گرفتە دەبنەوە.

4. گەشەی خێرا یان لەناکاوی تێچونەکان، بە تایبەت لە ئامادەکاری و گەیاندنی خزمەتگوزاری گەیاندن بە چالاکییەکانی کەلێنی هایدرۆلیکی و کەمبونەوەی هێزی مرۆیی پسپۆڕ، لە کێشمەکێشە زۆر گریمانەییەکانی ترە.

5. سەرباری ئەوە، یەکێك لە نیگەرانییەکانی بەرهەمهێنەرانی گازی شیل لە ئەمەریکا، تێربوونی بازاڕە لە (ئێڵ ئێن جی)؛ چونکە خەرجکردنی ئەو تێکەڵەیە زۆرجار سنوردارە. بۆیە گریمانە دەکرێت کە بڕی زیادەی نەفرۆشرێت و بەرهەمهێنانی گازی شیل رووخسارە ئابورییەکانی خۆی لە دەستبدات.

6. سەرئەنجام، پێویستە ئاماژە بە گرفت و نیگەرانییەکانی ژینگە بکرێت کە دژایەتییەکی زۆری لە بەشە جیا جیاکانی زانستی و ئەکادیمی، لێکۆڵینەوەیی، سیاسی، دامەزراوەکانی حکومەت و ناحکومی لایەنگری ژینگەی، وروو‌ژاندووە.

## ئاکامە جیهانییەکانی نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا

هەرچەند لە باسی لێکۆڵینەوە لە ئاکامەکانی جیۆئابوری و جیۆپۆلیتیکی نەوت و گازی شیل، ئەوە نەوتی شیلە کە کاریگەری جیهانی هەیە نەك ناوچەیی، بەڵام لە باسوخواسەکانی ئێستا هەر دوو ئەوانە یەکسان لەبەرچاو گیراوون و بە شێوەیەك لە ئاکامەکانیان کۆڵراوەتەوە. سەرباری ئەوە، دەبێت سەرنجمان لەسەر ئەوەبێت کە ئاکامەکانی ناوبراو تەنیا تایبەت کراوە بە نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا ، چونکە تەنیا لە ئەمەریکایە کە بەرهەمهێنانی نەوت و گازی شیل بە شێوازی بازرگانی ئەنجام دراوە و شوێنەکانی دیکەی دنیا وەك: چین، ئەرجەنتین، ئەفریقیای باشور و چەند بەشێك لە ئەوروپا وەك پۆڵەندا، نەرویج، فەرەنسا، هەرچەند سەرچاوەی گازی شیلییان هەیە، بەڵام بەپێی تێبینیەکانی ژینگە ، کەمی زانستی هونەری و ژێرخان، نەبونی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری پەیوەست، یاساکان و رواڵەتەکانی ئیداری سنوردارکەر، کەمی سەرچاوەکانی ئاو، هتد نەیانتوانیووە بە شێوەی بازرگانی لە سەرچاوەکانی خۆیان کەڵك وەربگرن.

- بە گشتی، لە ئاستی جیهانی، گرنگترین کاریگەری نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا، بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

1. گومانی تێدا نییە کە نەوت و گازی شیل، رۆڵی جوگرافیی دوو ئەوەندە دەکات و وڵاتانی خاوەن و نا خاوەنی ئەو سەرچاوانە، کاریگەرییان بەسەر فۆرمۆڵەبوونی پەیوەندی دەسەڵاتی نوێ و پانتایی نێودەوڵەتییەوە دەبێت. هەروەك هەناردەی گازی شیل، بە شێوەی

(ئێڵ ئێن جی) دەبێت. بەمەش، شایانی پێشبینییە کە وڵاتانی خاوەن ئەو سەرچاوانە، کەناری بوون و دەستییان بە ئاوی ئازاد گەیشتووە، لە پەیوەندی دەسەڵات دا، دەستییان زیاتر بێت.

2. ئەگەر پێشبینییەکانی ئێستا لە بارەی ئاستی بەرهەمهێنانی گاز و نەوتی شیل لە ئەمەریکا، لە دوو دەیەی رووبەڕوودا باشتر بێت و هەلومەرجی نرخی دەرهێنانی نەوت و گازی شیل هەروەك بەردەوام بێت، دەبێت چـاوەڕوان بین کە پێگەی ئەمەریکا لە جیهان بەهۆی خۆبژێوی وزە و رزگار بوون لە چوارچێوەکانی سەرچاوەگرتوو لە دابینکردنی وزە بەرزبێتەوە. پێگەی ئەمەریکا لە دۆخێکی لەو چەشنەدا، ئاکامی قورسی لە پەیوەندییە سیاسی، ئابوری، جیۆپۆلیتیکی نێودەوڵەتی، بە تایبەت لە رکابەری دەسەڵاتە تازە سەرهەڵدراوەکانی وەك چینی بە دوادا، دەبێت.

3. بە پێی پێشبینییەکان، ساڵی 2025، ئەمەریکای باکور بۆ هەناردەکەری وزە دەگۆڕێت و ئەمەریکا جێگەی روسیا وەك باشترین هەناردەکاری گاز و سعودییە وەك باشترین هەناردەکاری نەوت دەگرێتەوە. ئەو کارە بە مانای خستنە مەترسییەوەی جارێکی دیکەی دابەشکردنەوەی جیهانی دەسەڵاتی نێوان هەناردەکاران و هاوردەکارانی وزە لە دوو دەیەی لە داهاتوودا، دەبێت.

4. ساڵی 2030، لە 60% بازرگانی نەوتی دنیا لە ناوچەی ئاسیا، نێوان ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا دەبێت. لە ئەنجامدا، جێگۆڕکێی ئەنجومەنی سەرمایەگوزاری نەوت و بەرهەمهێنانی نەوت دەبینین. لەو چوارچێوەیەدا، وڵاتانێك کە بە پێی بەڵگەکانی ئابوری و لۆجستیکی دەتوانن نەوت و گاز بۆ خۆرئاوا و خۆرهەڵات هەناردە بکەن، کەڵك لە باشییەکانی رکابەری وەردەگـرن و جێگیرییان، سیاسەتەکانیان و نرخی سەرمایەگوزاری لە بەرهەمهێنانی نەوتییان، لە روانگەی جیهانی

و بەرژەوەندی جیهانی گرنگیەتی دەبێت. ئەو کارە لە چەمکی گۆڕانی هاوسەنگی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری جیهانی دەبێت.

- لە ناوچەی کاریگەری نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا لەسەر ئەوروپا، ئەمانەی خوارەوە شایانی پێشبینین:

1. کەمبونەوەی توانای رکابەری بەرهەمە ئەوروپییەکان لە بەرامبەر ئەمەریکا، بەهۆی وزەی هەرزانتری بەردەستی کارگە پیشەسازییەکانی ئەمەریکا.

2. هەناردەی (ئێڵ ئێن جی) ئەمەریکا بۆ ئەوروپا، نرخی گازی هەناردەی وڵاتانی دیکە، لەوانە روسیا دادەبەزێنێت و توانای چەنەلێدانی ئەوروپا زیاتر دەکات. سەرباری، ئەو کارە واتا ململانێی پاوانکاری گازی روسیا لە ئەوروپا و کەڵك وەرنەگرتن لە ئامرازی وزە وەك ئامرازی گوشاری سیاسی بەسەر خۆرهەڵات و ناوەندی ئەوروپادا دەبێت. هەڵبەتە ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەمەریکا دامەزراوەکانی هەناردەی (ئێڵ ئێن جی) لە خۆرهەڵاتی خاکی خۆی وەك نمونە لە کەنداوی مەکسیك پەرەپێبدات. لە کاتی هاتنەدی ئەو ئاڵوگۆڕە جیۆپۆلیتیکە، ئەوروپا تاسنورێك دەگۆڕێت و گاز لە جیاتی ئامرازی سیاسی بۆ ئامرازی ئابوری بۆ روسیا دەگۆڕێت. لەو دۆخەدا، لە روانگەی شارەزایانی خۆرئاواوە، وڵاتانی خۆرهەڵات و ناوەندی ئەوروپا دەرفەتی زیاترییان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی راستەقینە دەدۆزنـەوە. سەرەڕای ئەوانە، پۆڵەندا بۆخۆی سەرچاوەی زۆروزەوەنـدی نەوت و گازی شیلی هەیە و دەتوانێت هاوسەنگی دەسەڵات لە ناوەندی ئەوروپا لە دەستی ئەڵمانیا و روسیا دەربێنێت.

3. دابەزینی نرخی خەڵوزی بەردینی هەناردەی ئەمەریکا بۆ ئەورووپا، کارێکە کە دوای بەرهەمهێنانی نەوت و گازی شیل روویداوە. ئێستاش بەهۆی دابەزینی نرخی خەڵوزی بەردینی ئەمەریکا و هەناردەکردنی بۆ ئەوروپا، هێڵی بۆڕی گازی زنجیرەی باکور، بێکەڵك ماوەتەوە.

4. کەنەدا لە بەر سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی نەوت و گازی شیل بە تایبەت لە ئەلبرتا، کاریگەری جیۆپۆلیتیکی زیاتر دەبێت و لەگەڵ گەشەی دامەزراوەکان لە ناوچەی ئۆقیانوسی ئارام بە کردەوە بازاڕی وزەی خۆرهەڵاتی ئاسیا دەخاتە ژێرکاریگەرییەوە.

5. هەروەها چین لەگەڵ تێپەڕینی کات و دەستەبەری تەکنەلۆژیای پەیوەندیدار، دەتوانێت لەگەڵ کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەکانی نەوت و گازی شیلی خۆی، تا سنورێك لە وابەستەیی بە هاوردەی وزە و هەروەها خەرجی خەڵوزی بەردین کەم بکاتەوە.

6. گرنگی نەوتی وڵاتانی وەك: چاد، سودان، سودانی باشور، لەبەر ناجێگیری و داخرانییان لە روانگەی جوگرافییەوە، کەم بۆتەوە. لەوانەیە چین چیتر ئامادە نەبێت مل بسوێ لەچەقۆی سیاسی لەو وڵاتانە بۆ دەرهێنانی نەوت.

7. بە سەرنجدان بە کەمبونەوەی هاوردەی نەوتی ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، نەوتی ناوچەکە بەرەو ئاسیا سەرەوژێر دەبێت و فۆڕمی رێگەی ئاوریشمی نوێ دەگرێتەبەر. پێشبینی دەکرێت ساڵی 2015، چین زیاتر لە 50% نەوتی پێویستی خۆی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دابین بکات و بەرژەوەندی ئەو لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست زیاتر بێت.

8. پێگەی نوێی ئەمەریکا لە بـازاڕی وزەدا، بارودۆخی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت و هاوسەنگی تازە لە بەرامبەر دەسەڵاتی رۆژانەی چین لە ناوچەکە دروست دەکات.

9. دابەزینی گرنگی ئاسایشی رێگەی ئـاوی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، دابینکردنی وزەی پێویستی چین بۆ مەسەلەیەکی ترسناك دەگۆڕێت کە سەرئەنجام ئیمتیازێکی بۆ ئەمەریکا لە رکابەری لەگەڵ ئەو هێزە زەبەلاحە تازە سەرهەڵدراوانە دا، دەبێت.

## ئاکامەکانی نەوت و گازی شیل بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

گێڕانەوەی باوی ئەو رۆژانە لە بارەی ئاکامەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا بۆ خۆرهەلاتی ناوەڕاست، بە شێوەیەکی گشتی و کەنداوی فارسی، بە شێوەیەکی تایبەتی ئەوەیە، کە دوای ئەوەی ئەمەریکا پێویستی بە نەوتی ناوچەکە نابێت، ئامادەیی سیاسی و سەربازی بەرچاوی ئەو وڵاتە لە خۆرهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست زۆر کەم دەبێتەوە، لە بارودۆخی ناوابەستەیی ئەمەریکا بە هاوردەی نەوت، گەرووی هورمز گرنگیەتی خۆی لانیکەم بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دەست دەدات، سەرئەنجام مامەڵەی سنورداری ئەمەریکا لەگەڵ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کاڵبونەوەی بەڵێنە زۆرەکانی بە ناوچەکە، دەبینین.

بەڵام دژە گێڕانەوەی بە هێز کە لەوبارەیەوە هەیە، لەسەر بنەمای ئەو راستییەیە کە نەوتی کەنداوی فارس پێش بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی شیل لە سنوری 10% ی تێکڕای پێداویستی ئەمەریکای دابین دەکرد و جێگەیەکی گرنگی ئەوتۆی لە هاوردەی وزەی ئەو وڵاتە نەبووە. بە گشتی «گرنگی نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئابوری و سیاسەتی جیهانی» بووە، کە بۆ پێناسەکردنی بەرژەوەندی ستراتیژی کەنداوی فارس، هاوکاری ئەمەریکای کردووە تا نەوت بۆخۆی. بۆیە هەمان رەهەند گرنگی خۆی دەپارێزێت و لەساڵانی داهاتوو هاوکاری پاراستنی گرنگی ستراتیژیەتی کەنداوی فارس دەکات. بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر پێشبینییەکانی ئێستا لە بارەی ئاستی بەرهەمهێنانی گاز و نەوتی شیل لە ئەمەریکا پێش دوو دەیەی دروست بێت و هەلومەرجەکانی نرخی دەرهێنانی نەوت و گازی شیل هەروا بـەردەوام بمێنێتەوە، ئەمانەی خوارەوە شایانی پێشبینین:

1. هەرچەند سەرچاوەکانی نەوت و گازی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سەرچاوە گرنگەکانی دابینکردنی وزەی دنیا لە چەند دەیەی داهاتوو

دەبن، بەڵام نەوت و گازی شیل لەگەڵ ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی خستنە روو و داواکاری نەوت و گاز، لە لەسەرتری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەو پەیوەندییانە، کەم دەکاتەوە.

2. دابەزینی گرنگیەتی رێبازی کارتەر: لە کاردانەوە بە داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن روسیا لە ساڵی 1979، کارتەر بۆ بەرگرتن لە پێشڕەوییەکانی هەرچی زیاتری روسیا بەرەو کەنداوی فارسی هۆشدارییەکی جدی دەرکرد (هەر هەوڵێك بۆ بە دەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی ناوچەی کەنداوی فارس، وەك پەلاماردانی بەرژەوەندی ژیاری ئەمەریکا لەبەرچاو دەگیردرێت و بە تەواوی فاکتەرە پێویستەکان لە وانە تواناى سەربازی، کاردانەوە نیشاندەدەیت). خاڵی وەرچەرخانی ئەو رێبازە کە تا ئەمڕۆ گرنگی خۆی پاراستووە، دیسانەوە هێشتنەوەی رێگەی گواستنەوەی وزەیە لە ناوچەکە. لە راستیدا، بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا زیاتر لە کاریگەری ناجێگیری ناوچەکە و دروستبونی شۆکی نرخ و تێکچڕژانی دابینکردنی وزە و کاریگەری بە سەر پەرەپێدانی ئابوری جیهان، تا خودی نەوت. لەو رووەوە، چاوەڕواندەکرێت ئەمەریکا لەگەڵ ئامادەیی سەربازی لە ناوچەکە، دەبێتە داینەمۆی دابینکردنی سوتەمەنی؛ چونکە ئێستا ئەو روانگەیە زاڵە کە بۆشایی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەلایەن ئەوانیدیکەوە، شایانی قەرەبووکردنەوە نییە. هێشتا چین لە تواناى سەربازی پێویست بۆ زامنکردنی ئاسایشی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان کەڵك وەرناگرێت. لەسەر ئەو بنچینەیە، پاراستن و پارێزگاری لە هێڵی دەریایی و شوێنی ستراتیژی وەك گەرووی هورمز، کەناڵی سوێس، گەرووی بابئەلمەندەب پاڵنەری بە هێزی ئەمەریکا دەبن بۆ ئامادەبوون لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست؛ چونکە بە گوێرەی خەمڵاندنی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، ساڵی 2035 سنوری لە 50%ی بازرگانی نەوتی پێشبینیکراوی جیهان بە گەرووی هورمز دا تێپەڕدەبێت و سەقامگیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی هێڵی دەریایی، گرنگیەکەی لە دەست نادات.

3. مەسەلەکانی وەك: دۆسیەی ناوەکی ئێران، ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، فایلی سوریا، سەقامگیریی لە عێراق و ئەفغانستان، ئاماژەن بۆ ئەوەی لە پێشینەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکان، بۆ گرنگیدان بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

## هەڵوێستی ئۆپێك لە بەرامبەر نەوت و گازی شیل

بە گوێرەی خەمڵاندنەکان، نەوتی شیل تا شۆڕشێك لە بازرگانی جیهانی نەوت دەڕوات و ئۆپێك وەك ڕێکخراوێکی گرنگ و کاریگەر لەو بازرگانییەدا، دەرەتانێکی نییە بۆ ئەوەی دەستی بە ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوە یان بەڕێوەبردنی زیـادەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمەریکا بگات. بۆیە، ساڵی 1392 لە دانیشتنی مانگی حوزەیرانی ئەو ڕێکخراوە، دەسەڵاتدارانی ئۆپێك ڕایانگەیاند کە ئەو ڕێکخراوە هەوڵدەدات ڕاپۆرتێك لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی نەوتی شیلی ئەمەریکا لەسەر ئاستی داواکاری نەوتی خاویی، خۆی ئامادە بکات. ئـەوەی تا ئەمڕۆ ڕوویــداوە ئەوەیە کە پەرەپێدانی سەرچاوەکانی نەوتی شیلی ئەمەریکا بە قوڵایی کەلێنەکانی نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێك دا شۆڕبۆتەوە. لە کاتێکدا کە ئێران، ڤەنزوێلا، جەزائیر، لەوباوەڕەدان پەرەپێدانی نەوتی ئەمەریکای باکور بووە هۆی بەرهەمهێنانی زیادەی جیهانی بە ڕادەی 1,5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و نرخەکانی کەمکردۆتەوە و پێویستە ئەندامان لەگەڵ دابەزینی قەبارەی بەرهەمهێنان، نرخی نەوت بەرزبکەنەوە و بتوانن ڕووبەڕووبووی زیاتر دابەزینی نرخەکان ببنەوە، نوێنەرانی وڵاتانی کەنداوی فارس بە ڕابەری سعودییە، ئەو زیادکردنەیان زیاتر لە 500,000 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا نازانن و بە هۆی توانای داراییەوە، توانای وەستانیان لە بەرامبەر نرخی نزمدا هەیە. ئەو بارودۆخە شەڕی دەسەڵاتی قووڵتر کردۆتەوە کە لە ساڵەکانی ئەم دواییە لەو ڕێکخراوەدا هەبووە و بە کردەوە کاریگەری

نا هاوسەنگی زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوتی لە ئەمەریکای باکور هەنگاوی بە کۆمەڵی، وەك دابەزینی هەماهەنگی بەرهەمهێنان لە رووی پاڵپشتی لە نرخەکان ئاڵۆزتر کردووە.

سەرباری ئەوە، وڵاتانی ئەفریقیای ئەندامی ئۆپێك وەك: جەزائیر، نایجیریا کە بەرهەمهێنەری نەوتی خاوی سوك و سۆلفۆری نزمن، واتە ئەو نەوتەی کە رکابەری نەوتی شیل دەکات، ترسناکترین کاریگەری سەرچاوەگرتوو لە بەرهەمهێنانی ئەو نەوتە لە ئەمەریکا دەبینن، لە کاتێکدا کە بارودۆخەکە بۆ ئێران و سعودییە لەگەڵ نەوتی خاوی قورستر و رادەی بەرزتری سۆلفۆر، پێچەوانەیە. بە پێی ئاماری وەزارەتی وزەی ئەمەریکا، دوای زیادبوونی بەرهەمهێنانی ئەو وڵاتە، هەناردەی نەوتی سێ وڵاتی ئەفریقیایی ئۆپێك، واتا نەیجیریا، جەزائیر و ئەنگۆلا بۆ ئەمەریکا، لە دەیەیەکانی ئەم دواییە، گەیشتۆتە نزمتریین ئاستی خۆی. ئەو ژمارەیە لە ساڵی 2012 سەبارەت بە ساڵی 2011، 41% دابەزیووە و زۆربەی ئەو دابەزینە بە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوتی شیلە.

## ئاکامەکانی نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا لەسەر ئێران و هەڵوێستی ئێران

لە پازدەیەمین دانیشتنی وەزارەتـەکـانـی کۆمەڵەی وڵاتانی هەناردەی گاز (25 ی تشرینی یەکەمی 2003)، سکرتێری گشتی ئێستای روسیای ئەو رێکخراوە، بە راشکاوی شۆڕشی گازی شیلی بە هەڕەشەیەك بۆ وڵاتانی باوی بەرهەمهێنەری، گاز زانی. دوای وتارەکەی (لۆنید بوخانۆفسکی)، وەزیری نەوتی ئێران لە وتارەکەیدا، هەوڵیدا وەڵامێکی ئەو پرسیارە بداتەوە: کە بۆچی نرخەکانی نەوت لە دەیەی ئەم دواییە بە زۆری لە سەرەوە ماونەتەوە؛ بۆچی بەکاربەرانی گەورەی دنیا هەنگاوی جدییان بۆ هێنانەخواری نرخی نەوت نەناوە؟

بە وتەی بیژان زەنگەنە، وەزیری ئەوکاتی نەوتی ئێران، (لە ئێستاوە تا چەند ساڵی داهاتوو پێویستمان بەئەوە نییە ئۆپێك کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە پاراستنی نرخە بەرزەکان بۆ نەوت ببینێت؛ چونکە بە سەرنجدان بە سەرمایەگوزارییەکانی کە ئەمەریکا بۆ گەشەپێدانی سەرچاوەکانی نەوت و گازی شیل ئەنجامیداوە، بۆخۆی بە شێوەیەکی سروشتی ئەو ڕۆڵە دەبینێت و ڕێگەنادات نرخەکان بێتەخوارەوە؛ سەرمایەگوزاری لەسەر پڕۆژەکانیان دووچاری مەترسی دەبێت). بە دەستەواژەیەکی دیکە، گەورەترین بەکاربەری وزەی جیهان، ساڵانێکە کە لەگەڵ لە سەرەوە هێشتنەوەی نرخەکانی نەوت، بەرهەمهێنانی نەوت و گازی شیل دەستیپێکرد و بە ئابوری کرد و بۆ بەردەوامی ئەو کارە، نرخەکانی نەوت بە شێوەیەکی بەردەوام لە نێوان 100 تا 120 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، بمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە باوەڕی شارەزایان، کارایی ئێران لە ئۆپێك پێچەوانەی وتەی وەزیری نەوتە و ئێران بەردەوام هەوڵیداوە نرخی نەوت هەرگیز نەگاتە کەمتر لە 100 دۆلار. لە ڕاستیدا، هەرچەند ئێران بە هۆی هەنارده نەکردنی نەوت بۆ ئەمەریکا و هەبوونی بازاڕی بەکاربەر بۆ نەوتی خۆی لە ئاسیا و جۆری نەوتی خۆی بە کردەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەکەوتۆتە ژێرکاریگەری نەوت و گازی شیلی ئەو وڵاتە، بەڵام لە زیادەی بەرهەمهێنان و دابەزینی نرخەکان گلەیی هەیە. بۆیە بەردەوام بە دوای زیادکردنی نرخی نەوتەوە بووە، کە لە ماوەیەکی زۆردا بە قازانجی ئەمەریکا و هێنانەدی سەربەخۆیی وزەکەیەتی.

لە ناوچەی گاز بەوهۆیەی کە بازرگانی گاز زیاتر ناوچەییە تا جیهانی، زیان بەرکەوتی ئێران لە پەرەپێدانی گازی شیلی ئەمەریکا کەمتر دەبینرێت. بە سەرنجدان بە توانای زۆر لە ئاستی خوارەوەی ئێران لە بەرهەمهێنانی (ئێڵ ئێن جی) و نەبینینی ڕۆڵ لە بازاڕی جیهانی ئەو بەرهەمە، هەڕەشە کردن لە بەرژەوەندی ئێران لە بواری

هەناردەی گاز تەنیا کاتێك دێتەدی، کە ئێران لە داهاتوودا پشکی زۆری بەهۆی هێڵەکانی بۆڕی دابینکردنی گازی ئەوروپا بدۆزێتەوە و هەناردەی (ئێڵ ئێن جی) ئەمەریکا هەڕەشە لە بازاڕەکەی بکات. بەمەش، روسیا بە سەرنجدان بە بینینی رۆڵێکی لەوچەشنە لە ئەوروپا، هەڕەشەکە پلە بە پلە جدییتر و راستەوخۆتری لە گازی شیلی ئەمەریکا و هەناردەی (ئێڵ ئێن جی) یەکەی بۆ ئەوروپا هەست پێدەکرێت، تا ئێران و وتارەکەی سکرتێری گشتی روسیای ئەوکاتی کۆمەڵەی وڵاتانی هەناردەکاری گاز لەو چوارچێوەیەدا زیاتر ئاشکرا دەبێت. هەرچۆنێك بێت، پێدەچێت ئێران تائێستا لە بواری نەوت و گازی شیل سیاسەتی دیاریکراوی نەگرتۆتەبەر و هەڵوێستەکانی دژی ئامانجی درێژماوەیەتی لە ناوچەی وزەدا.

بابەتەکانی سەرەوە، بواری ئابوری دەگرێتەوە و تا هاتنەدی کاریگەرییە جدییەکانی، لەوانەیە سنوری دەیەیەك پێویستی بە کات بێت؛ بەڵام لە بواری جیۆپۆلیتیکی پێدەچێت کە ئاکامی نەوت و گازی شیل بۆ ئێران دەستبەجێتر بووە و توانای بەڕێوەبردنی بازاڕی نەوت و بەرگرتن لە سەرهەڵدانی شۆکی نەوتی بەهۆی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی شیل، توخمێك بووە کە دەرفەتی بۆ ئەمەریکا رەخساند تا لە ساڵی 2008 بۆ ئێرە، قەیرانی نەوتی ئێران بخاتە کارنامەی خۆیەوە؛ لە راستیدا زیاد کردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمەریکا لە ساڵی 2012 و رەخساندنی توانا بۆ ئەمەریکا بۆ کەمکردنەوەی پشکی خۆی لە پانتایی داواکاری جیهانی، وایکرد کەمبونەوەی نەوتی ئێران لە بازاڕدا هەست پێنەکرێت و قەیرانی نەوتی ئێران وەك بژاردەیەکی کاریگەر بخرێتە روو. درێژماوە دێتە بەرچاو کە بەرژەوەندی ئێران، پەیڕەوی ئاکامە جیهانییەکانی نەوت و ئاکامە ناوچەییەکانی، بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بکەوێتە ژێرکاریگەرییەوە. بۆنمونە، کاریگەری گۆڕانکاری ناوبراو بەسەر ئاسایشی وزە لە دنیادا،

کاریگەری بەسەر پەیوەندیەکانی چین لەگەڵ ئەمەریکا، کاریگەری بەسەر پەیوەندیەکانی ئەمەریکا لەگەڵ سعودییە، کاریگەری بەسەر جیۆپۆلیتیکی ئەوروپا و بابەتی جیاجیای لەوجۆرە، کاریگەری جدی بەسەر پێگەی ئێران لە ناوچەکە و سیاسەتەکانی دادەنێت.

## کۆبەندی

سەرەڕای پێشبینییەکانی ئاژانسە جیاجیاکانی وزە لەبارەی ئاستی بەرهەمهێنانی باڵای نەوت و گازی شیل و هێنانەدی ئارەزوی سەربەخۆیی ئەمەریکا لە ناوچەی هاوردەی نەوت و گاز، سەرنجدان لەوخاڵە زۆر گرنگە کە پێویستە لە نێوان سەربەخۆیی وزە و خۆبژێوی وزە، جیاوازی بکرێت. خۆبژێوی وزە واتا هاوسەنگی نێوان هاوردە و هەناردەی سوتەمەنی جۆراوجۆر، کە بە مانای ئاسایش لە بەرامبەر وەستان لە دابینکردنی سوتەمەنییەکی تایبەتی وەك نەوتە، کە دۆزینەوەی جێگرەوە بۆی، ئاسان نییە؛ لە کاتێکدا کە سەربەخۆیی وزە مانای بە هێزتری هەیە و رێ بەو وڵاتە دەدات بە بێ دەستێوەردانی باقی دنیا، ئازادانە و بەوشێوەیە کە دەیەوێت رەفتار بکات، کە هەیەتی. ئاماری بەردەست پیشانی دەدات کە ئەمەریکا لە ساڵی 2030، ناگاتە خۆبژێوی وزە و جگە لە گاز و خەڵوزی بەردین، هاوردەی نەوتەکەی بەردەوام دەبێت؛ لە راستیدا، ناتەواوی وزە لە ئاستی 5% دەبێت. تەنانەت ئەگەر ئەمەریکا بتوانێت ئەو لە 5% دابین بکات، دیسانەوە نرخەکانی وزە لە باقی دنیا لە سەروویەوە بە هۆی بازرگانی نەوت، گاز، خەڵوزی بەرد، کاریگەری دەبێت. هەڵبەتە ئەو کارە بە مانای ئەوەیە کە بێگومان ئەمەریکا لە کەمکردنەوەی وابەستەیی خۆی بە هاوردەی باشتری ئابوری دەدۆزێتەوە.

بەڵام لە پەیوەندی ئاکامەکانی نەوت و گازی شیل بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بیرهێنانەوەی ئەوخاڵە پێویستە کە تەنیا مەسەلە ئابورییەکان

ئاڕاستە سیاسییەکان دیاری ناکەن و نابێت لە ئاکامەکانی ستراتیژی شۆڕشی نەوت و گازی شیل زێدەڕۆیی بکرێت. بەڵێنی ئەمەریکا بۆ ناوچەی کەنداوی فارس تەنیا لەبەرخاتری پێویستییەکانی وزە نییە، بەڵکو بەرژەوەندی نیشتمانی وەك ئاسایشی ئیسرائیلیش جێی باسە.

لە کۆتاییدا ئەوە کە لێکۆڵینەوە لە ئاکامەکانی جیۆئابوری و جیۆپۆلیتیکی نەوت و گازی شیل بۆ وڵاتی ئێران، بابەتێکە کە پێویستی بە توێژینەوەی وردە تا بتوانن سیاسەتی تەبا لەو مەیدانەدا بگرنەبەر و خۆ لە قسەکردن لە دژی یەك بپارێزن.

## گازی شیل و سیاسەتە نێودەوڵەتییەکانی وزە
## دیپلۆماسی گازی شیلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

ئەفشین جەوان و محەمەد صادق جوکار

## بەشی یەکەم: گازی شیل و داهاتووی بازرگانی گاز

بابەتی بەکارهێنانی پاشەکەوتەکانی گـازی شیل لە ئابوری سەرچاوەکاندا، باسێکی سەرنجڕاکێشی کۆتایی نەهاتووە و لە هەر قۆناغێك لە مێژوودا گۆڕانی وزە لە جیهاندا، گۆڕانی کتوپڕ لە نرخی کۆگاکانی وزە، مرۆڤ بەرەو کەڵکوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ یان سوودوەرگرتن لە کۆگا تازەکانی وزە، ڕێنمایی دەکات.

هەربۆیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخەکان و گرفتی نێوان پێشکەشکارو داواکاری وزە، داواکار لەگەڵ کەوتنە مەترسییەوەی ئاسایشی خستنە رووی وزەی خۆی، کاردانەوەی جیاواز نیشاندەدات:

-1 کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە وزەییەکانی ناوخۆ.

-2 بە بازرگانی کردنی تەکنەلۆژیا تازەکان

ئەو بابەتە شایانی قوڵبوونەوەیە و وڵاتانێك کە دەتوانن بازاڕی بەزەبری گازی سروشتی و LNG وڵاتەکەمان بن، پەیوەندییان بە باسەکانی گازی شیلەوە کردووە و دوای ئەمەریکا هەوڵدەدەن ئەو تەکنەلۆژیایە بە بازرگانی بکەن. وڵاتانی هند و چین، بەکاربەری گەورەی وزەن لە ئاسیا و بەشێوەیەکی جدی بەدوای گازی شیلەوەن و لێکۆڵینەوەی بەرچاوییان لەو بوارەدا ئەنجامداوە.

هندییەکان بانگەشەیان کرد کە لەگەڵ پەرەپێدانی ئەوتەکنەلۆژیا تازەیە بۆ دەرهێنانی گاز لە بەردە نیشتووەکانی ناو زەوی کە لە هەموو جێیەك دەدۆزرێتەوە، دەتوانن پێویستییان بە گازی سروشتی خۆیان لە سەرچاوە ناوخۆییەکان پڕبکەنەوە. لە ئێستادا تەکنەلۆژیا نوێیەکانی کەڵکوەرگرتنی گاز لە بەردە نیشتووەکان لەبەردەست ئەمەریکادایە کە زۆر دژی بەشداری هندە لەهێڵە بۆڕییەکانی ئاشتیی. سەرباری هند خاوەن پاشەکەوتی زۆری گازی شیلە کە لە بواری دابینکردی گازی سروشتی، دەتوانێت خۆی لە ئەولەویەت دابنێت.

هەروەها چین چالاکی بەرچاوی بۆ کەڵکوەرگرتن لە پاشەکەوتەکانی گازی شیل، بە هاوکاری ئەمەریکا دەستپێکردووە. کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی ئەوروپا لە وانە تۆتاڵی فەرەنسا، زۆر لەسەر داهاتووی تایبەت بە گازی شیل چڕبۆتەوە.

هەروها کۆمپانیاکانی (Exxon Mobil و Shell)یش لە ئەوروپا توێژینەوەی زۆریان بۆ دەستگەیشن بە گازی شیل دەستپَکردووە و بابەتی هاتنەبەرباسی سەرەوە، زەنگێکی مەترسیدارە بۆ پێشکەشکارانی گازی سروشتی لە سەرچاوە ئاساییەکان و نیشاندەری پێویستی بوونی داهێنانی نوێی دۆزینەوەی بازاڕ بۆ چوونەناو ئەو رکابەرییە گەورەیەی بازاڕە نێودەوڵەتییەکان.

هەروەها پەیامێکە بۆ خاوەن پاشەکەوتە گەورەکانی گازی سروشتیی، کە لەگەڵ دانانی ستراتیژیەکی گونجاو، میتۆدی لە گازی سروشتی بۆ کەمکردنەوەی، جۆرەکانی ریسك ئەنجام بدەن.

لەو راپۆرتەدا هەولدراوە سەرەڕای ناساندنی کورتە مێژوویەکی گازی شیل، لە رەوتی ئێستای تەکنەلۆژییەکان، دەستگەیشتن بەوجۆرە وزەیە و کاریگەری بەسەر بازرگانی هەنوکەی گاز و رکابەرییە هاتووە ئاراکانەوە، بکۆڵێتەوە.

پێدەچێت کە لێکۆلینەوە لەوبابەتە بە روانگەی ئاسایی نشتیمانیش، لە پەیوەندی لەگەڵ بازرگانی گازی ئێران جێگەی بایەخە.

## دەرهێنانی گازی شیل لە ئەمەریکا و کاریگەری بەسەر نرخی گازی سروشتی LNG

زیادکردنی نرخی جیهانی گاز لە ساڵی 2008، پەرەی بە بیرهەڵکەندن دا لەئەمەریکا و تەکنیکەکانی هەڵکەندنی بیر لەوانە کەلێنەکانی هایدرۆلیکی و هەڵکەندنی ئاسۆیی لەوناوەدا، بووە پاساوی ئابوری.

تێچوونی بەرهەمهێنان لە ئەمەریکا لەسەرچاوە ئاساییەکانی

گاز لە سنوری 5 دۆلار بە تێکڕای هەر ملیۆن (بی تی یو) لە ساڵی 1990 بۆ 3,2دۆلار لەهەر ملیۆنێك (بی تی یو) لە ساڵی 2010 کەمبۆتەوە و بە گوێرەی پێشبینییەکان، لە 5 ساڵی داهاتوو ژمارەکە بە کەمتر لە 2 دۆلار بۆ تێکڕای هەر ملیۆنێك (بی تی یو ) دەگات. پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە کە ئایا پێشکەشکارانی گەورەی گاز دەتوانن بەو ئاستە تێچوونەی بەرهەمهێنانی خۆیان بۆ هەناردەی گاز یان LNG کەم بکەنەوە؟ لە نمونەی خوارەوە پەرەپێدانی هەڵکەندنی بیر لە نێوان ساڵەکانی 2008 بۆ 2009 تێبینی دەکرێت کە بەشی بەرچاوی پەیوەندی بە گازی شیلەوە هەیە. ژمارەی سەکۆ کاراکانی هەڵکەندنی بیری گاز لە ساڵی 2008 گەیشتە لوتکەی خۆی، بیرەهەڵکەندراوەکان لە ساڵی 2008 لە پیشەسازی گازی ئەمەریکی پێشینەی نەبووە کە بۆخۆی نیشانەی ئابوری بوونی ئەوجۆرە تەکنەلۆژیایەیە.

لە کۆتایی ساڵی 2009 بۆداپۆشینی داواکاری نوێی گاز، جارێکی دیکە پرۆسەی زیادکردنی بیرهەڵکەندن دەستی پێکرد.

بەهەمانشێوە کە وترا لەوساڵانەدا جێ بایەخ بوونی بیرهەڵکەندنەکان و سود وەرگرتن لە هەڵکەندنی ئاسۆیی بووە جێی بایەخ.

## چاوخشاندنێك بە پاشەکەوتی گازی شیل لە جیهاندا و هەڵسوڕاوانی سەرەکی

بەراووردکردنەکان نیشاندەری ئەوەیە کە نزیکەی 32560 تریلیۆن سێجا (نزیکەی 914 تریلیۆن مەتر سێجا) پاشەکەوتی گازی نائاسایی لە جیهاندا هەیە و ئەوە لە دۆخێکدایە کە پاشەکەوتی ئێستای گازی سروشتی لە ساڵی 2009 بە سنوری 187 تریلیۆن مەتر سێجا خەملێنرابوو.

جێی بەبیرهێنانەوەیە کە سنوری 50% لە پاشەکەوتی گازی نائاسایی

لە جیهاندا، پەیوەندی بە گازی شیلەوە هەیە. لەم خشتەیەی خوارەوەدا سەرچاوەکانی جیهانی گازی شیل تێبینی دەکرێت:

**خشتەی خوارەوە وڵاتانی خاوەن گازی شیلی بەرچاو نیشاندەدات**

| وڵات | بڕی پاشەکەوتی گازی شیل |
|---|---|
| ئەمەریکا | 1611 تریلیۆن فوت سێجا |
| چین | 1115 تریلیۆن فوت سێجا |
| ئەرجەنتین | 802 تریلیۆن فوت سێجا |
| جەزائیر | 706 تریلیۆن فوت سێجا |
| کەنەدا | 573 تریلیۆن فوت سێجا |
| مەکسیك | 545 تریلیۆن فوت سێجا |
| ئوسترالیا | 437 تریلیۆن فوت سێجا |
| ئەفەریقیای باشور | 390 تریلیۆن فوت سێجا |
| روسیا | 285 تریلیۆن فوت سێجا |
| بەرازیل | 245 تریلیۆن فوت سێجا |
| ناوچەکانی دیکە | 1546 تریلیۆن فوت سێجا |
| کۆی گشتی | 7299 تریلیۆن فوت سێجا |

بەهەمانشێوە کە لەو خشتەیەی سەرەوە تێبینی دەکرێت، زۆرترین پاشەکەوت لە شوێنی گازی شیلی جیهان دوای ئەمەریکای باکور پەیوەندی بە چین و هندەوە هەیە و ئەو خشتەیە پیشانی دەدات کە چین و هند لەوانەیە لە داهاتوو بۆ خستنەڕووانی بەزەبری گازی شیل لە جیهان دا بگۆڕێن.

أ – لێکۆڵینەوەی پاشەکەوتی گازی شیلی ئەمەریکا

ئەمەریکا لە گەورەترین وڵاتانی خاوەن پاشەکەوتی گازی شیل لە دنیا دەبێت، بەپێی بەراوردکردنە ئەنجامدراوەکان زیاتر لە 32% ئەو پاشەکەوتە لە ئەمەریکایە. ئەو وڵاتە لەساڵی 1990، دەستیکردووە بە بەرهەمهێنانی گاز لەو سەرچاوانە. بە گوێرەی بەراوردکردنە سەرەتاییەکان، پێشبینی دەکرێت کە قەبارەی گازی شیل لە ئەمەریکا

زیاتر لە 15 بەرامبەر پاشەکەوتی سەلمێندراوی گاز لە کۆگا ئاساییەکانی ئەو وڵاتە بێت.

کۆمپانیا گەورەکانی گاز و نەوت لە ساڵی 2006 بە دواوە و دوای قەیرانی نرخی گاز و نەوت، سەرنجێکی زۆرییان تایبەت کردووە بەوجۆرە تەکنەلۆجیایە.

**خشتەی ژمارە 2**

**وەکاری پاشەکەوتی گازی شیل لە ئەمەریکا**

| جۆری گازی شیل | قوڵی خەملێنراو هەڵکەنراوی ستونی (فوت) | قوڵی خەملێنراو هەڵکەنراوی ئاسۆیی (فوت) |
|---|---|---|
| بارنێت | 6,500 – 8,500 | 44,0 |
| ڤورد فورد | 6,000-11,000 | 11,4 |
| فایت وایل | 1,000-7,000 | 41,6 |
| ئەنتریم | 600-2200 | 20,0 |
| هورون | 1,000-7,000 | زانیاری لەبەردەستدا نەبوو |
| مارسلوس | 4,000-8,500 | 392,0 |
| نیوئەلبانی | 500-2,000 | 19,2 |
| باکن | 1,000 | زانیاری لەبەردەستدا نەبوو |
| باگستر | 11,000 | زانیاری لەبەردەستدا نەبوو |
| پییر | 2,500-5,000 | زانیاری لەبەردەستدا نەبوو |
| مانکوس | 13,000 | زانیاری لەبەردەستدا نەبوو |
| هاینسویل / بوسیە | 11,000 | 251,0 |
| پییرسال – ئەیگلفۆرد | 115,000 | زانیاری لەبەردەستدا نەبوو |
| لویس / مانکوس | 3,000-6,000 | 20,2 |
| کۆ | | 799,2 |

ب- لێکۆڵینەوە لە پاشەکەوتی گازی شیل لە دنیا دا

لەم بەشەدا بە سەرنجدان بە زانیارییەکی کەم کە لە بەردەستە، لە بارودۆخی پاشەکەوتی گازی شیل لە تێکڕای شوێنەکانی جیهان دەکۆڵینەوە.

ب – 1 – روسیا – ئەو وڵاتە ئێستاش گەورەترین هەناردەکاری گازە بۆ ئەوروپا، ئەوخاڵانەی خوارەوە لەبارەی ئەو وڵاتە جێگەی تێڕامانە:

• بە گوێرەی دوا راپۆرتیBP لە ساڵی 2011، سنوری 23,6% لە پاشەکەوتی سەلمێنراوی گازی سروشتی جیهان لە روسیایە (1567 تریلیۆن سێجا لە 6621 ترریلیۆن سێجا).

• 17%ی پاشەکەوتی گازی نەسەلمێنراو (سەرچاوە نەدۆزراوەکان، بەڵام لە روانگەی هونەرییەوە شایانی کەڵك وەرگرتنە) واتا 1168 تریلیۆن سێجا (33 ملیارد مەتر سێجا)، ئێستا سەرەڕای 339 تریلیۆن سێجا (9,5 ملیار مەتر سێجا)، ئێستاش زۆربەی سەرچاوە نائاساییەکانی گاز، کەوتوونەتە روسیاوە. هەرلەو دۆخەدا ئاستی پاشەکەوتی گازی شیل لەو وڵاتە بە 627 تریلیۆن سێجا خەملێندراوە.

ب – 2 – ئەوروپا – بە پێچەوانەی ئەمەریکا، لە ئەوروپا تائیستا گازی شیل بەرهەم نەهێنراوە، هۆکارە سەرەکییەکانی بریتین لە:

• کەڵەکەبوونی زۆری دانیشتوان
• بوونی کۆسپی جیاجیا لە دەستگەیشن بە زەوی بۆ بیرهەڵکەندن
• کێشەکانی ژینگە

هەڵبەتە پێویستە دانپیێدابنێین کە بەپێی خەملاندنی پاشەکەوتی گازە نائاساییەکانی ئەمەریکا 7 بەرامبەری سەرچاوەکانی ئەوروپان. لە پەیوەند بە ئەوروپا، پێشبینی دەکرێت لە کاتی پەرەرپێدانی پاشەکەوتی گازی شیل، وابەستەیی ئەو کیشوەرە لەداهاتوو بە هاوردەی گاز لە روسیا و هەروەها هاوردەی LNG کەمتر دەبێت، ئەوان بۆ گازی شیل رۆڵی بنچینەیی دەبینن و ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەوروپییەکان هاوکاتی چالاکی بەرچاو لە بواری کەمکردنەوەی خەرجی وزە لە بەشەکانی ئابوری خۆی لە بەرچاویان گرتووە.

بەپێی پیشبینییەکان، ئاستی پاشەکەوتی گازی شیل لە ئەوروپا، سنوری 549 تریلیۆن سێجایە.

ب – 3 – ئاسیا (هند و چین) – پەیوەست بە بەکارهێنەرانی ئاسیایی، بە ئاڕاستەی هاوشێوەی ئەوروپا لە فۆڕمگرتندایە، بە تایبەت چین و هند چالاکی زۆریان بۆ گفتوگۆ لەگەڵا روسیا و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست لەوبوارەدا، ئەنجامداوە.

بەپێی راپۆتێکی رۆژنامەی هندی ئیکۆنۆمیك تایمز، لە کانونی یەکەمی ساڵی 2008 هێڵی بۆڕی گواستنەوەی گازی ئێران بۆ هند، ئەو وڵاتەی لە پلەی دووەمی گرنگ زانی. رایگەیاند: گازی شیل نەك هێڵی بۆڕی ئێران ئومێد، ئێمە پێویستمان بە گازی سروشتییە. بە پێی ئەو راپۆرتە هندییەکان بانگەشەیان دەکرد کە لەگەڵ دۆزینەوەی تەکنەلۆجیای نوێ بۆ دەرهێنانی گاز لە بەردە نیشتووەکانی ناخی زەوی کە لە هەموو شوێنێك دەدۆزرێتەوە، پێویستی بە هاوردەی گازی ئێران نابێت. لە ئێستادا تەکنەلۆژیای نوێی کەڵکوەرگرتنی گاز لە بەردە نیشتووەکان، بە دەست ئەمەریکاوەیە کە بە توندی دژی بەشداری هندە، لە هێڵی بۆڕی ئاشتیی. ئەو رۆژنامەیە لەوباوەڕەدایە لەوانەیە هند تاساڵانێك پێویستی بە هاوردەی گاز نەبێت و گازی گۆڕەپانی کریشنای ئەو وڵاتـە، لە ساڵانی داهاتوو قەبارەی بەرهەمهێنانی زۆر دەبێت و پێویستی هند لەوبوارەدا پڕدەکاتەوە. سەرەڕای هند پاشەکەوتی گازی شیلی ئێجگار زۆرە و دەتوانێت پێویستی خۆی بە گازی سروشتی لەو پاشەکەوتە، دابین بکات.

هەروەها چین، بە گوڕوتینەوە کەڵك لە پاشەکەوتی نائاسایی گازی خۆی وەردەگرێت. ئەو وڵاتە بە پێی راگەیەنراوێکی هاوبەش لەگەڵ ئەمەریکا، لە 17ی تشرینی دووەمی 2010، لەبارەی پەرەپێدانی پاشەکەوتی گازی شیل بە مەبەستی کەمکردنەوەی گازەکانی گوڵخانەیی و بەرزکردنەوەی ئاسایشی وزەی خۆی، جەخت لەم بابەتانەی خوارەوە بکاتەوە:

- بـەراوردکـردنـی پاشەکەوتی گـازی شیل: ئـەو پێشنیازە، لە بەراوردکردن و هەڵسنگاندنی گریمانەیی گازی شیل لە چین، سود لە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەردەگرێت و بە میتۆدی بەردەوامی ژینگە برەو بە پاشەکەوتی گازی شیل دەدات.

- هاوکاری هونەری: بە پێی ئەو نەخشەیە، ویلایەتە یەکگرتووەکانو

چین توێژینەوەی هونەری هاوبەش لە رووی تەوژمدان بە پرۆسەی پەرەپێدانی پاشەکەوتی گازی شیل لە چین، ئەنجام دەدەن.

- هاندانی سەرمایەگوزاری: ئەو نەخشەیە، لە رێگەی کۆبوونەوەی کاربەدەستانی پیشەسازی نەوت و گازی ویلایەتە یەکگرتووەکان و چین، سازدانی تۆڕی توێژینەوەیی و کارگەکانی قووڵبوونەوە لە کاری پەرەپێدانی گازی شیل، دەبێتە هۆی هاندانی سەرمایەگوزاری لەوبوارەدا لە چین.

کۆی پاشەکەوتەکانی شیلی گازی هند و چین، بە نزیکەی 3528 تریلیۆن سێجا خەمڵێندراوە کە ژمارەیەکی جێگەی سەرنجە.

## بەرهەمهێنانی گازی گەناو (میپان)، لە سەرچاوەکانی گازی شیل

ئەمەریکای باکور لە ئێستادا لەبەرهەمهێنەرانی گازی سروشتییە لە کۆگاکانی گازی شیل و هەربەو بەڵگەیە ئەو زانیارییە زیاتر پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی ئەو وڵاتەوە هەیە.

بەهەمانشێوە پشکی بەرهەمهێنان لە سەرچاوە نا ئاساییەکانی گازی ئەمەریکا لە 16% لە ساڵی 1990، بە سنوری 40% لە ساڵی 2004 گەیشتووە.

بە گوێرەی مۆدیلی جیهانی گازی زانکۆی رایس، بەرهەمهێنانی گازی شیلی ئەمەریکا لە 64 ملیار مەتر سێجا لە ساڵی 2009 (2300 ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا)، بە سنوری 330 ملیار مەتر سێجا لە ساڵی 2030 دەگات و بەو شێوەیە گەورەترین بەکارهێنەری وزەی جیهان، دەتوانێت زۆربەی پێداویستییەکانی خۆی لەو رێگەیەوە دابین بکات. دوورنمای بەرهەمهێنانی گازی شیل پیشاندەری ئەوەیە کە دوای ساڵەکانی 2010، ئەو پاشەکەوتانە دەتوانن دوای ملی بەردە کەڵەکە بووەکانی گازی، زۆرترین پشکییان هەبێت.

پێداچوونەوە بە نرخەکانی گازی سروشتی دوا مەسەلەیە کە لێیدەکۆڵینەوە. هۆکارەکانی کاریگەر بەسەر نرخی گازی سروشتی و سەرئەنجام کەمکردنەوەی لە ئەمەریکا وەك گەورەترین هاوردەکاری گازی سروشتی جیهان بریتیین لە:

أ: قەیرانی ئابوری لە ساڵەکانی ئەم دواییە.

ب – زیادکردنی هاوردە لە رێگەی هێڵەکانی بۆڕی و LNG.

پ- زۆر کەڵکوەرگرتن لە پاشەکەوتەکانی گازی سروشتی نائاسایی و بێگومان پاشەکەوتەکانی گازی شیل.

زیانی مانادارى نرخی گاز لە وڵاتانی هەناردەکاری گاز بۆ ئەمەریکا، زۆرترین کەمبونەوەی نرخی LNGییان، لە وڵاتانی قەتەر و نەیجیریا لە ساڵی 2009 سەبارەت بە ساڵی پێشتر ئەزمونکرد، بە شێوەیەك کە نرخی LNG هەناردەیی قەتەر لە 15,58 دۆلار بۆتێکڕای هەر ملیۆنێك بی تو یو، لە ساڵی 2008 بە 4,47 دۆلار لە تَێکڕای هەر ملیۆنێك (بی تی یو )، لە ساڵی 2009 گەیشت.

هەروەها نرخیLNG هەناردەیی نەیجیریا لە 9,56 بۆ تێکڕای هەر ملیۆنێك (بی تی یو ) لە ساڵی 2008 بە 3,56 بۆ تێکڕای هەر ملیۆنێك (بی تی یو ) لە ساڵی 2009 گەیشت.

پێوستە سەرنج لەو بابەتە بدرێت کە هەناردەی نمونەکانی نرخی گاز و LNG لە ماوەیەکی زۆر بۆ هەناردەی بۆ ئەمەریکا، پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ جیاکەرەوەکانی نرخی گازی هنری هاب (HH) لەناو بازاڕی گازی ئەمەریکا دا، هەیە.

## بەشی دووەم

## دیپلۆماسی گازی شیلی ویلایەتە یەکگرتووەکان: ڕەهەند، ئامانج و کاریگەری بەسەر بەرژەوەندییەکانی  ئێرانەوە.

به سەرنجدان لە هەوڵی زۆر لەبارەی جێگرەوەیی گازی شیل لەبەشی وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆنەوە، حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵدەدات ئەو تەکنەلۆژیایا بۆ دەرەوەی وڵات بگوازێتەوە. بە رواڵەت ئامانج لەو هەنگاوە بەرزکردنەوەی ئاسایشی وزەی جیهانی و بە سەرنج لە گۆڕانی ئاو و هەوا، ئەو وڵاتە پێیوایە کۆشکی سپی باوەڕی وایە کە گازی سروشتی وەك سوتەمەنی پاك، «سوتەمەنی بەهۆی واسیتەوە» لە نیوان خەڵووزی بەردین بارگاوی بوون و وزەکانی نۆژەنکراوەدایە. بەڵام پاڵنەری سەرەکی گەشە و گواستنەوەی تەکنەلۆژیای گازی شیل بۆ خۆرهەڵاتی ئەوروپا و هەروەها ئابوریەکانی لە گەشەی خێرای وەك چین و هند، بەشی بەرنامەڕێژی ستراتیژی ئەو وڵاتەیە دەربارەی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، چونکە ئەوکارە وابەستەیی وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵات بە گازی روسیا و سەرمایەگوزاری چین و هند لە ئێران رادەگرێت. ئەو ستراتیژییە هەندێك مەترسی جیۆپۆلیتیکی، ئابوری و ژینگەیی بەدواوە دەبێت و هیچ گرەنتییەك لەسەر ئەوبنەمایەی کە گازی شیل بتوانێت وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان، فاکتەری گۆڕانی وزە بێت، لەو وڵاتانە.

دیڤید گۆڵدوین، مێشکی بیرکەرەوەی هەنگاوەکانی بواری وزەی ویلایەتە یەکگرتووکانە لە پانتایی نێودەوڵەتیدا کە راوێژکاری باڵای هیلاری کلینتۆن بوو لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە. پاییزی ساڵی 2009 پەیوەندی بە حکومەتی ئۆباماوە کرد، کە ئامانجی گەشەی دیپلۆماسی

وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك کاری سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانە. بووە سەرۆکی یەکەمین (کۆنفرانسی جیهانی نوێکاری گازی شیل «GSGI» لە واشنتۆن، بە ئامادە بوونی 18 وڵات لە ئەرمەنستانەوە بیگرە تا ئۆکراین و لەپەراوێزیدا پانتاییەك لە یاساکانی سەرمایەگوزاری و بابەتی ژینگە خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە. گۆڵدوین لە چاوپێکەوتنێکدا رایگەیاند کە (گازی شیل تەوژمی زیادکردنی خسنەڕووی جیهانی گازی سروشتی هەیە، هۆکاری کەمکردنەوەی ئاستی نرخە بۆ ئاستێك کە گاز بتوانێت لە رکابەری کردنی بەردی خەڵووز بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بکات). ئەو بەردەوام بوو کە گاز بتوانێت سەبارەت بە خەڵووزی بەردین، بۆ وڵاتانی جیهان بـژاردەی هەڵبژاردن بۆ کەمکردنەوەی co2 بخاتە روو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگری دەکات.

لۆژیکی ئابوری هەنگاوەکانی پەرەپێدانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبواری گازی شیل سادەیە، چونکە گاز سەبارەت بە خەڵوزی بەرد لە بەرهەمهێنانی کارەبا، لە 50% کەمتر کاربۆن بڵاودەکاتەوە.بە سەرنجدان بە توانای ژینگەخوازان، حکومەتی ئۆباما سەرنجێکی زۆری لە گاز داوە. بەڵام لەسەرووی ئامانجە ئابورییەکان، ویلایەتە یەکگرتوەکان هەنگاوگەلێکی بە ئاڕاستەی سوود وەرگرتن لە گازی شیل وەك ئامرازێکی سیاسی لە پانتایی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدات، کە ئاکامگەلێکی ئاسایشی بۆ ئێران، لە روانگەی هەڕەشەوە، هەڕەشەیە بۆسەر بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتیمانی ئێران.

## کاریگەری دیپلۆماسی گازی شیلی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی ئێران

1. نەهێشتنی وابەستەیی وڵاتی چین و هند بۆ گازی ئێران و ئاسانکاری راکێشانیان لە پرۆژەی سەپاندنی قەیران

ویلایەتە یەکگرتووەکان یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ چین و

هند بۆ کەڵکوەرگرتنی ئەو وڵاتانە لەگەشەپێدانی پاشەکەوتی گازی شیلی خۆی لەجیاتی بەکارهێنانی خەڵووزی بەردین و هەروەها وابەستەیی بە هاوردەی وزە لە وڵاتانی ناهاوڕای ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەستووە.

چین گەورەترین بەرهەمهێنەری جیهانە کە نزیك بە 70% پێداویستییەکانی وزی خۆی لێدابین دەکات. ئاستی بەکارهێنانی خەڵووزی بەردینی چین ئێستا هاوتای 50%ی بەکارهێنانی جیهانە. جموجۆڵی ویلایەتە یەگرتووەکان لە یارمەتیدانی گەشەی گازی شیل لە چین، دەبێتەهۆی ئـەوەی کە هـاوردە لە وڵاتانی وەك ئێران، سودان، بۆرما کەم بکاتەوە و لەو رووەوە دژایەتی نەکردنی گریمانەیی چین لە پرۆسەی پەسندکردنی قەیرانەکان دژی وڵاتانی ئامانجی لێبکەوێتەوە. لەلاکەی دیکە، گەشەی گازی شیل لە چین بە ئاڕاستەی ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەو وڵاتە لەبواری وزەشە. چونکە سەرەڕای کەمبوونەوەی وابەستەیی بە هاوردەی وزە (زیادکردنی لە سـەدای وزەی پێویستی خـۆی)، گەشەی گازی شیل لە چین، هۆکاری کەمبوونەوەی نیگەرانی ئەو وڵاتە لەبارەی ئاسایشی رێڕەوە دەریاییەکانی وزە کە لە ژێر دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دایە، دەبێت. بەشێوەیەکی گشتی، چین بەهۆی وابەستەیی بە ریڕەوی دەریایی هەمیشە نیگەران بووە لەبارەی دووبارەکردنەوەی قەیرانی 1939ی ویلایەتە یەکگرتووەکان دژی ژاپۆن، دژی ئەو وڵاتـە دەیکات. گـازی شیلی ناوخۆیی ئەو نیگەرانیەی (چین) یش دەڕەوێنێتەوە. بوارەکانی دیکەی هۆگری چین بۆ گازی شیل، یارمەتیدانی بەڵێنەکانی ئەو وڵاتە لەبارەی کەمبوونەوەی گازەکانی گوڵخانەکان بەهۆی کەمبوونەوەی خەرجی خەڵووزی بەردینە لەو وڵاتە، کە هەمیشە جێی رەخنەی ژینگەپارێزانی نێودەوڵەتی بووە. هاوکاری پتەوکردنی متمانەبەخشی نێوان چین – ویلایەتە یەکگرتووەکان و راکێشانی چین بۆ نەزمی نێودەوڵەتی ئەمەریکاییو

کێشکردن و هاوڕایی ئەو وڵاتە لەبارەی هەنگاوە هەماهەنگەکان لە بابەتە نێودەوڵەتییەکانیش، ئاکامێکی دیکەی گەشەی گازی شیلە لە چین. لەو رووەوە لە کاتی بەردەوامی قەیرانی ناوکی ئێران، گەشەی گازی شیل لە چین دەبێتەهۆی ئەوەی کە هەڵوێستی لە بەرامبەر داکۆکیکردن لە ئێران خاوتربێت. هەرچەند ئیدی دانراوەکانی ئاسایش - سترایژی کاریگەر لە بڕیارەکانی (چین)یش پێویستە لەبەرچاو بگیردرێت.

هەروەها هند لە پلەی دووەمـی بەرهەمهێنانی خەڵووزی بەردینی جیهانە، کە رادەی بەکارهێنانی ئەو وڵاتـە لە نێوان ساڵەکانی 9 – 2000، سنوری 70% گەشەی هەبووە. ئەزمونی هێڵی بۆڕی ئاشتی نیشانیدا کە سـەرەڕای دەستێوەردانی راستەوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دوورەپەرێزکردنی هند لەو پڕۆژەیە، هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گەشەی گازی شیل لە هند هۆکاری کەمبوونەوەی پێداویستییە تێکڕاییەکانی هند بۆ هاوردەی وزە، کەمبوونەوەی دژایەتییەکانی حزبە ئۆپزسیۆنەکانی هند بۆ ئاڵوگۆڕنەکردنی ئابوری لەگەڵ ئێران و پتەوکردنی پەیوەندی ستراتیژی ئەو دوو وڵاتە دەبێت.

2. هاوکاری کردنی پەرەپێدانی گازی شیلی ئەوروپا و کەمکردنەوەی وابەستەییان بە روسیا و ئێران: لاوازکردنی دیپلۆماسی وزەی هەناردەکاران

بـابـەتـی داهـاتـووی دیپلۆماسی گـازی شیلی ویلایەتە یەکگرتووەکان، گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و گەشەی گازی شیلی ئەوروپای خۆرهەڵاتە. دوای قەیرانی ئۆکراین 2008، گرنگترین ترسی ئاسایشی ئەو یەکیەتییە لەبواری وزە، وابەستەیی ئەو ناوچەیە بە هاوردەی گازی روسیا، کە لە کاتی هاتنەدی بەرنامەی گازی شیل لەو ناوچەیە، لاوازی هەڕەمەکانی دەسەڵاتی روسیای لێدەکەوێتەوە. هەڵسوڕاوانی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکیەتی ئەوروپا،

دەسەڵاتی جیهانی خۆیان لە ئێستادا کەوتۆتە ژێر کاریگەری هەناردەکارانی وزە. بەو ئاڕاستەیە گازی شیل دەبێتەهۆی ئەوەی کە دیپلۆماسی وزەی وڵاتانی هەناردەکاری وزە (هەناردەکاری ئێستا: روسیا و هەناردەکاری بەزەبر ئێران)، لاواز بێت. وەك نمونە، ئەوروپا 25% گازی بەکارهێنراوی خۆی بەهۆی هێڵی بۆڕی لە روسیاوە دێنێت کە لەهەندێك لە وڵاتەکانی، ئاستی هاوردەی گازییان لە روسیا، بە زیاتر لە 95% دەگات. لە ئێستادا یەکیەتی ئەوروپا لە هەوڵی هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی خستنەڕووی وزە بۆ ئەو یەکیەتییەیە، کە گەشەی گازی شیل دەتوانێت ئەو ئامانجە هەرزانتر و ئاسانتر بە ئەنجام بگەیەنێت. گەشەی شیل گاز لە پۆڵەندا، رۆمانیا، سوید، نەمسا، ئەڵمانیا و ئۆکراین دەتوانێت بواری سوود وەرگرتنی روسیا لە وزە، وەك ئامرازی سیاسی دژی ئەو وڵاتانە کەم بکاتەوە. پێویستە لەبارەی ئێرانیش بڵێین کە لە ئێستادا ئێران وەك گرنگترین سەرچاوەی گریمانەیی هێڵی بۆڕی نۆباکۆ جێی باسە. ئەو پێویستییە بە گازی ئێران و بەرنامەی ئەوروپا بۆ فرەچەشنکردنی وزەی خۆی و راکردن لە وابەستەیی بە روسیا، لە رابردوو هۆکاری پارێزی ئەوروپا لە پەسندکردن و گریمانەی قەیرانەکانی خۆرئاوا و نێودەوڵەتی دژی ئێران دەبێت، کە گەشەی گازی شیلی ئەوروپا و کەمبوونەوەی وابەستەیی زۆری ئێستا بە وزەی هاوردەیی، هۆکاری هاوڕایی زیاتری یەکیەتی ئەوروپا لەگەڵ رەوتی قەیرانەکان، دەبێت.

3. لاوازکردنی GECF و بەرگرتن لە فۆڕمگرتنی کارتلی یان رێکخراوی وەك ئۆپێك لە بواری گاز

پێدەچێت کە گەشەی گازی شیل و خستنەڕووی زۆری لە بازاڕدا، دەبێتەهۆی ئەوەی گرنگی بابەتی وەك «کەمی سەرچاوەکان» و «پەرتوبڵاوی سنورداری سەرچاوەکان لە چوارچێوەی تایبەت»، کە هۆی دەسەڵاتی بەرهەمهێنەرانی لە سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆی

له ڕێگەی هەماهەنگ کردنی بڕیارەکان، کەم بکاتەوە. بەو ئاقارەدا کەمکردنەوەی تێچوونی بەرهەمهێنانی گازی شیل لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە 5 دۆلار لە هەر ملیۆن BTU بۆ 3 دۆلار، بواری ئەو گەشەیە دەڕەخسێنێت. ئەگەر لە بەشەکانی دیکەی وەك ئەوروپای خۆرهەڵات و ئەفریقیا، گەشەی ڕەوتێکی لەوچەشنە لە گازی شیل فۆڕمبگرێت، بێگومان کاریگەری بەسەر ڕەوتی بەهێزکردن و هاوگەرایی ئەندامانی GECF دەبێت و بۆ ناوەندێکی ئابوری دەیگۆڕێت. ئەوکارە هۆی هەڕەشەیە بۆ بەرژەوەندی ئێران کە لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە ئامانجی سیاسی لەبەرچاو بێت. بەمەش هەرچەند بە هەمانجۆر زۆربەی شرۆڤەکارانی وزە لەوباوەڕەدان، گەشەی گازی شیل ڕووبەڕوی 2 کۆسپی بنچینەیی تێچوونی بەرزی سەرمایەگوزاری و مەترسیەکانی ژینگە بۆتەوە، بەڵام کاریگەری گەشەی فراوانی گازی شیل دەبێتەهۆی ئەوەی کە بەکارهێنەرانی بەرچاوی وزەی خۆرئاوا و ئاسیایی لە ڕوانگەی ئاسایشی وزە، دەرفەتی هەمەجۆرتر بدۆزنەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان، چین و هند لەگەڵ گەشەی سەرچاوەکانی ناوخۆیی گازی شیل، دەتوانن لە ئامانجی «خۆبژێووی بەرهەمهێنانی وزە»، نزیکببنەوە. پێش گەشەی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان و خستنەڕووی گازی شیل، بۆ گازی سروشتی ناسراو، ڕۆڵی پاوانکاری لە داهاتووی وزەی جیهان چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام بەو ئاڕاستەیە، هاوکات کەمکردنەوەی نیگەرانیەکانی ژینگە، هەندێك نیگەرانی دووبـارەی ئەزمونی فۆڕمگرتنی ڕێکخراوی وەك ئۆپێك لەچوارچێوەی گاز بوون. وڵاتانی وەك ڕوسیا، ڤەنزوێلا و ئێران لەگەڵ کۆدەنگی ستراتیژی لەوبوارەدا، بە توندی شوێن ئەو ڕەوتەی هاوگەرایی دەکەوتن کە هەنگاوەکانی بەراییان بۆ دروستبوونی GECF نرا. بەڵام سەرهەڵدانی مەسەلەیەکی زۆر لە خستنەڕووی جیهانی گاز لەگەڵ هاتنەناوەوەی گازی شیل،

هەڕەشەی ئەو هاوگەراییەی وڵاتانی خاوەن گاز کەمتر دەبێتەوە، کە لە گەمەکانی دیپلۆماتیکی داهاتوو، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەڕەمەکانی ئابوریيان. سەرەڕای ئەو بابەتە، دەوڵەتەکانی رانتی (رانت، داهاتێك کە لە هەل و دەرفەتەکانی سەرووتر بە تایبەتی بە کەڵك وەرگرتن لە کەرەسە و ئیمکاناتی دەوڵەتی و بە پاڵپشتی بەرپرسە دەستڕۆیشتووەکان بە دەست بێت)، بەشی زۆری داهاتەکانی گازی خۆیان لەدەستدەدەن، کە ئەوکارەش توانای نیشتمانییان لاواز دەکات.

4. پەرەپێدانی دوورنمای گازی سروشتی شلکراوە (LNG)

تاپێش دوزینەوەی گازی شیل، چاوەڕوان دەکرا کەپشکی LNG لە بازاری جیهانی نێودەوڵەتی گاز، لە ساڵی 2025 بە 5% زیادبوونی سەبارەت بە کۆتایی 1990 بە 50% ئاڵوگۆڕی کاڵا بگات، بەڵام لەگەڵ گەشەی گازی شیل چاوەڕێ دەکرێت ئەو رادەیە بۆ 2\3 زیاد بکات. لە هەلومەرجێکی لەوچەشنەدا لە دەستدانی توانای ئێران دبێتەهۆی دوو ئەنجامی نەرێنی: یەك، کزی رکابەری لە بازاڕە دوورەکان. دوو، چوونەناوەوەی LNG، بەرهەمی گازی شیل بۆ بازاڕە گریمانەکانی هەناردەیی گازی ئێران لە رێگەی هێڵی بۆڕی. چوونەناو کۆگاکانی بەرهەمی گاز شیلی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە داهاتوو، وادەکات کە هەندێك بازاڕە گریمانەییەکانی هەناردەی ئێران بەهۆی هێڵی بۆڕی (وەك ئەوروپا) و باشوری ئاسیا، رووبەڕوی هەڕەشە بێتەوە.

5. ئابوری نەبوونی پرۆژە تازەکانی و گۆڕانی رێڕەوی هەناردەیی لە ئەمەریکاوە بۆ ئەوروپا

بەسەرنجدان بە پەلەی زۆروزەوندی گازی شیل لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، تێرمیناڵەکانی هاوردەی LNG لە ئەمەریکا تا رادەیەك ناکارا بووە. ئەوکارە بۆتەهۆی ئەوەی کە کۆگاکانی LNG قەتەر و وڵاتانی دیکە لە ئەمەریکا، بەرەو کڕیارانی

ئەوروپی ڕێگەی هەنارده بگۆڕن. دەرئەنجامی ئەوکاره زۆربوونی بژاردەکانی هاوردەی ئەوروپا و کەمبونەوەی وابەستەیی بە گازی روسیایە. روسیا ناچاردەبێت نرخەکانی خوارتر قبوڵ بکات. بە جۆرێك کە وەك نمونە، روسیا بە ناچاری لە 30% ی گازی بۆ ئۆکراین دابەزاندووە. بە سەرنجدان بە سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە، راستەوخۆ پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی LNG لە ئێران، دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە.

## کۆبەندی و ئەنجامگیری

پێویستە هەندێکجار بە دوورودرێژی لە بازرگانی گاز و LNG، بکۆڵرێتەوە و لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان قبوڵبکرێت، کە بەشێك لە فاکتەرە کاریگەرەکان بەسەر نرخی گاز، لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمە و تەواوی خستنەڕووانی گازە، هەربەو هۆیە بوونی ریسك لە بازاڕدا خۆڵێنەدزراوەیە و دەبێت هەوڵبدرێت بۆ ئەوەی ریسکی درێژخایەن بەلانیکەم بگەیەنرێت، هەرلەو دۆخەدا نابێت لە روانگەی ئابوریەوە سەرنج لە بازرگانی گاز بدەین و دەبێت هاوکات وەك ئامرازی دابینکردنی ئاسایشی نیشتمانی، بیر لە ستراتیژیەتی هەنارده بکەینەوە.

بەوشێوەیە بۆ کەمکردنەوەی ریسك لە بازاڕدا پێویستە ئەو بابەتانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرین:

أ – زانینی یاساکانی گەمە لە بازرگانی گاز و LNG و هەبوونی ستراتیژی عەقڵانی لە بازاڕ.

ب- جەختکردنەوە لە حەقدەستی رێژەیی بەرهەمهێنانی گاز، بەسەرنجدان بە پاشەکەوتی زۆری گاز، لە رەهەندی رکابەری لەگەڵ تەواووی خستنەڕووانی گاز و LNG.

پ- کەمکردنەوەی تێچوونی ناوخۆیی لە ئەنجامدانی گەلاڵەڕێژییەکان.

ت- پێداچوونەوە و شەفافیەت بە پەیوەندییە بازرگانیەکانی گاز لە وڵات.

لە کۆبەندییەکی تێکڕای هاوردەی LNG لە ساڵی 2009 بەرامبەر 243 ملیار مەتر سێجا لەساڵ، لەو ساڵەدا تێکڕای هاوردە بە هۆی هێڵی بۆڕییەوە، 643 ملیار مەتر سێجا بووە. لەگەڵ پەرەسندنی بازرگانی گاز لە جیهان و فۆڕمگرتنی دابەشکاری گازی پێویست، چاوەڕێ بکەین کە نرخی گاز لە نەوت جیابکرێتەوە، بە دەستەواژەیەك نرخی گاز سەربەخۆیی بازرگانی دەبێت و فاکتەری تایبەتی وەك گەشەی گازی شیل، کاریگەری بەسەرەوە دەبێت.

بە سەرنجدان بە پەیوەندی هەمەجۆری سەرچاوەکانی خستنەڕوو و هەروەها فرەیی کەڵکوەرگرتن لە گازی سروشتی، دەبێت لە بیری بە داینەمۆکردنی سیستمێك بین کە بتوانێت لەگەڵ باشکردنی شێوازی سوودوەرگرتن لە گازی سروشتی، کەڵکی لێوەربرگرێت. ئەو سیستمە داینەمۆیە دەبێت بە جۆرێك کاربکات کە بەرژەوەندی نیشتمانی وڵات زۆربکات. ئەو بەرژەوەندییە نیشتمانییە بریتییە لە بەرژەوەندی ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی. بە سەرنجدان بە هەلومەرجەکانی ئێستاو زیانی زۆری نرخەکانی گازی سروشتی لەبەرامبەر نەوتی خاو بەوشێوەیە دێتەبەرچاو، کە لانیکەم لە ماوەیەکی کەمدا گەڵاڵەڕێژییەکانی LNG و هەندێکجار هەندێك لە نەخشەکانی زۆر تێچووی هەناردەی گازی نوێ، پاساوی ئابوری نەبێت. کەوایە بەوشێوەیە پێویستە لەگەڵ هەڵپەساردنی هەندێکییان و لێکۆڵینەوەی دینامیزمی بـازاڕ، لەگەڵ خێراکردن لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی تێکەڵکردنی گاز، قازانجی فرۆشتنی نەوتی خاو بەهێز دەکات و هاوکات بە باشترکردنی وزە لە پیشەسازییەکان و هێزی گازی وڵات و سەرمایەگوزاری و نوێکردنەوەی ئەو پشەسازییە، بەهای زیادە لەو پیشەسازیانە زیاد و زۆری وزەش کەم بکاتەوە، بەڵام هەمیشە دەبێت تەوژمی بە زەبر بۆ هەناردەی گاز و LNG بپارێزرێت.

وەك بازاڕەكان لە گۆڕاندان و داواكاری گاز لە زیادبووندایە و چاوپۆشی تەواو لە بازرگانی نێودەوڵەتی گاز و LNG، چاوپۆشیكردنە لە بەشێك لە بەرژەوەندی نیشتمانیی. بە دەربڕینێكی دیكە، پێویستە لەهەلومەرجی ئێستادا لەگەڵ گۆڕینی ئەولەویەتییەكان، گۆڕەپانی بەرهەمهێنان، خەرج و بازرگانی گاز باش بكرێت. لەم دۆخەدا رۆڵی بەڕێوەبردنی كات لە جێبەجێكردنی ئەو چاكسازییە، زۆر گرنگ و بنچینەییە.

**سەرچاوەكان:**


٢٠١١ & ٢٠١٠ BP Energy Statistics Review -١

Worldwide Shale Resource Plays ,Dan JarvieDan -٢
JarvieEnergy Institute, Texas Christian
UniversityEnergy UniversityWorldwide Geochemistry,
LLCWorldwide LLC

-٣ GLOBAL IMPLICATIONS OF LNG AND
UNCONVENTIONAL NATURALGAS: THE
COMING“DOUBLE
HIT” Benjamin Schlesinger, Ph.D.Benjamin Schlesinger and
Associates (BSA), LLCA Part of the Galway Group
L.P.Bethesda, Maryland

NCAC-CSIS Washington Energy Policy ConferenceThe -٤
Unconventional Gas Revolution:Policy, Strategic and
٢٠١٠ ,٩ Market ImplicationsWashington, DC – Match

Shale Gas, LNG and Rising Demand – Driving Global Gas -٥
*Prices By Benjamin Schlesinger

Modern Shale Gas Development in the United States: A -٦
Primer Work Performed Under DEFG٢٦٠٤NT١٥٤٥٥

Prepared for U.S. Department of Energy Office of Fossil
Energy and National
Energy Technology Laboratory Prepared by Ground Water
Protection Council Oklahoma City, OK
www.gwpc.org and ALL Consulting ٤٩٧٢-٥١٦-٤٠٥ ٧٣١٤٢
.www.allllc ٧٥٨١-٣٨٢-٩١٨ ٧٤١١٩ Tulsa, OK
٢٠٠٩ com April
AN ECONOMIC IMPACT ANALYSIS OF THE -٧
HAYNESVILLE SHALE NATURAL GAS
EXPLORATION, DRILLING AND PRODUCTION SOME
,PRELIMINARY RESULTS Manfred Dix
Ph.D. Staff Economist Louisiana Department of Natural
Resources Technology Assessment Division
Greg Albrecht Chief Economist Legislative Fiscal Office
٢٠٠٨ ,٢٨ August
SHALE-DEPOSITED NATURAL GAS: A REVIEW OF -٨
:POTENTIAL - Leon D.rathwaite - Presented at
California Energy Commission Sacramento, California May
٢٠٠٩ ,١٤
US-:(٢٠٠٩ may ٨) Rice university ,News and media Relation -٩
Canadian shale could neutralize Russian
٢٠٠٩ May ٢٧ energy threat to European, accessed
١٠ - تولید از منابع نامتعارفگازی در ئمریکا و پیدایشافقهای جدید در
بازارهای جهانی گاز گبیعی- علی خواجوی و بهروز شاکر شیران -
اکتشافو تولید شماره ٧٠
/http://www.energydiplomacy.iies.ac.ir

# ئاسایشی وزە و گۆڕانی داهاتووی
# بازاڕەکانی نەوت و گاز

مەسعود درەخشان

گۆڕانی ئابوری، بازرگانی جیهانی و رووداوە سیاسییەکان لە دوو دەیەی ئەم دواییەی سەدەی بیست و دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەك، بە هاوتەریبی کەمبونەوەی پاشەکەوتی سەلمێنراوی نەوت و گاز لەلایەك و توانینی بەرهەمهێنانی بازرگانی لە پاشەکەوتی هایدرۆکاربۆنی نائاسایی لەلاکەی دیکە، نەخشەی دوورنمایەك لە بازاڕی جیهانی وزە دەکێشێت کە هەندێك پرۆسەکانی دەتوانێت بە شێوەیەکی رەزامەندی بەخش، پێشبینی بکرێت. ئەو بەڵگە و دەلیلانەی کە ئەو پرۆسەیە بەسەر سیاسەتدانانی نیشتمانی و ناوچەیی وزە، سەرمایەگوزارییەکان و ئاسایشی خستنەڕوو لە ئاستی جیهانی و پێگەی نەوت و گازی چوارچێوەی کەنداوی فارس لە بازرگانی جیهانیدا هەیەتی، گرنگی تایبەتی هەیە. لە پاڵ ئەو پرۆسەیە پێشبینیکردنی، نامسۆگەریەکیش هەیە کە رۆڵی گرنگ لە رەوتی گۆڕانی داهاتووی بازاڕی جیهانی وزە دەبینێت و بۆیە ئەنجامگیری لە پێشبینیەکان پێویستە بە مەرجی سیناریۆ مومکینەکان بە پلەیەك لە گریمانە بزانین.

کەمبونەوەی پاشەکەوتی سەلمێنراوی نەوت و گازی ئاسایی لە ناوەندە گەورە و سەرووی گەورەکان، راستییەکە کە ئێستاش بازاڕی جیهانی نەوت و گاز قبوڵی کردووە. رەوتی دۆزینەوەکان لەماوەی سێ دەیەی ئەم دواییە بە باشی نیشانیدەدات کە ئەگەری دۆزینەوەی ناوەندێك لە روانگەی قەبارەی نەوت لە شوێن، لە ریزی دۆزینەوەکانی دەیەکانی 1940 و 1950 بێت، هیچ نییە و بۆیە لە توێژینەوەی داهاتووی شرۆڤەیی لە بازاڕی جیهانی نەوت و گاز، ئەگەری دۆزینەوەی ناوەندی گەورە و سەرووی گەورەی نەوتی ناخرێتە روو، هیچ سیاسەتێکی ستراتیژی واقیعبینانە لە نەوت و گاز نییە کە بتوانێت ئەژماری تایبەتی بۆ ئاسانکردنی دۆزینەوەکان و کەڵکوەرگرتن لەوجۆرە ناوەندانە بکاتەوە. کەمبوونەوەی پاشەکەوتی سەلمێنراوی نەوت لەو ناوچانەی کە ساڵانێکە باری سەرەکی بەرهەمهێنانی جیهانییان لەسەر شانە – بە تایبەت

لە ناوچەی کەنداوی فارس – ڕاستییەکە کە لە ڕووی خستنەڕوو، تەواو پەسندکراوە و بێگومان لە ماوەیەکی زۆردا کاریگەری نەخوازراوی خۆی لەسەر هاوسەنگی خستنەڕوو و داواکاری جیهانی بۆ سوتەمەنی بەردینەیی نیشاندەدات. سەرەڕای ئەوە، هێشتا مسۆگەرنەبوونی جاروباری قەبارەی کەڵکوەرگرتن لە پاشەکەوتە سەلمێنراوەکانی نەوتی عێراق هەیە، کە دەتوانن پشکی بەرچاویان لە هێنانەئارای هاوسەناگی یان ناهاوسەنگییەکانی ناوچەیی و جیهانی بازاڕی نەوت دا هەبێت.

لە ڕووی خستنەڕوو، سەرنجدان لە توانای بە زەبر و ئەگەری زیادبوونی خێرای بەرهەمهێنانی بازرگانی لە پاشەکەوتەکانی نەوت و گازی نائاسایی، گرنگی تایبەتی هەیە. نادڵنیایی لە گەشەی زانستی هونەری بە مەبەستی کەمکردنەوەی تێچوونی زۆر قوورسی بەرهەمهێنان لە ناوەندێکی لەوچەشنە هێشتا هەیە، بەڵام بوونی ئەو پاشەکەوتە گەورانە مسۆگەرە، هەرچەند کە تێبینییەکانی ژینگەیی دەتوانێت لە چوارچێوە سەرەکییەکانی گەشەی کەڵکوەرگرتنی بازرگانی لەو پاشەکەوتانە بێت. لەو ڕووەوە، سەرنج لەوەی کە بەرهەمهێنان، گواستنەوە و پاڵاوتنی نەوت و گازی نائاسایی ئاڵودەییەکانی ژینگە پلە بە پلە زیاتر لە پێوانە لەگەڵ نەوت و گازی ئاسایی هەیەتی، تێبینییەکانی ژینگەیی و ستانداردە نوێیەکان لە ڕکابەری کردنی ئاڵودەییەکانی سەرچاوەگرتوو لە سوتەمەنیەکانی بەردینەیی، شوێنەواری نەخوازراوی خۆی لە قاڵبی چوارچێوەکانی توندتری یاسایی، لە سوود وەرگرتن لە سوتەمەنی نائاسایی، لە داهاتوویەکی نزیکدا دەردەکەوێت.

گۆڕانی ئێستا لە بازاڕەکانی نەوت و گاز لەلایەنی داواکاریش ڕووبەڕوی نامسۆگەرییە زۆر جدییەکان دەبێتەوە. گەشەی ئابوری چین، گرنگترین گۆڕانی داواکارییە. ئەگەر سیناریۆی بەردەوامی گەشەی ئابوری چین قبوڵبکەین، ئەوسا ئابوری ئەو وڵاتە لە داهاتووی نزیکدا دەبێتە گەورەترین بەکاربەری وزەی بەردینەیی و بۆیە هاوسەنگی خستنەڕوو،

بەتووندی کاریگەری لەسەر داواکـاری ناوچەیی وزە بەردینەییەکان دەبێت. ئاکامەکانی ئەوکارە لە کەمبونەوەی خستنەڕووی نەوت و گاز بۆ ئەوروپای خۆرئاوا و هەروەها بۆ وڵاتانی لە گەشەی ئاسیایی و ئەفریقیایی زۆر جدییە. بەڵگەنەویستە ئەگەر بەردەوامی گەشەی ئابوری چین هۆکاری کەمبونەوەی وزەی بەردینەیی بێت بۆ ئەوروپای خۆرئاوا بێت، ناهاوسەنگی دروستبووی بازاڕی جیهانی وزە دەتوانێت بەشێوەی گرژییەکانی زۆر جدی لە پەیوەندی سیاسی دەرکەوێت، کە بەڵگەودەلیل و ئاکامەکانی ئەوەندە شایانی تێبینی نابێت.

لەلاکەی دیکە، ئەگەری سەرهەڵدانی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان لە چین و کاریگەری لە سیاسەتەکانی ناوخۆ و لەسەر بەرهەمهێنانی پیشەسازی و داواکاری سوتەمەنی بەردینەیی ئەو وڵاتە، نابێت فەرامۆش بکرێت. مێژووی گۆڕانکاری سیاسی لە سەدەی بیستەم بە باشی ئەو خاڵەی دەرخستووە کە هەرکاتێك وڵاتی لە گەشەدا بکەوێتە رەوتی گەشەی خێرای ئابورییەوە، بواری گونجاو بۆ قەیرانەکانی کەلتوری و کۆمەڵایەتی دەڕەخسێت، چونکە گۆڕانکاری کەلتوری و کۆمەڵایەتی زۆرجار لەسەرخۆ ئەنجام دەدرێت و بۆیە توانای لەبار بۆناوەیی بوونی ئاکامەکانی نائابوری گەشەی ئابوری، زۆرجار هاوهەنگاوی گەشەی ئابوری نایەتەئارا. بەوشێوەیە کەلێنی چینایەتییەك کە دەرئەنجامی راستەوخۆی گەشەی خێرای ئابورییە، لە کۆمەڵگەکانی لە گەشەدا. قەیرانە ئابورییەکان کاردانەوەی سیاسی بە دواوە دەبێت کە دەتوانێت زوو بە هەڕەشەیەك بۆ سەقامگیری سیستمی سیاسی بگۆڕێت. ئەنجامەکەی گەشەی خێرای ئابوری چین و کاریگەری لە رووی داواکاری وزە، نەك تەنیا دەتوانێت هەڕەشەیەك بۆ هاوسەنگی خستنەڕوو و داواکاری وزەی بەردینەیی لە داهاتوویەکی نزیك بێت، بەڵکو چ جای دەتوانێت سیستمی سیاسی چین بخاتە بەردەم قەیرانە زۆر جدییەکان، کە بەنۆرەی خۆی شوێنەواری نەخوازراو لە بازاڕی جیهانی وزەی لەگەڵدا دەبێت.

داوکاری داهاتووی ئەمەریکای باکور بۆ نەوت و گاز، لەو گۆڕانکارییە سەرەکییانەی دیکەی بواری داواکارییە. لە چەند دەیەیەکی رابردوو، داواکاری ئەمەریکای باکور بۆ هاوردەی نەوتی خاو و گازی سروشتی (بە تایبەت بەشێوەی LNG) بەردەوام زیادیکردووە. پرسیارێکی سەرەکی لە شیکاری گۆڕانکاری داهاتووی بازاڕەکانی جیهانی نەوت و گاز ئەوەیە، کە ئایا ئەو پرۆسەیە هەروەك زیادبوونی داواکاری بەردەوامدەبێت یان دەبێتە هۆی کەڵکوەرگرتن لە پاشەکەوتەکانی نەوت و گازی نائاسایی لە ئەمەریکای باکور، کە گەشەی هاوردە تائاستێك هەموار بکرێت؟ سیاسەتەکانی دوو دەیەی رابردووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەربنەمای کەمکردنەوەی وابەستەیی بە هاوردەی نەوت و گاز کە هەروەك لەسەرەتای سیاسەتەکانی ستراتیژی وزەی ئەو وڵاتە دایە، ئەو گریمانەیە بەهێزدەکات کە ئەمەریکا لە پێگەی گەورەترین بەکارهێنەری وزە لە جیهاندا، رۆڵی پێشەنگی خۆی بۆ داواکاری جیهانی سوتەمەنی بەردینەیی لە داهاتوویەکی نزیکدا لە دەستداوە و لە گۆڕانکاری ئێستای بازاڕی جیهانی نەوت و گازدا، رووبەرووی رکابەری سەرسەختانەی چین دەبێتەوە. ئەگەر ئەو گریمانەیە قبوڵبکەین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەروەها کەنەدا بەردەوام ئاستی بەرهەمهێنان لە پاشەکەوتی گازە نائاساییەکانی خۆی زیاد دەکات – ئەوسا ئەوکارە کاریگەری تایبەتی بەسەر بازرگانی جیهانی LNG دەبێت، چونکە داواکاری ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ هاوردەی LNG، رەوتی هەڵکشانی رابردوو ناپارێزێت و بۆیە بازرگانی LNG زیاتر لەگەڵ چەقی بازاڕەکانی ئەوروپا و ئاسیا گەشە دەکات.

بەمەش ئەوەی بە کورتی لەبارەی گۆڕانەکانی لایەنەکانی خستنەڕوو و داواکاری وترا، دەکرێت بەو ئەنجامە بگەین کە ئەوروپا لە داهاتوودا روبەڕوی گرفتی زۆروزەوەندی دابینکردنی وزە بەردینەییەکانی پێویستی خۆی دەبێتەوە، چونکە وڵاتانی ئەوروپی بە تایبەت وڵاتانی پیشەسازی

ئەوروپای خۆرئاوا، وەك پێویست دەبوایە ركابەری هاوردەكارانی گەورەی ئاسیایی، بە تایبەتی چین و هند بكەن تا پێگەی گونجاو لە بازاڕی هەناردەی روسیا، ئاسیای ناوەند (بە زۆری قەرقیزستان)، خۆرئاوای ئەفریقیا و كەنداوی فارس بە دەستبێنن. لە وڵاتانی چوارچێوەی كەنداوی فارس، عێراق بەرزترین توانای بەزەبری هەناردەی بۆ ئەوروپای خۆرئاوا هەیە، هەرچەند پێداویستییەكانی ئەوروپا، بە سەرنجدان بە داوكاری زۆری چین و هند، ئەوەندە جدییە كە دابینكردنی نەوت و گاز بە هەر رادەیەك و لە هەر وڵاتێكی چوارچێوەی كەنداوی فارس بۆ ئەوروپا، ژیاری دەبێت. ئەوخاڵە نیشانی دەدات كە گوشارەكانی ئەم دواییەی ئەمەریكا بۆ وڵاتانی ئەوروپی لە كەمكردنەوە و یان وەستاندنی هاوردەی نەوتی خاو لە كۆماری ئیسلامی ئێران تاچەند دژی راستییەكانی بازاڕی نەوت و گازە. بۆیە لە ماوەیەكی زۆردا شكستدەهێنێت. بە دەستەواژەیەكی دیكە، هەلومەرجەكان و بارودۆخەكانی ئابوری ئەوروپا سەرئەنجام باڵادەستی خۆی بەسەر تێبینییە سیاسی و گوشارەكانی وڵاتێكی ئەوروپی نەبوودا دەسەپێنێت و شوێنكەوتەی ئەوروپا لە سیاسەتی یەكلایەنەی ئەمەریكا درەنگ یان زوو، لە ژێركاریگەری راستییەكانی بازاڕی جیهانی نەوت و گاز، كۆتایی دێت.

بەكورتی لەو خاڵە دەردەكەوێت كە بازاڕەكانی جیهانی نەوت و گاز و رەفتاری هەڵسوڕاوانی سەرەكی ئەو بازاڕانە چی لە رووی خستنەڕوو و چی لە رووی داواكاری و رۆڵی دەوڵەتەكان و كۆمپانیا نیشتمانی و نێودەوڵەتییەكانی نەوتی، لە بەردەم گۆڕانكاری بنچینەیی و كاریگەردانان دایە كە تێگەیشتنی راست و دروست لە پرۆسەی ئەو گۆڕانكارییە، بێگومان لە نوسینی سیاسەتەكانی كەڵكوەرگرتن لە پاشەكەوتەكانی نەوت و گازی ئێران، دەتوانێت كاریگەری هەبێت.

مەسەلەی ئاسایشی وزە لە ژێر رۆشنایی گۆڕانكاری خستنەڕوو و داواكاری جیهانی نەوت، بابەتی بەشی دووەمی ئەو وتارەیە.

سەرمایەگوزاری وڵاتانی گەورەی بەکاربەر لە وڵاتانی گەورەی خاوەن پاشەکەوت، کە لە ماوەی دەیەکانی رابردو و سیاسەتی قبوڵکراوی بەکاربەران بۆ دابینکردنی ئاسایشی خراوەڕوو بووە، لەبەشی سێیەمی ئەو وتارە شیکار و شیکردنەوە و نالێهاتوویی ئەو سیاسەتە بە کورتی روونکراوەتەوە. سەرنجی وڵاتانی گەورەی بەکاربەر بۆ بازاڕەکانی جیهانی و گرتنەبەری سیاسەتی باشتری بازرگانی لەجیاتی ستراتیژی لە دابینکردنی ئاسایشی وزە لەچوارچێوەی گۆڕانی ئێستای بازاڕەکانی نەوت و گاز، بابەتی بەشی چوارەمی ئەو وتارەیە. کۆبەندی خاڵە خراوە رووەکان، بەشی کۆتایی ئەو وتارە پێکدەهێنێت.

1. گۆڕانکاری خستنەڕوو و داواکاری جیهانی نەوتی خاو و مەسەلەی ئاسایشی وزە

هەروەك لە پێشەکی ئەو وتارەدا تێبینیکرا، گۆڕانی ئێستای بازاڕەکانی نەوت و گاز بە ئاڕاستەیەکە کە قورسایی ئاسیا بە تایبەت چین لە پرۆسەی داواکاری سوتەمەنییە بەردینەییەکان، قوورستر دەبێت و بۆیە زیاتر وابەستە بە هاوردەی نەوتی خاو و گازی سروشتی دەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا هەروەك شوێن سیاسەتی بەرگرتن لە زیادبوونی وابەستەیی بە هاوردەی نەوتی خاو و گازی سروشتی دەکەون و بە کەڵکوەرگرتن لە پاشەکەوتەکانی گازی نائاسایی خۆیان، بواری پێویست بۆ گۆڕانکاری بنچینەیی لە بازرگانی جیهانی LNG دەڕەخسێنن. هەموو ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوروپا رووبەڕوی هەڕەشەی خستنەڕووی نەوت و گاز بێتەوە، چونکە بە زۆرەملێیی پێویستە رکابەری چین لە دەستگەیشتن بە سەرچاوەکانی خستنەڕووی نەوت و گازی روسیا، کەنداوی فارس، خۆرئاوای ئەفریقیا و ئاسیای ناوەندی، بکات. بەمەش مەسەلەی ئاسایشی وزە لە داهاتوویەکی نزیك لە سەرەتای تێبینییە ستراتیژییەکانی وڵاتانی هاوردەکاری نەوت و گاز دەبێت. گرنگی ئەو مەسەلەیە لە سیناریۆی روودانی قەیرانەکان و

کێشمەکێشە سیاسییەکان لە کەنداوی فارس، بە تایبەت لە بارودۆخێکی نوێ کە بەرهەمی بێداری ئیسلامییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دوو ئەوەندە دەبێت، چونکە هەرجۆرە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە ناهاوسەنگی سیاسی هەندێك وڵاتانی گەورەی هەناردەکاری نەوتی لێدەکەوێتەوە، گریمانەی کەمبوونەوەی لە نەکاوی خستنەڕووی نەوتی خاوی زیادکردووە و نامسۆگەری لە ئاسایشی خستنەڕوو لە ماوەیەکی کەمدا و پەیتا پەیتا بە زۆری بەهێز دەکات.

لە بارودۆخێکی لەوچەشنەدا، سیاسەتی وڵاتانی گەورەی هاوردەکاری نەوت و گاز و دامەزراوەکانی پەیوەست پێیانەوە هەروەك (ڕێکخراوەکانی هاوکاری ئابوری و پەرەپێدان) OECD، (ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە) IEA و (ئیدارەی زانیاری وزەی ئەمەریکا) EIA بەردەوام ئەوە بووە کە بە خستنەڕووی ئامار و زانیارییەك کە بنەمای بەهێز و دروستی شارەزایی بەهێز نەبووە، نەخشەی وێنای لەخشتەبەری هاوسەنگی خستنەڕوو و داواکاری نەوتی خاو و گازی سروشتی لە ئاسۆی 2020، 2030 و تەنانەت 2035 بکێشن. هەندێك لە ناتەواوییە جدییەکان لەو پێشبینییانەی کە ئەو دامەزراوانە لە کەشوهەوای بازاڕی جیهانی نەوت و گاز بڵاویانکردۆتەوە، ئەوەیە کە یەکەم، قەبارەی پاشەکەوتەکانی سەلمێنراوی نەوتی خاو و گازی سروشتی بە تایبەت لە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك، زێدەڕۆییان لە راستی نیشاندانی کردووە. دووەم، لەگەڵ جەختکردنەوە لە سیاسەتەکانی باو لە بەشی وزەی وڵاتانی گەورەی بەکاربەر لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی بەڕێوەبردنی داواکاری، هەوڵدەدەن ئەو روانگەیە بێننەکایەوە، کە پرۆسەی روو لە گەشەی خەرجی نەوتی خاو و گازی سروشتی لە داهاتوودا دەتوانێت بە جۆرێکی باش بەڕێوەببرێت و بۆیە بازاڕی جیهانی نەوت و گاز رووبەروی زیادبوونی نرخێکی زۆر دەبێتەوە. سێیەم، دەکۆشن قەبارەی پاشەکەوتی نەوت و گازی نائاسایی و بەرهەمهێنانی داهاتوو لەو پاشەکەوتانە زیاتر لە راستی بخەملێنن و چوارەم، بە پشتبەستن بەو ئامارانەی کە بە جۆرێك

لەلایەن ئەندازیاران و نەك ئابوریزانانی وزە بەرهەمهاتووە، هەوڵدەدەن ئەوخاڵە بسەلمێنن کە پشکی وزە، قابیلی نوێکردنەوەیە هەروەك وزەکانی (خۆر، با)، بە تایبەت سوتەمەنیەکانی ژینگەیی لە تێکڕای خستنەڕووی جیهانی وزە روو لە زیادبوونە. بەوشێوەیە ئەنجامگیری دەکرێت کە جیهان رووبـەڕوی کەمبونەوەی وزە دەبێتەوە و نرخەکان رەوتی سروشتی و لۆژیکی خۆی دەبڕێت و پرۆسەی سەرمایەگوزاریەکان، لە هەلومەرجێکدا، کە خستنەڕوو و داواکاری هاوسەنگ دەبێت، لە هەموو بوارەکان لەوانە دۆزینەوە، گەشە، بەرهەمهێنان، زیادبوونی بۆچوون و کەمبوونەوەی زۆری وزە بەردەوام دەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە تێبینی ژینگەییش بە وردی رەچاودەکرێت.

گرتنەبەری کۆمەڵێك رێوشوێنی سەرەوە و پێشنیازی سیاسەتە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانی وزە لەسەربنەمای ستراتیژی فرەبەشی بۆ هاوردەی نەوتی خاو و گازی سروشتی و نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدانی پاشەکەوتەکانی ستراتیژی و پاڵپشتی سیاسی و دارایی لە کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان، لە ئەنجامدانی سەرمایەگوزارییە قوورسەکان لە کەڵکوەرگرتن لە کۆگای وڵاتانی خاوەن پاشەکەوتیش لە نۆژەنکردنەوەی هێڵەکانی گواستنەوە و هاوشێوەیان هەموویان بە ئاقاری نەخشەکێشانی وێنای دڵنیابەخش لە ئاسایشی وزە و پێدانی بەردەوامی و مانەوەی ئەو ئاسایشە بۆ چالاکوانانی بازاڕ گشتیتر لە خێزان، بنکەکان، کۆمپانیاکان و دەوڵەتەکانە. سەرەڕای دەزگا گەورەکەی شێواز، ئەوەی بە کردەوە رۆڵی یەکلاکەرەوەی لە کەمکردنەوەی وابەستەیی بە پاشەکەوتەکانی نەوت و گاز، بە تایبەت لە چوارچێوەی کەنداوی فارس هەیە، بوونی پاشەکەوتەکانی نەوت و گازی نائاسایی لە ئەمەریکای باکورە، کە تا ئاستێك توانیویەتی ببێتە کۆسپی بەردەم زیادبوونی زۆر وابەستەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا بۆ هاوردە بێت و یان ئەوە کە لانیکەم ئومێدبەخشی کەمبوونەوەی ئەو وابەستەییەیە لە داهاتوو.

سیاسەتی ستراتیژی وڵاتانی گەورەی پیشەسازی بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزە و هەوڵییان بۆ کەمکردنەوەی وابەستەیی بە هاوردەی نەوتی خاو و گازی سروشتی پێویستە سەرنج لە دووخاڵ بدرێت: یەکەم، وابەستەیی مێژووی وڵاتانی پشەسازی بۆ هاوردەی نەوتی خاو بە تایبەت لە چوارچێوەی کەنداوی فارس وایکردووە کە وڵاتانی هەناردەی نەوتیش بە تووندی وابەستەی داهاتی پارەی وڵاتانی تری بەرهەمی هەناردەی نەوتی خاو بن. بۆیە، سیاسەتی فرەبەشی بۆ هاوردە و یان بەرنامەڕێژی بۆ کەمکردنەوەی داهات لە چوارچێوەی کەنداوی فارس، لە راستیدا ئاسایش رەوتی دەستەبەرکردنی داهاتی پارەی وڵاتانی تر بۆ وڵاتانی هەناردەکار دەخاتە بەردەم مەترسییەوە کە بێگومان دژی سیاسەتە ستراتیژییەکانی ئەو وڵاتانەیە، بە تایبەت وڵاتانێك کە لە روانگەی سیاسی سەربە خۆرئاوان و پشتگیری جەماوەرییان نییە. دەکرێت ئەوخاڵە لە هەڵوێستگیری هەندێك بەرهەمهێنەرانی گەورەی ئۆپێك بە تایبەت سعودییە تێبینی بکرێت. عبد سالم ئەلبەدری، سکرتێری گشتی ئۆپێك لە دوازدەیەمین دانیشتنی وەزیرانی کۆمەڵەی جیهانی وزە IEF لە ئازاری 2010 لە مەکسیك بەم چەشنە دەڵێت: «ئاسایشی داواکاری بەهەمان رادە بۆ بەرهەمهێنەرانی نەوت گرنگە کە ئاسایشی خستنەڕوو بۆ بەکاربەران گرنگی هەیە... ناتوانرێت چاوەڕوانی زیادبوونی سەرمایەگوزاری لە کەڵکوەرگرتن لە کۆگاکانی نەوتی هەبێت و هاوکات پشتگیری پێویستی کەمبونەوەی خەرجییەکانی کرد و کۆمپیوتەرەکانی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی جێگرەوەی نەوتی خاو زیادکرد و رایسپاردن کە هاوردەی نەوت لە ناوچەیەکی دیاریکراو کەم بکەنەوە». دەکرێت لەو سۆنگەیەوە بڵێین کە سیاسەتی خۆرئاوا لە دابینکردنی ئاسایشی وزە لە هەندێك لایەنەوە لەگەڵ سیاسەتەکانی باڵادەست لە زۆرێك لە وڵاتانی گەورەی هەناردەکاری نەوتی خاو بە تایبەت لە کەنداوی فارس، یەکناگرنەوە.

دووەم، چین نەك تەنیا سەرنجی لەسەر ستراتیژی هەمەجۆری هاوردە

و بەهێزکردنی وزەی جێگرەوەی نەوتی خاو و گازی سروشتییە، بەڵکو بەتووندی نیگەرانی شوێنەواری خراپی هەندێك سیاسەتی باوی وڵاتانی خۆرئاوایە کە نەك تەنیا تەنگپێهەڵچنینی دارایی بۆ وڵاتانی هەناردەکاری نەوتی لەگەڵە، بەڵکو بواری بەرکەوتەکان و کێشمەکێشەکانی سیاسی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش دەڕەخسێنێت. لە راستیدا چین ئەو سیاسەتانە بە مەترسیەکی جدی بۆ ئاسایشی خستنە روو دەزانێت: «پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە رێگەی کۆمەك و هاوکاریەکانی بەرامبەر هەوڵبدات کە سەقامگیری لە وڵاتانی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری نەوتی خاو بە تایبەت لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی ئاسایشی رێڕەوە نێودەوڵەتییەکانی گواستنەوەی وزە دابین بکات و پێش بە بەرکەوتەی سیاسی ناوچەیی کە دەتوانێت خستنەڕووی جیهانی وزە بخاتە ژێرکاریگەرییەوە، بگیردرێت».

سیاسەتە ستراتیژیەکانی چین بۆ باسێك کە تێپەڕی، لە بنچینەدا لە سیاسەتەکانی وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەوروپای خۆرئاوا و یان تەنانەت ژاپۆن تێبینی ناکرێت و بۆیە ئەو گریمانەیە دەخاتە روو کە سیاسەتی ئاسایشی وزەی چین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەوروپای خۆرئاوا و ژاپۆن، جیاوازە (Mitchell, 2010). بەڵام پێدەچێت کە ئەزمونی ئەوجۆرە گریمانانە پێویستی بە رامانی زیاترە. پێویستە بزانین مەبەستی چین لە دابینکردنی «سەقامگیری» لە وڵاتانی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری نەوت بە تایبەت لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست چییە؟ ئەگەر مەبەست، پاراستن و سەقامگیری سیستمە سیاسییەکانی سەربە خۆرئاوا لە هەندێك وڵاتانی گەورەی بەرهەمێنەر و هەناردەکاری نەوتە لە کەنداوی فارس، ئەوکاتە سیاسەتی ستراتیژی چین رێك بە ئاقاری سیاسەتی ستراتیژی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی ئەوروپایەتی. لەلایەکی دیکە، ئەگەر بەمچەشنە «ناسەقامگیرییە سیاسییەکان» کە چین نیگەرانیەتی، سەرچاوە لە جوڵانەوە شۆڕشگێڕییە جەماوەریەکانی ئەو وڵاتانە بگرێت، ئەوسا

دەکرێت چاوەڕێبێت کە ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانە، رووخانی سیستمی سیاسی باڵادەستی وڵاتانی وابەستەی لێبکەوێتەوە. ئینجا بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتووی ئەو وڵاتانە پێویست دەکات کە حکومەتە جەماوەری و شۆڕشگێڕەکان، لەگەڵ جێبەجێکردنی بەرنامەی راستودروستی بەڕێوەبردنی کۆگاکان و بەرهەمهێنانی چاودێری، هەڵگرتن لە کۆگاکان کەمبکەنەوە، تا بەهای ئابوری قەبارەی پاشەکەوتە سەلمێنراوەکان، زۆربەبێت. بەڵگەنەویستە گرتنەبەری سیاسەتێکی لەوچشەنە هۆکاری کەمبوونەوەی هەناردەی نەوتی خاو و زیادبوونی زۆری نرخەکانی دەبێت. بەوشێوەیە، وڵاتانی هەناردەی نەوتی خاو دەتوانن بە قەبارەی کەمتر لە هەناردە، داهاتی پارەی وڵاتانی تر، پێویستی خۆیان دابین بکەن. بەڵام هەموو ئەوانە واتا کەوتنە مەترسییەوەی ئاسایشی خستنەڕووی وزە بۆ وڵاتانی خۆرئاوا، چین و ژاپۆن. لەو روانگەیەوە تێبینی دەکرێت کە سیاسەتی چین بەرامبەر خاوەن کۆگا گەورەکانی نەوتی لە کەنداوی فارس، لە رووی ماناوە لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی جیاواز نییە. رەنگە بتوانرێت بوترێت کە سیاسەتەکانی روسیا لەوانەیە لەوبارەیەوە ریزپەڕبێت، چونکە یەکەم، ئەو وڵاتە بەرهەمهێنەرێکی گەورەی نەوتی خاوە و دووەم، هەر گۆڕانێك لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە نرخی نەوتی خاو بەرزبکاتەوە، بە قازانجی ئەو وڵاتە تەواو دەبێت، چونکە نرخە نزمەکانی نەوتی خاو بە هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەقامگیری سیستمە سیاسی و ئابوریەکانی روسیا، ئەژمار دەکرێت.

2.سیاسەتەکانی سەرمایەگوزاری لە وڵاتانی خاوەن پاشەکەوت و ستراتیژیەتی ئاسایشی وزە

لەوکاتەوە کە نەوتی خاو وەك کاڵایەکی ستراتیژی پێگەی تایبەتی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی وڵاتانی خۆرئاوا بە دەستهێنا، بەرژەوەندی ئەو وڵاتە دەیویست کە کۆمپانیا نەوتییەکانی خۆی هانبدات و پاڵپشتی بکات کە لە چوارچێوەی دۆزینەوە، پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی

کۆگای نەوتی لە وڵاتانی خاوەن نەوت سەرمایەگوزاری بکەن. مەخابن سەرەتای چیرۆکی نەوت بەم نزیکانە بە ڕێککەوتنی وڵاتانی لەگەشەی نەوتی ئەو ڕاستیەیە کە لە ڕوانگەی جوگرافی، پاشەکەوتی گەورەی نەوتی لە ناوچەیەکە کە لە ڕووی ئابورییەوە، پیشەسازی نین و وڵاتانی گەورەی پیشەسازی بە جۆرێك پاشەکەوتی نەوتی زۆریان نابێت. بەڵگەنەویستە کە ئەو دابەشکردنە نەگونجاوەی جوگرافی بە کردەوە ناتوانێت بگۆڕێت، بەڵام داڕێژەرانی سیاسەتی وڵاتانی پیشەسازی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنێك کە بە جۆرێك ئیمپریالیزمی بووە، توانیویانە بەڕێوەبردنی ئەو کۆگا نەوتییانە بەدەستەوەبگرن و ئەو پۆلێنکارییە جوگرافییە کە بەشێوەیەکی سروشتی بە قازانجی وڵاتانی خاوەن کۆگا بوو، بە هاوکاری بەرنامەڕێژی ستراتیژی بە قازانجی خۆیان بگۆڕن.

ئایا لە مێژووی سەد ساڵەی نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، وڵاتانی گەورەی پیشەسازی بە هەماهەنگی و ڕێککەوتن، پارووی نەوتییان لە ڕێگەی کۆمپانییە نێودەوڵەتییەکانی نەوتی لەنێوان خۆیان دابەشکرد یان پەنهان و ئاشکرا ڕکابەری یەکترییان کردووە؟ دیارە ئەو پرسیارە زۆر سەرنجڕاکێش و بنچینەییە، هەرچەند وەڵامدانەوەی لە توانای ئەو وتارەدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاری چەندین ساڵەی حەوت خوشکانی نەوتی بەڵگەودەلیلی لەسەر هەماهەنگییە پەنهانییەکانی زۆرێك لە چالاکییەکانی نەوتی، لەوانە دۆزینەوە و بەرهەمهێنان هەیە. لە بارودۆخی ئێستادا کە بازاڕی جیهانی نەوت لە پاوانکاری حەوت خوشکان بەدەرە و وەك دیارە ڕکابەری نێوان ئەو کۆمپانیایانە تێبینی دەکرێت، گرنگی و پێویستی دەستگەیشتن بە پاشەکەوتی گەورەی نەوتی و دابینکردنی ئاسایشی وزە نەك تەنیا کەمتر نەبووە، بەڵکو بەهۆی کەمبونەوەی پاشەکەوتی سەلمێنراوی نەوتی، پلە بە پلە زیادی کردووە.

بە داخەوە هەروەك ڕابردوو، زانیاری ورد لە سیاسەتەکانی ناوخۆی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی و ستراتیژیەتی درێژماوە و پەیوەندییان

بە یەکتری و لەگەڵ داڕێژەرانی سیاسەتی وزە لە وڵاتانی پیشەسازی بەکاربەر و هەروەها دەوڵەتانی باڵادەست لە وڵاتانی هەناردەکار لەبەردەست نییە و بۆیە بۆچوون و ستراتیژیەکانی ئەو کۆمپانیایانە لە خەرمانەیەك لە ئاڵۆزی دایە. بەڵام هەرهێندە دەزانین کە دوای بە رکابەری بوونی رواڵەتی بازاڕی جیهانی نەوت، سیاسەتی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی و دەوڵەتانی خۆرئاوا لە سەرمایەگوزاریەکانی پەیوەند بە دۆزینەوە و گەشە و بەرهەمهێنانی ناوەندی، رێکارێکی ئامادەیی کارای کۆمپانیا نەوتییەکان و دەوڵەتانی خۆرئاوا لە وڵاتانی خاوەن پاشەکەوت بووە و هەیە و ئەو باوەڕە گشتییە هەیە کە کۆمپانیا یان دەوڵەتی سەرمایەگوزار مافی پێشکەوتنی سەبارەت بە کۆمپانیاکانی دیکەی نەوتی یان دەوڵەتەکان لە پاشەکەوت سوودمەند دەبێت کە لە راستیدا دەکرێت بە هەنگاوی کاریگەر بە ئاقاری دابینکردنی ئاسایشی وزە بۆ وڵاتانی ناوبراو ئەژمار بکرێت.

هەڵبەتە لە هەموو وڵاتان جگە لە ئەمەریکا و کەنەدا، خاوەنداریەت و باڵادەستی دەوڵەت بەسەر کۆگاکانی نەوتی لەجیاتی بنەمایەکی یاسایی، تەواو قبوڵکراوە و بۆیە دەرکردنی مۆڵەتی چالاکییەکانی دۆزینەوە، گەشە و بەرهەمهێنانی ناوەندی تەنیا لە چوارچێوەی گرێبەستەکانی نەوتی ئەنجام دەدرێت کە بە جۆرێك بە شێوەی رژێمە یاساییە ئیمتیازیەکان، سەرمایەگوزاری هاوبەش، بەشداری کردن لە بەرهەمهێنان، پەیمانکاری و هاوشێوەی ئەنجامدەدرێت، لەگەڵ ئەوەی تەواوی ئەو رژێمە یاساییانە جەختییان لەوخاڵە کردۆتەوە کە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی ئەرکی سەرشانیانە بەباشی کۆگاکان بەڕێوەبەرن و لە کاری خۆیاندا پێویستە بەرژەوەندی وڵاتی خاوەن کۆگا بە دیقەتەوە رەچاو بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، کاری کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی لە وڵاتانی لە گەشەی نەوتی ئەو راستییە بە باشی نیشانیدەدات کە ئەوەی ئەو کۆمپانیایانە بەدوایەوە بوون و بە دوایەوەن، دابەزاندنی تێچوونەکانی

سەرمایەگوزارییە، لە کاتێکدا کە بەرژەوەندی نیشتمانی وڵاتانی خاوەن کۆگا دەیانەوێت بەهای ئابوری کۆگا پێویستە زۆربەبێت تا بەوهۆیەوە بەرژەوەندی نەوەی ئێستا و نەوەی داهاتوو لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی چاودێری یان زۆربەی بەرهەمهێنانی کارا دابین بکرێت.

بە پێی زانستی بەڕێوەبردنی کۆگاکان، بەئاستی زۆرگەیاندنی بەهای دۆلاری کۆگا، پێویستی بە ئاستی زۆرگەیاندنی بەرهەمهێنان لە کاتێکدا بەهۆی گرتنەبەری ئەو میتۆدانەوەیە کە زۆرەی جێگۆڕکێی نەوتی کۆگاکان لانیکەمی کاتی بە دوادایە، لە کاتێکدا کە بەئاستی زۆرگەیاندنی بەهای ئابوری کۆگا بە درێژایی کات پێویستی بە نەخشەسازی پرۆسەی چاککردنی بەرهەمهێنان لە کۆگا و دوورکەوتنەوە لە پەلەکردنە لە بەرهەمهێنان، لەگەڵ ئەوەی کە گرتنەبەری سیاسەتی دروستی زیادکردنی هەڵگرتنەوە و بەرهەمهێنانی مام ناوەندی و لە وتەیەکدا میتۆدی دروستی زیادکردن و تەندروستکردنی دۆزینەوەی جارێکی دیکەی نەوت EOR و IOR لە ڕێگەی تێکەڵکردنی گاز یان ئاو یان هەردوو بە کۆگا (تایبەت بە تایبەتمەندیەکانی بەردینی کۆگا و ڕەوان لەجێدا) پێویستە هەر لەسەرەتای سودوەرگرتن لە کۆگا (لە بەشی دۆزینەوەی جارێکی دیکەی سەرەتایی) بخرێتە بەرچاو بەڕێوەبەران. بە سەرنجدان بەوەی تێپەڕی، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەرژەوەندی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی لە کەڵکوەرگرتن لە کۆگاکانی نەوتی لە وڵاتانی لە گەشە، لۆژیکییانە ناتوانێت هاوڕای بەرژەوەندی نێوان نەوەی ئەو وڵاتانە بێت. شێوازی کاری کۆمپانیاکانی نێودەوڵەتی نەوتی لە بەڕێوەبردنی کۆگاکان بۆ بەئاستی زۆرگەیاندنی بەهای دۆلاری کۆگا لە لانیکەمی کات، بێگومان زیانی قەرەبوونەکراوە لە کۆگاکانی نەوتی دەدات. بە داخەوە بەهۆی کەمبونەوەی زانستی هونەری و لاوازی بەڕێوەبردنی پرۆژە گەورەکان لە کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوتی لە لایەك و سەربەخۆ نەبوونی سیاسی لە زۆربەی ئەو وڵاتانە لە لاکەی

دیکە، زۆرجار شوێنەواری زیانبەخش کە کاری نەگونجاوی کۆمپانیاکانی نێودەوڵەتی نەوتی بەسەر کۆگای نەوتییەوە هەیبووە، بێئاگا بووە و بۆیە بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوو تا ئاستێکی زۆر زیاد لە دەستچووە.

بە سەرنجدان لە خاڵەکانی ســەرەوە، پرسیارێکی گرنگ لە روانگەی ستراتیژی بۆ وڵاتانی لە گەشەی نەوتی دەخرێتە روو. ئەگەر سەرمایەگوزاری کۆمپانیاکانی نەوتی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی خۆرئاوا لە دۆزینەوە و گەشە و بەرهەمهێنان لە ناوەندی نەوت و گاز لە وڵاتانی لە گەشەدا، رێکارێکی بنچینەیی لە دابینکردنی ئاسایشی وزە بە تایبەت بۆ وڵاتانی سەرمایەگوزارییە؟ ئایا دامەزراوەی ئاست نیشتمانی و نێودەوڵەتی هەیە کە چاودێری، رێنمایی و هاوتەریب کردنی ئەو سەرمایەگوزاریانە لەگەڵ بەرژەوەندی نەوەی ئێستا و نەوەی داهاتوو لە ئەستۆ بگرن؟ لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، یەکەم، بە کورتی ئاماژە بە رۆڵی ئۆپێك کە گەورەترین رێکخراوی نەوتی وڵاتانی لە گەشەدایە، دەکەین و پاشان لە پێگەی کۆمپانیاکانی نیشتمانی نەوتی لە هەندێك وڵاتانی سەرەکی بەرهەمهێنەری نەوتی خاو دەکۆڵینەوە.

دەزانین «رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت» ئۆپێك،ساڵی 1960 بە دەستپێشخەری ڤەنزوێلا و بە رەزامەندی وڵاتانی ئێران، سعودییە، عێراق و کوەیت دامەزرا. پاڵنەری سەرەکی ئەو پێنج وڵاتە ئەوەیان دامەزراند کە بەرەیەك پێکبهێنن تا لە بەرامبەر کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی بتوانن دەسەڵاتی زۆرتر بۆ وەرگرتنی سودی خاوەندارانە و زیادبوونی باج و خەراج بە دەستبێنن. کورتە مێژووی ئۆپێك ئاماژەیەکی لە هەوراز و نشێوە زۆرو زەوەندەکانی کار و سەرکەوتنەکان و ناکامییەکانی ئۆپێك. بەڵام هەرچۆنێکبێت، شۆکی نەوتی ساڵی 1973 کە دوای قەیرانی نەوتی عەرەب و شۆکی نەوتی ساڵی 1979، کە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران روویدا، وایکرد خولانەوەی پێدانی ئیمتیاز بە کۆمپانیاکانی بێگانە بە کردەوە کۆتاییپێبێت و وەرزێکی نوێی پەیوەندی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك

و کۆمپانیاکانی نێودەوڵەتی نەوتی دەستی پێکرد، کە رۆڵی ئۆپێك لە بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان لە رێگەی پشکبەندی و کەمکردنەوە یان زیادکردنی قەبارەی بەرهەمهێنان لە دانیشتنی وەزیرانی نەوت، زۆر زەقە. لەگەڵ ئەوەشدا، نە لە پەیڕەوی ئۆپێك و نە لە دانیشتنەکانی ئۆپێك هەرگیز باسی چەندایەتی و چۆنایەتی سەرمایەگوزاری کۆمپانیا گەورەکانی نەوت لە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك نەکراوە و مەسەلەیەك بەو پلەیە گرنگ، نەبۆتە جێسەرنجی جدی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت. تاکە خاڵێك کە لەوبارەیەوە جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، ئەو چوارچێوانەن کە لە روانگەی یاسایی دوای بە نیشتمانی بوونی نەوت لە دەیەکانی 1970 و 1980، بۆ سەرمایەگوزاری کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی لە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك هاتەئارا. ئەو چوارچێوانە بەرهەمی هەوڵە سیاسییەکانی وڵاتانی خاوەن پاشەکەوت و گۆڕانکاری بازاڕی جیهانی نەوت بووە و لە بنچینەدا فڕی بە سەر بڕیارە ورییاکانی ئۆپێکەوە نەبووە.

ئێستا بە کورتی پێگەی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی (دەوڵەتی) نەوتی لە ئاسایشی خستنەڕووی وزە لە روانگەی رۆڵێك کە ئەو کۆمپانیایانە لە پرۆسەی سەرمایەگوزاری کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی و دەوڵەتانی خۆرئاوا لە کەڵکوەرگرتن لە پاشەکەوتی نەوتی هەیانە، دەکۆڵینەوە.

رۆڵی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوتی لە وڵاتانی لە گەشەی نەوتی بۆ دابینکردنی ئاسایشی خستنەڕووی وزە بۆ وڵاتانی هاوردەکار، گرنگیی زۆرە. بە مەبەستی شیکاری بەراوردکاری، سەرەتا ئاماژە بەوخاڵە دەکەین کە تەواوی کارەکانی زنجیرەی بەهای نەوتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، بەریتانیا و ئوستڕالیا لە لایەن بەشی تایبەتی ئەنجام دەدرێـت و لە بنچینەدا هیچ کۆمپانیایەکی نەوتی دەوڵەتی لەو وڵاتانەدا نییە. هەڵبەتە چاودێری و بەڕێوەبردنی دەوڵەتان لە پرۆسەی سەرمایەگوزارییەکانی دۆزینەوە، گەشە و بەرهەمهێنان لە ناوەندی تەنیا لە رێگەی بەڕێوەبردنی پێدانی گرێبەستی ئیمتیازی بە بەشی تایبەتی

و هەروەها دیاریکردنی نرخی باشی باج و خەراج و چۆنیەتی پێدانی مۆڵەتی گەشەی ناوەندی ئەنجامدەدرێت. لە وڵاتانی لە گەشەی نەوتی قەبارەی سەرمایەگوزارییەکانی ئەنجامدراو لە لایەن کۆمپانیا نەوتییەکانی دەرەکی لە دۆزینەوە، گەشە و بەرهەمهێنانی رێك پەیڕەوێك لە ئاستی بەشداری کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوتی لەو وڵاتانە لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرەکی لە لایەك و بە توانایی کۆمپانیا نیشتمانییەکان لە روانگەی زانستی هونەری، ئەزمون و قەبارەی سەرچاوەکانی داراییان لە لاکەی دیکە بووە. ئێستاش کۆمپانیا نەوتییە تایبەتییەکانی وڵاتانی لە گەشەی نەوتیش رۆڵی جێ سەرنج و روو لە زیادبوون لە سەرمایەگوزارییەکانی نەوت و گاز، لە چوارچێوەی هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیاکانی نیشتمانی، هەیانە. بوونی کۆمپانیاکانی نەوتی تایبەتی لە زنجیرەی بەهای نەوت، پەیڕەوی لە زانستی هونەری، ئەزمون، توانای دارایـی و سیستمە یاساییەکانی هەر وڵاتێکە. هەرچۆنێکبێت، بوونی کۆمپانیاکانی تایبەتی لە پاڵ کۆمپانیا نیشتمانییەکانەوە لە بەشی گاز پلە بە پلە لە بەشی نەوت زیاترە، چونکە کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوت، بە سەرنجدان بە پێشینەی مێژوویی، بوونی کاراترییان لە بەشی نەوت هەبووە، لەگەڵ ئەوەی کە لە روانگەی بەڕێوەبەرانی شارەزای بەشی وزە و بەرپرسانی سیاسی لە وڵاتانی لە گەشەی نەوتی، زۆرجار بەشی نەوتی لە روانگەی بازرگانی دەرەکی و دەستەبەرکردنی داهاتی پارەی وڵاتانی تر، گرنگی ستراتیژی سەبارەت بە بەشی گاز زیاترە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوت لە هەموو هەلومەرجەکاندا، ئیمتیازی لە پێوانە لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی دەرەکی یان کۆمپانیای نەوتی تایبەتی زیاتر بووە و دەبێت. چاوخشاندنێك بە بارودۆخی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوت لە وڵاتانی لە گەشەی نەوتی و هەندێك وڵاتی گەشەکردوی نەوتی نیشانیدەدات کە رۆڵی ئەو کۆمپانیایانە لە بەرهەمهێناندا زۆر بنەڕەتی بووە و دەبێت. لە

راستیدا، ئاستی بوونی کۆمپانیای نەوتی دەرەکی و رۆڵییان لە دابینکردنی نەوتی خاو بە تووندی کەوتۆتە ژێرکاریگەری بەڕێوەبردن، توانای هونەری و دارایی و ئەزمونەکانی کۆمپانیاکانی نیشتمانی نەوتەوە.

وەك نمونە، بەرهەمهێنانی نەوتی مەکسیك تایبەتە بە کۆمپانیای دەوڵەتی (پمکس). لە نەرویج، کۆمپانیای نەوتی دەوڵەتی ستات ئۆیل بەڕێوەبەری سەرەکی دۆزینەوە، گەشە و بەرهەمهێنانی ناوەندی بەدەستەو بوونی کۆمپانیاکانی نەوتی نێودەوڵەتی تەنیا لە رێگەی پێدانی مۆڵەت لەلایەن ستات ئۆیلەوە دەبێت. رۆژ نەوت، لە روسیا، تاکە کۆمپانیای دەوڵەتییە کە بەڕێوەبردنی کەڵکوەرگرتن لە کۆگاکانی نەوتی ئەو وڵاتەی بەدەستەوەیە و بوونی کۆمپانیای نەوتی تایبەتی و دەرەکی تەنیا لە رێگەی بەشداری لەگەڵ رۆژ نەوت دەبێت. تەنانەت هێڵەکانی گواستنەوەش لەلایەن کۆمپانیای دەوڵەتی (ترانزنەوت) ئەنجامدەدرێت.

کەڵکوەرگرتن لە کۆگاکانی نەوتی وڵاتانی ئاسیای ناوەند و ئازەربایجان، جەزائیر، نایجیریا، ئەنگۆلا، بەرازیل، ڤەنزوێلا، چین و هندیش لەلایەن کۆمپانیا دەوڵەتییەکان ئەنجامدەدرێت و بوونی کۆمپانیای نەوتی تایبەتی ناوەوە و دەرەوە لەگەڵ پێدانی مۆڵەتی کۆمپانیای دەوڵەتی دەبێت. دۆزینەوە، گەشە و بەرهەمهێنان لە کۆگای نەوتی لە ئێران، سعودییە، کوەیت و قەتەر بە ریز پاوانی کۆمپانیای نەوتی دەوڵەتییە هەرچەند کە بە کۆمپانیاکانی نەوتی تایبەتی ژێر هەلومەرج، گرێبەستەکانی پەیمانکاری دەدرێت و لە هەندێك لاوە بوونی کۆمپانیای نەوتی دەرەکی لە چوارچێوەی گرێبەستەکانی پەیمانکاری و فرۆشتنی بەرامبەر ئاسانە.

تێبینی دەکرێت کە قۆناغی زێڕینی بوونی کارا و رۆڵی یەکلاکەرەوەی کۆمپانیاکانی نەوتی دەرەکی لە وڵاتانی گەورەی هەناردەی نەوت کۆتایی هاتووە و سوود وەرگرتن لە کۆمپانیای نەوتی دەرەکی بۆ دابینکردنی ئاسایشی خستنەڕووی نەوتی خاو بۆ وڵاتانی گەورەی پیشەسازی

کە هاوردەکارانی سەرەکی نەوتی خاون، کارایی خۆی بە شێوەیەکی بنچینەیی لە دەستداوە. ئێستا لە ڕێکارەکانی دیکەی دابینکردنی ئاسایشی خستنەڕووی وزە دەکۆڵینەوە کە لە ڕوانگەی مێژووییەوە بەردەوام جێ سەرنجی سیاسەتگوزارانی بەشی وزەی وڵاتانی گەورەی هاوردەکاری نەوتی خاو بووە.

2. سیاسەتەکانی بازرگانی و ستراتیژیەتی دابینکردنی ئاسایشی وزە

لە بەشی دووەمی ئەم وتارەدا بینیمان کە لە ڕوانگەی وڵاتانی گەورەی بەکاربەری نەوتی خاو کە بە جۆرێك وڵاتانی پیشەسازین، دابەشکردنی جوگرافی نەگونجاوی کۆگاکانی نەوتی لە جیهان گرنگترین هەڕەشەی دژی ئاسایشی وزەی ئەو وڵاتانە بووە و دەبێت. کۆگا گەورەکانی نەوتی زۆربەیان لەو وڵاتانەن کە لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی پیشەسازییەوە پێشکەوتوو نین و وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی یان لە بنچینەدا پاشەکەوتی نەوتییان نییە، وەك ژاپۆن یان ئەوەی کە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی نەوتییان بە ڕەهایی وەڵامدەرەوەی پێداویستی پیشەسازیان نییە، وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لەم ساڵانەی دوایی، چین و هند خرانەسەر گرووپی دووەم. هەروەك کە وترا، ئاشکرا کردنی کۆگای گەورەی نەوت و گازی نائاسایی لە ئەمەریکاو کەنەدا و بەرهەمهێنانی فراوانی بازرگانی لەو کۆگا گەورانە لە داهاتووی نزیك لە لایەك و بەردەوامی سیاسەتی چەندان ساڵەی ئەمەریکا لە کەمکردنەوەی وابەستەیی بە هاوردەی نەوتی خاو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (بە زۆری لە (PG5)، وێنەی ئاسایشی وزەی لە جیهانی بە شێوازێکی تێبینیکراو گۆڕیووە. سەرنجی ڕۆژانەی پێنج وڵاتی گەورەی بەرهەمهێنەری نەوت و گازی کەنداوی فارس بەرەو ئاسیا بە تایبەت چین کە لە داهاتوویەکی نزیك لە ڕوانگەی خەرجی نەوت و گاز ڕکابەری ئەمەریکا دەکات، بووەتە هۆی ئەوەی کە سیاسەتەکانی بازرگانی ئەوروپای خۆرئاوا بۆ دابینکردنی ئاسایشی خستنەڕووی وزە زیاتر بەلای ڕوسیا دابێت و ئەوە لە کاتێکدایە

کە ئامڕازە باوەکانی دابینکردنی ئاسایشی خستنەڕووی وزە بۆ وڵاتانی گەورەی پیشەسازی هەروەك بوونی کارای کۆمپانیا نەوتییەکانی دەرەکی لە چوارچێوەی دۆزینەوە، گەشە و بەرهەمهێنان لە وڵاتانی خاوەن پاشەکەوت (هەروەك لە بەشی سێیەمی وتارەکە بینیمان) لێهاتویی رابردووی خۆی بە تێکڕایی لە دەستداوە. بۆیە، سیاسەتە نوێیەکانی بازرگانی، ستراتیژیەکی دیکەیە کە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خستنەڕووی وزە لە لایەن وڵاتانی گەورەی بەکاربەر گیراوەتەبەر، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێك وڵاتی خاوەن پاشەکەوتی نەوت و گازیش کە نیگەرانی ئاسایشی داواکاری نەوت و گازن، پەنایان بردۆتەبەر ئەو رێکارانە. هەروەك لە درێژەی ئەو بەشەدا دەیبینین، کارایی ئەو ستراتیژیەش زۆر سنوردار دەبێت.

لە باسەکەی پێشوودا ئەوخاڵەمان دەرخست کە بوونی کۆمپانیای نەوتی دەرەکی لە وڵاتانی خاوەن پاشەکەوت دڵنیایی بۆ وڵاتانی پیشەسازی دەهێنایەئارا، چونکە لە کاتی روودانی قەیران لە بازاڕی جیهانی نەوت، چاوەڕێ دەکرا کە ئەو کۆمپانیایانەی نەوتی بتوانن بەرژەوەندی وڵاتی پەیڕەوی لێکراوی خۆیان بە شێوازێکی گونجاو دابین بکەن. بەڵام گۆڕانێك کە بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی بیستەم لە ئابوری جیهانی روویدا و پاوانکاری چەند وڵاتێکی گەورەی خۆرئاوا بەسەر بەرهەمهێنانی پیشەسازی و بازرگانی جیهانی، رووبەڕوی ململانێی جدی کردەوە و تەنانەت لە زۆربەی لاوە ئەو دەسەڵاتە پاوانکارییەی تێکشکاند. وایکرد کە کۆمپانیا نەوتییەکانی دەرەکی هەروەك کۆمپانیا گەورەکانی دیکە، زیاد لەوەی بیر لە بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی پەیڕەوی لێکراوی خۆیان بکەنەوە، لە بیری بەرژەوەندی بازرگانی خۆیان دابن و بۆیە ئەو بازاڕانە دەکەنە ئامانج کە قازانجی زۆرتریان بۆ دابین بکات. ئەو گریمانەیە کە کۆمپانیا نەوتییەکانی دەرەکی دەستییان لە کەین و بەین شۆرد و وازییان لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانیان لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی هێنا

و بوونە ئەو بنکانەی کە تەنیا ئابوری – بازرگانیین و جگە لە دابینکردنی بەرژەوەندی پشکدارانی خودی خۆیشی لە بازارەکانی تەواو رکابەری، بە دوای ئامانجێکی دیکەدا ناگەڕێن و لەگەڵ شایەتحاڵەکان قابیلی قبوڵ نییە. راستی ئەوەیە کە ماهیەتی پیشەسازییەکانی نەوت و گاز لە لایەك و تایبەتمەندیەکانی بازاڕی جیهانی نەوت و گاز بە تایبەت ستراتیژی بوونی کاڵای نەوت و گاز لە لاکەی دیکە، هەلومەرجەکانی ئەو داواکاریانەی رەخساندووە کە کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی نێودەوڵەتی ناتوانن خۆیان لە کەش و هەوای سیاسی و مامەڵەی پەنهان و ئاشکرا لەگەڵ دەوڵەتمەردان و داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوە لە ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی بە تایبەت لەگەڵ وڵاتانی لە گەشەی نەوتی جیابکەنەوە. بەڵام مەسەلەیەکە کە نابێت لە شیکاری ئاسایشی وزە دا، فەرامۆش بکرێت.

رێککەوتنە ئەنجامدراوەکان لە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە IEA و هەڵگرتنی پاشەکەوتی ستراتیژی و هاوکاری زۆر نزیکی IEA یەکیەتی ئەوروپا بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزە لە کاتی سەرهەڵدانی هەلومەرجەکانی قەیرانی و نا ئاسایی، بەڵگەودەلیلی لەسەر ئەوخاڵە هەیە کە بەڕێوەبەرانی شارەزای سیاسی لەوڵاتانی خۆرئاوا لەسەر ئەو راستییە هاوڕابوون کە ئاسایشی نیشتمانی پەیڕەوی لە ئاسایشی خستنەڕووی وزە دەکات، ناتوانێت تەنیا بە پشت بەستن بە کۆمپانیاکانی نەوتی دەرەکی کارا لە وڵاتانی خاوەن پاشەکەوت دابین بکرێت.

لە لاکەی دیکە، دابینکردنی بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی نەوتی دەرەکی کە لە وڵاتانی خاوەن پاشەکەوت و باڵادەستی و کاراییان لە ئاست بەشەکانی خوارەوەدایە، دەیەوێت ئەو کۆمپانیایانە وەك پێویست مامەڵەی زیاتر لەگەڵ دەوڵەتمەردان و بەرنامەڕێژانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی پەیڕەویکەری خۆیان هەبێت، چونکە لەکاتی سەرهەڵدانی هەرجۆرە گۆڕانێکی سیاسی لە وڵاتانی گەورەی خاوەن پاشەکەوت،

بەردەوامی بەرژەوەندی ئابوری ئەو کۆمپانیایانەی نەوتی، لە گرەوی پاڵپشتی سیاسی دەوڵەتانی خۆرئاوایە. بەمەش بە گران دەتوانرێت ئەو گریمانەیە قبوڵ بکرێت کە کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ کۆمپانیای تەواو ئابوری - بازرگانی گۆڕاوون و فۆڕم بە سیاسەتی ئابوری و بازرگانی خۆیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی خاوەن پشکەکان لە بازاڕەکانی رکابەری دەدەن. بەڵام هەرچۆنێکبێت، تێبینی ئابوری لە دانانی سیاسەتەکانی بازرگانی راستییەکە کە لە شیکردنەوەی کاری کۆمپانیاکانی نەوتی دەرەکی لە هەلومەرجەکانی ئێستادا، پێویستە بە دیقەتەوە لەبەرچاو بگیردرێت.

گۆڕانی ئابوری جیهانی و سەرهەڵدانی ئابورییەکانی روو لە گەشە لە ئاسیا بە تایبەت چین، نیشانەی ئەوەیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، سیاسەتی بازرگانی کۆمپانییا نەوتییەکانی دەرەکی و وڵاتانی خاوەن پاشەکەوت، زیاتر لە ژێر  کاریگەری دیسپلین و بڕیارەکان و بارودۆخی ئابوری لەچوارچێوەی ئاسیا - پاسیفیك فۆڕم دەگرێت و رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئەوروپای خۆرئاوا لەوبارەیەوە یەکسەر کاڵتر دەبێتەوە. ئەوە راستییەکە کە لە روانگەی هەندێك لە وڵاتانی گەورەی بەرهەمهێنەری نەوت فەرامۆش نەکراوە. سعودییە لە رابردوو سەرمایەگوزاری قوورسی لە بەشی خوارەوەی نەوت بە تایبەت لە بواری پاڵاوتن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپای خۆرئاوا ئەنجامدراوە، بە رواڵەت بەو ئومێدەی کە تا ئاستێك ئاسایشی داواکاری نەوتی بۆخۆی دابین بکات. سیاسەتی لەوچەشنە لەلایەن کوەیت و ڤەنزوێلاش لە ئاستێکی فراواندا گیراوەتەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا، گەشەی داوای بەکردەوە وبە زەبری نەوتی خاو لە ئاسیا وایکرد کە سعودییە خێرا بەرەو سەرمایەگوزاری لە پاڵاوگەکانی ژاپۆن، چین و کۆریای باشور بجوڵێت تا بە فرەچەشنی بە سیاسەتی بازرگانی دەرەکی نەوت بتوانێت ئاسایشی داواکاری بۆ هەناردەی نەوتی خۆی تا ئاستێك دابین بکات.

گەشەی پەیوەندییە بازرگانیەکانی نێوان وڵاتان بەردەوام بواری گونجاوی بۆ گەشەی هاوکارییە سیاسییەکان ڕەخساندووە. بازرگانی نەوت و گاز هەڵبەتە پێگەی بەرجەستەی هەیە. بەهێزکردنی هاوکارییەکان و مامەڵەی سیاسی و لێکتێگەیشتنی زیاتر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەرهەمی گەشەی بازرگانی نەوت و گازە و ئەو کارە بە گشتی بەهۆی گرنگی و پێویستی ئاسایشی خستنەڕووی وزەوە دەبێت. لەو ڕووەوە، بە سەرنجدان بە گۆڕانێك کە لە پانتایی ئابوری جیهانی هاتۆتەئارا و کورتە شیکردنەوەی تێپەڕی، ئارەزوی ئەوروپا بۆ فراوانکردنی بازرگانی نەوت لەگەڵ روسیا پێویست دەکات، کە لە داهاتوودا هاوکارییە سیاسییە فراوانەکانی نێوان روسیا و وڵاتانی پیشەسازی ئەوروپای خۆرئاوا ببینین و هەر ئەوکارە دەتوانێت هاوسەنگی هاوکێشە سیاسییەکانی ئەمەریکا و روسیا بە قازانجی روسیا بگۆڕێت. بە ڕێکخستنی هاوکێشەکە، سەرنجی زیاتری وڵاتانی گەورەی بەرهەمهێنەران لە کەنداوی فارس بۆ ئاسیا وەك پێویست هاوکاری نزیکتری سیاسی نێوان چین و چوارچێوەی کەنداوی فارس دەنوسێت.

سیاسەتی دێرینەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە پشتگیری بێ چەندوچوون لە ئیسرائیل کە بـەردەوام لە پێشەوەی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بووە، لە راستیدا کۆسپ و چوارچێوەی زۆر جدی لە گەشەی پەیوەندییە راست و دروستەکان و بەردەوامی سیاسی، لەگەڵ وڵاتانی هەناردەکاری نەوت لە چوارچێوەی کەنداوی فارس درسوتکردووە. چین، بە پێچەوانەی ئەمەریکا، هەڵوێستگیرییەکی لەوچەشنە سیاسی لەبەرامبەر ئیسرائیل نییە و بۆیە گەشەی بازرگانی نەوت و گازی وڵاتانی کەنداوی فارس لەگەڵ چین، دەتوانێت بە خێرایی کەشی لەبار بۆ گەشەی مامەڵەی سیاسی بڕەخسێنێت. بەوشێوەیە، پێویستە چاوەڕێ بێت کە لە داهاتوویەکی پێشبینیکراو، دەسەڵاتی مێژوویی ئەمەریکا بەسەر زۆربەی وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس، لە

لایەن (چین)ەوە، رووبەڕوی ململانێی جدی بێتەوە، هەرچەند نابێت لە رۆڵێك كە روسیا لەو گۆڕانكارییە دەیبینێت، بێ ئاگا بێت.

پێگەی روسیا، چین، سعودییە، قەتەر و عێراق لە بازرگانی نەوت و گاز لە داهاتوو لە روانگەی گۆڕانی نرخ جێگەی سەرنجە و دەتوانێت لە شیكردنەوەی پەیوەندییەكانی نێودەوڵەتی و ئاسایشی وزە لە چوارچێوەی گۆڕانی ئێستای بازاڕەكانی نەوت و گاز سودی لێوەربگیردرێت. وەك پێشتر وتمان، چاوەڕێ دەكرێت وابەستەیی ئەوروپای خۆرئاوا بە نەوت و گازی روسیا لە داهاتوو پرۆسەی هەڵكشانی هەبێت، لە كاتێكدا كە چین سەرنجی تایبەتی بۆ نەوت و گازی كەنداوی فارس دەبێت. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە كە روسیا بە دوای زیادكردنی نرخی نەوتی خاو و گازی سروشتییەوەیە، چونكە وابەستەیی ئابوری روسیا بە دۆلارەكانی بەرهەمی هەناردەی نەوتی خاو و گازی سروشتی تا داهاتوویەكی پێشبینیكراو هەروەك بەردەوام دەبێت، لە كاتێكدا كە زیادبوونی نرحی نەوتی خاو بۆ چین واتا زیاد بوونی تێچوونی بەرهەمهێنان و كەمبونەوەی دەسەڵاتی ركابەری ئەو وڵاتەیە لە پانتایی بازرگانی دەرەكیی. شایەتی مێژوویی نیشانیدەدات كە سیاسەتەكانی بەرهەمهێنان و بازرگانی نەوت بۆ سعودییە هەرگیز لەگەڵ ئامانجی زیاد بوونی نرخ، دانەڕێژراوە. بەڵگەكانی سعودییە بۆ گرتنەبەری سیاسەتێكی لەوچەشنە بەردەوام وەها بووە كە زیادبوونی نرخی نەوتی خاو بۆتەهۆی هاندانی سەرمایەگوزاری لە بەرهەمهێنانی وزەكانی جێگرەوەی نەوتی خاو دەبێت كە بێگومان كەمبوونەوەی داوای نەوتی خاوی بە دواوەیە و بۆیە بە هەڕەشەیەك بۆ ئاسایشی داواكاری نەوتی سعودییە ئەژمار دەكرێت.

سەرەڕای ناتەواوییە زۆر جدیەكان لە بەڵگەكانی سعودییە كە شیكاری بەجیای دەوێت، هاوڕایی چین و سعودییە لە پرۆسەی گۆڕانی ئێستای نرخی نەوتی خاو مسۆگەرە. هەر ئەوكارە دەتوانێت هاندەرێك بێت بۆچین لە سەرمایەگوزارییە فراوانەكانی لە سعودییە

بۆ پاراستنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی ئەو وڵاتە و یان لەوانەیە بەرهەمهێنان کەمێك زیاد بکات. لە لاکەی دیکە، ئامادەیی چین لە پیشەسازییەکانی نەوت و گازی سعودیە زۆرجار پێویستە جەختکردنەوەی ئەمەریکای لەگەڵ بێت. هەڵوێستێك کە ئەمەریکا لە بەرامبەر ئێران لە ماوەی سێ دەیەی رابردوو گرتویەتییەبەر، پێویست دەکات کە ئەمەریکا سەبارەت بە پرۆسەی قووڵبوونەوە و گەشەی هاوکارییە ئابوریی و سیاسیەکانی نێوان ئێران و چین هەڵوێستگرتنی نەرێنی هەبێت و بۆیە ئەوکارە سیاسەتەکانی چین لەبەرامبەر ئێران رووبەڕوی تەنگژە بکاتەوە. پەرشوبڵاوی هەندێك سیاسەتی دەرەوەی سعودییە و ئێران بە تایبەت لەبەرامبەر هەڵوێستەکانی ئەمەریکا لەلایەك و بێداری ئیسلامی لەناوچەکە لە لاکەی دیکەی ئەو گرژیانە تووند دەکات. بە سەرنجدان بەوەی کە سعودییە لە 15% ی لە بازرگانی جیهانی نەوتی خاوی لە ئەستۆیە و بانگەشە دەکات کە لەگەڵ هەبوونی زیادەی توانای بەرهەمهێنان، دەتوانێت لە کاتی سەرهەڵدانی کارەساتە پێشبینینەکراوەکان لە ناوچەکە، بەرهەمهێنانی رۆژانەی خۆی تا 1,5 ملیۆن بەرمیل زیادبکات، رۆڵی ئەو وڵاتە لە گۆڕانی ئێستای بازاڕی جیهانی نەوت و بە تایبەت گۆڕانی گریمانەیی لە سیاسەتەکانی بازرگانی نەوت و گاز پێویستی بە هەڵسەنگاندنی وردترە، هەرچەند کە بانگەشەکانی ئەو وڵاتە لەبارەی زیادەی توانای بەرهەمهێنان نابێت ئەوەندە بە جدی وەربگیردرێت، چونکە زیانی بەرهەمهێنان لە ناوەندی گەورە و سەرووی گەورەی ئەو وڵاتە دەستی پێکردووە و کەمبونەوەی گاز، پڕکردنی کۆگا نەوتییەکان بە مەبەستی زیادکردنی بەرەنجام بەدەستی هێنایەوە، بەرتەسکییەکی زۆر جدی لە بەردەوامی ئاستی ئێستای بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو وڵاتە لە ماوەیەکی زۆردایە.

لە لاکەی دیکە، سیاسەتی سعودییە لە رووبەروبوونەوە لەگەڵ روسیا بۆ بەرگرتن لە زیادکردنی نرخی نەوتی خاو کارابیەکی ئەوتۆی

نابێت، چونکە کەمبونەوەی پاشەکەوتە سەلمێنراوەکانی نەوت لە وڵاتانی بەرهەمهێنەر، وادەکات کە سەرمایەگوزاری لە ناوەندی زۆر تێچووو زیاد بکات، سەرەڕای ئەوەی کە سەرمایەگوزاری بۆ بەرهەمهێنان لە کۆگاکانی نەوت و گازی نائاسایی بە تایبەت لە ئەمەریکا، کەنەدا و روسیا خۆلێنەدزراوەیە. تەنیا لەکاتێکدا ئەو سەرمایەگوزارییە پاساوی ئابوری هەیە کە نرخی نەوتی خاو زیاد بکات و هاوڕای سیاسەتی مێژوویی سعودییە نەبێت. لەو رووەوە، دەتوانێت بە گریمانەیەکی زۆر پێشبینی بکرێت کە واقیعیەتی بازاڕی جیهانی نەوت و گاز هەلومەرجەکانی خۆی بەسەر سیاسەتی سعودییەدا دەسەپێنێت.

رۆڵی قەتەر لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی بازاڕی گاز لە چوارچێوەی شیکاری سەرەوە، جێگەی سەرنجە. دەستگەیشتنی ئەو وڵاتە گچکەیە بە گەورەترین مەیدانی گازی جیهانی (ناوچەی گومبەزی باکور لە دراوسێیەتی چوارچییێوەی گازی پارسی باشور) لەگەڵ تێچوونی زۆرکەم لەلایەك و سەرمایەگوزاریی زۆر قوورسی ئەو وڵاتە لە بەرهەمهێنانی گازی سروشتی شلکراوە یان LNG، کاریگەری بەرچاوی لە وەڵامدانەوە بە داواکاری روو لە زیادبوونی گازی سروشتی لە جیهان و ویستی بە پەلە بۆ گازی سروشتی لە ئاسیا بە تایبەت چین و ژاپۆن هەیە. بە پێی بەراورکردنی ئیدارەی زانیاری وزەی ئەمەریکا EIA، پشکی قەتەر لە بازرگانی LNG لە چوارچێوەی ئاسیا – پاسیفیك لە ساڵی 2010 زیاتر لە 30% بووە کە بەسەرنجدان بە بەرنامەی گەشەی تواناى بەرهەمهێنانی LNG دەتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاد بکات. قەتەر بە دانیشتوانێکی کەمتر لە ملیۆنێك کەس و پاشەکەوتی پارەی بێگانەی وەك پێویست، دەتوانێت بەرنامەی بەرهەمهێنانی LNG خۆی بە چەشنێك بەڕێوەبەرێت کە لەگەڵ کاریگەر بوون بەسەر رەوتی نرخی LNG قەبارەی سەرمایەگوزاری لە بەرهەمهێنانی گازی سروشتی و LNG لە وڵاتانی دیکەدا بخاتە ژێرکاریگەرییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کەڵکوەرگرتن

لە پاشەکەوتی گازی نائاسایی لە ئەمەریکا و کەنەدا و کاریگەری بەسەر کەمبوونەوەی نرخی LNG هاوردەیی لە قەتەر نابێت فەرامۆش بکرێت کە لەم ساڵانەی دوایی فەرامۆشکراوە.

دەزانین کە لەئێستادا گازی سروشتی تەنانەت بازاڕی جیهانی نییە و بۆیە ستراکتۆری بازرگانی جیهانی گازی سروشتی لە بنچینەدا لەگەڵ بازرگانی جیهانی نەوتی خاو پێوانە ناکرێت. چونکە، گازی سروشتی نرخی جیهانی نییە، بەڵکو بە جۆرێك لەگەڵ نرخەکانی ناوچەیی مامەڵەی پێدەکرێت. نرخ لە مامەڵەی گازی سروشتی لە بازاڕەکانی ئاسیا و ئەوروپا زۆرجار لەسەر بنچینەی فۆرمۆلەیەکە کە بەپێی نرخی جیهانی نەوت یان هەندێك بەرهەمە نەوتییەکان ئەژمار دەکرێت، بەڵام نرخی گاز لە بازاڕەکانی ئەمەریکای باکور و بەریتانیا بە پێی نرخی گاز لە بۆرسەکانی کاڵایی دیاری دەکرێت. سەرەڕای ئەوە، بە هاوتەریبی زیادکردنی هاوردەی LNG لە لایەن زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی، میکانیزمی دیاریکردنی نرخی گازی سروشتی لە ئەوروپا لە بەردەم گۆڕانی بنچینەیی لە داهاتوویەکی نزیکدایە. زۆرجار نرخی جیهانی نەوتی خاو بە گوێرەی نرخی نەوتی خاوی تێکەڵاوی برێنتی بەڵێن لەسەردراو لە بەریتانیا و یان نرخی نەوتی خاوی WTI لە ئەمەریکا دیاری دەکرێت، لەو رووەوە جیاوازیەکانی ستراکتۆری لە دیاریکردنی نرخی گازی سروشتی و LNG لەگەڵ نرخی نەوتی خاو و کاریگەری لە فۆڕمگرتنی سیاسەتەکانی بازرگانی گازی سروشتی لە پێوانە لەگەڵ نەوتی خاو تەواو ئاشکرایە.

خاڵێکی دیکە کە لە باسەکانی سیاسەتی بازرگانی نەوت و گاز پێویستە لە شیکارکردنی مەسەلەی ئاسایشی وزە سەرنجی لێبدرێت، چوارچێوەی بازاڕەکانی ئاسیا بە تایبەت بازاڕی چین بۆ هاوردەکارانی گەورەی نەوتی خاوی وەك سعودییە و هەناردەکارانی گەورەی LNG وەك قەتەرە. بازاڕەکانی ئەوروپای باکور و ئەمەریکا بە جۆرێك لەژێر دەسەڵاتی کۆمپانیاکانی نەوتی تایبەتی دایە و بۆیە هەناردەکارانی

گـەورەی وەك سعودییە بە ئاسانی دەتـوانـن بچنە نـاو چالاکییە فرەچەشنەکانی ئەو بازاڕانە لەوانە پاڵاوگەکان و دابەشکردنەوە. بەڵام بازاڕی چینی ژێر هەژموونی کۆمپانیاکانی نەوتی دەوڵەتیی کە ئامادەیی سعودییە لە پیشەسازی خوارەوەی نەوتی لەو وڵاتە رووبەڕوی کێشەی جدی کردۆتەوە و دەکاتەوە. لەو رووەوە، پێدەچێت کە سیاسەتی ستراتیژی سعودییە بۆ دابینکردنی ئاسایشی داواکاری کە پشت بەستوو بە سەرمایەگوزاری پاڵاوگەکان و تۆڕەکانی دابەشکردن و بازاڕدۆزی لە وڵاتانی گـەورەی بەرخۆر دەبێت، لە ئاسۆیەکی نوێ کە چین کردوویەتییەوە، رووبەڕوی کۆسپی جێبەجێکردنی جدی دەبێتەوە.

بەکارهێنەران و ئاسایشی داواکـاری وزە بۆ بەرهەمهێنەران لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی بازرگانی نەوت و گاز، پێڕەوی لە سیمبولی نۆژەنکردنەوەی هێڵی بۆڕی گواستنەوە بە تایبەت بۆ گازی سروشتیش هەیە. نۆژەنکردنەوەی هێڵی بۆڕی گواستنەوەی نەوت یان گازی سروشتی لۆژیکییانە وابەستەیی هەناردەکار و هاوردەکار بۆ یەکتری زیاد دەکات و ئاسایشی وزە لە لایەنی خستنەڕوو و لایەنی داواکاری باشتر دابین دەکات. ئێستاش فراوانترین تۆڕی هێڵی گواستنەوەی نێوان کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لایەك و روسیا و ئەوروپا لە لاکەی دیکەیە. وڵاتانی ئاسیای ناوەندی کە پێشتر بەشێك بوون لە یەکیەتی جەماوەری سۆڤیەت، بەهۆی سەرمایەگوزارییە ئەنجامدراوەکان لە رابـردوو، لە چوارچێوەی تۆڕی هێڵی گواستنەوەی روسیا دابووە و بۆیە ئێستاش بە گشتی بە هێڵی گواستنەوەی روسیا بەستراونەتەوە کە پاوانکاری گازی پرۆم و ترانس نەوت، دەبێت. بەوشێوەیە هەناردەی نەوت و گازی ئاسیای ناوەندی بە گشتی پێویستە بە هەماهەنگی ئەو دوو کۆمپانیایە و یان لە رێگەی کنسرسیۆمی هێڵەکانی بۆڕی خەزەر CPC ئەنجام بدرێت. هەڵبەتە نۆژەنکردنەوەی هێڵی بۆڕییەکان لە قەرقیزستان و تورکمانستان بۆ چین رێکاری گونجاوی دیکەیە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خستنەڕوو و

داواکاری وزە لە ئاسیا. لەگەڵ ئەوەشدا، گەشەی خێرای پیشەسازییەکانی LNG دەبێتەهۆی ئەوەی کە چوارچێوەکانی لە گواستنەوەی گازی سروشتی لە ڕێگەی هێڵی بۆڕییەکان تائاستێکی زۆر کەم بێتەوە. چونکە قەتەر کە بەخێرایی لە گەشەی توانای بەرهەمهێنانی LNG یە، دەتوانێت لە داهاتوویەکی زۆر نزیك، پشکی گرنگی لەوگۆڕانکارییەدا هەبێت.

لە وەی رابوورد ئەوخاڵە دەردەکەوێت کە سیاسەتەکانی بازرگانی گازی سروشتی و LNG، ستراکتۆری لەگەڵ سیاسەتەکانی بازرگانی لە بازاڕەکانی جیهانی نەوتی خاودا جیاوازە. دووره بتوانرێت وای بۆبچن کە لە داهاتوودا پێشبینیکراوە، سەرەڕای سەرمایەگوزارییە قوورسەکان کە لە LNG بووە و دەبێت، بازرگانی LNG بازاڕی هاوشێوەی نەوتی خاوی هەبێت، چونکە تۆڕی گەورە و فراوانی هێڵی بۆڕیەکانی گواستنەوە کە نۆژەنکراوەتەوە، بە شێوەیەکی سرووشتی هەلومەرج و ویستەکانی خۆی بەسەر بازاڕی گازی سروشتی دا دەسەپێنێت کە بە کۆسپی جدی یەکپارچەیی ئەو بازاڕە ئەژمار دەکرێت.

پێشکەوتنە هونەرییەکان لە بەرهەمهێنانی بازرگانی لە کۆگاکانی گازی نائاسایی، فاکتەرێکی دیکەی تێکەڵ و پێکەڵی بازاڕی گاز دەبێت. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، بەرهەمهێنانی گازە نائاساییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵەکانی ئەودواییە لە ئاستێك کە لە بنچینەدا تاپێش چەند ساڵێك پێشبینیکراو نەبوو، بووەهۆی ئەوەی کە هاوردەی LNG ئەمەریکا لە قەتەر بە زۆری کەمبێتەوە و کەمبوونەوەی بەرچاوی نرخی LNG بە دواوە بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی لە روانگەی سیاسەتی ستراتیژی ئاسایشی خستنەڕوو و داواکاری وزە دەخرێتە روو، توانای رەتنەکراوەی قەتەر لە رووبەڕوبوونەوەیە لەگەڵ تەکانەکانی نرخی LNG. دەزانین قەتەر وڵاتێکی زۆر گچکە و پاشەکەوتی وزەو گازی زۆرە کە دەتوانێت هەرگۆڕانێکی نەخوازراو و پێشبینی نەکراو لە بازاڕ بە ئاسانی قبوڵ بکات، لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ گۆڕانی نرخی

LNG و یان نرخی گازی سروشتی هەناردەیی بەهۆی هێڵەکانی بۆڕی گواستنەوە، کە لە داهاتوو لە ئاستێکی فراوان لە ناوچەکە رادەکێشرێت، توانای کاریگەربوونی زۆر جدی بەسەر بازاڕی گازی سروشتییەوە دەبێت.

دەتوانین کەڵك لە دانانی ستراتیژیەتی باش وەربگرین لە پاشەکەوتی نەوت و گازی وڵات، پەندی زۆر لەو راستیانەی سەرەوە وەربگرین. رکابەری ئێران لەگەڵ قەتەر، بەسەرنجدان بە تایبەتمەندی ئابوری، دانیشتوانی، پاشەکەوتی نەوت و گاز و هەڵوێستە سیاسییەکانی هەریەك لەو دوو وڵاتە، لەبنچینەدا پاساوی زانستی، ئابوری و بازرگانی نییە. نابێت ئێران نیگەرانی لەدەستچوونی بازاڕی گازی سروشتی بەهۆی سەرمایەگوزارییە قوورسەکانی قەتەر لە راکێشانی هێڵی بۆڕیەکان یان دامەزراوەی شلکردنەوەی گازی سروشتی بێت، چونکە لە رکابەری کردنی سیاسەتی پەلاماردەری قەتەر لەبنچینەدا ئامادەیی ئابوری و بازرگانی نییە. ئەوەی بۆ ئێران گرنگە ستراتیژیەتە، سەرنجدانە لە داهاتووی دوورتر، کۆی پاشەکەوتەکانی ئێران، بەومەرجەی کە بتوانرێت توانای بەدەستهێنانەوەی لە کۆگاکانی نەوتی سنوری 10% زیاد بکات، لە داهاتوویەکی نزیك زیاتر لە کۆی پاشەکەوتەکانی نەوت و گازی سعودییە و لەو رووەوە، پێگەی یەکەمی لەناوچەکە دەبێت. بەڵام مەرجی پێویست و بەس بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە، پێدانی رۆژانەیە لانیکەم 560 ملیۆن مەتر سێجای گازی ساڵانەیە. لەو هەلومەرجانەدا، رکابەری کردنی قەتەر و گرتنەبەری سیاسەتی هەناردەی گازی سروشتی بە ئامانجی دوور و نزیك بەهۆی راکێشانی هێڵی بۆڕی یان بەرهەمهێنانی LNG ناتەبای بەرهەمهێنانی چاودێری کۆگاکانی نەوتی ئێرانە. هەڵبەتە پشتڕاستی دەکەینەوە کە لە کۆی کۆتایی ناتوانرێت بەرهەمی سیاسی بەرهەمهاتوو لە هەناردەی گازی سروشتی بۆ هەندێك وڵاتان لەبەرچاو نەگرێت، لەگەڵ ئەوەی کە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان لە چوارچێوەی (پارسی باشور) بۆ خەرجی ناوخۆیی و پێدانی بە ناوەندەکانی نەوتی بەو مەرجەی کە

بە شێوەی چاودێری ئەنجام بدرێت، لە ئەولەویەتی بڕیاردایە. دانانی ستراتیژیەتی وزەی ئێران، پێداویستی دیقەتدان و ئەنجامی کۆی ورد لە هەموو لایەکەوە گشتیتر لە هونەری، ئابوری، بازرگانی، ئاسایشی و سیاسییە.

## ئاکام

ئاسایشی خستنەڕووی وزە بۆ بەکاربەرانی گەورەی نەوت و گاز و ئاسایشی داواکـاری وزە یان ئاسایشی بازاڕ بۆ زۆر بەکارهێنەرانی نەوت و گاز بـەردەوام لە گرنگترین مەسەلەکانی ستراتیژی بووە و دەبێت. گۆڕانکاری داهاتووی بازاڕی جیهانی نەوت و گاز، گرنگی ئەو مەسەلەیەی دووئەوەندە کردووە. ئەو گۆڕانکارییە دەتوانێت بۆ چوار کۆمەڵەی تێکڕایی دابەش بکرێت:

أ) پێشکەوتنە هونەرییەکان لە کەڵکوەرگرتنی بازرگانی لە پاشەکەوتەکانی نەوت و گازی نائاسایی،

ب) گۆڕانی ستراتیژی وابەستەیی مێژوویی هەندێك وڵاتی گەورەی بەکارهێنەر بۆ وڵاتانی گـەورەی هەناردەکاری نەوت بە تایبەت لە کەنداوی فارس،

ج) گۆڕانکاری لە کارایی سیاسەتەکانی سەرمایەگوزاری وڵاتانی بەکارهێنەر لە دۆزینەوە، گەشە و بەرهەمهێنانی ناوەند لە وڵاتانی خاوەن پاشەکەوت

د) گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی بازرگانی وڵاتانی بەکارهێنەر و هەناردەکاری نەوت و گاز. لەم وتارەدا، بە کورتی لە کاریگەری هەریەك لەو گۆڕانانە لە بازاڕی جیهانی نەوت و گاز بەسەر ئاسایشی خستنەڕوو و داواکاری نەوتی خاو و گازی سروشتی، کۆڵراوەتەوە.

دۆزینەوەی پاشەکەوتی گەورەی نەوت و گازی نائاسایی وەك شیلەکانی نەوتی و گاز بە تایبەت لە ئەمەریکا، کەنەدا، روسیا و ئەگەری

گەشەی کەڵکوەرگرتنی بازرگانی لەو پاشەکەوتانە لە داهاتوو بە مەرجی زیادکردنی نرخی نەوتی خاو و گازی سروشتی، بووەتەهۆی ئەوەی کە وێنای ئابوری سیاسی خستنەڕوو و داواکاری نەوت و گاز لەئاستی جیهانی بگۆڕێت. هەر لە ئێستاوە ئەو گۆڕانکارییە دەرکەوتووە و کاریگەری کورت و درێژخایانی خۆی بەسەر ئارایشی نوێی هەڵسوڕاوانی بازاڕی جیهانی نەوت و گاز دەردەخات. لەم وتارەدا هەوڵدراوە کە پەندگەلێك لەو گۆڕانکاریانە بۆ بەڕێوەبردنی باشتری کۆگاکانی نەوت و گازی ئێران لە لایەك و دانانی ستراتیژی بازرگانی دەرەکی نەوت و گازی ئێران لە لاکەی دیکە، ئەنجامگیری بکرێت.

ستراتیژی چەندین ساڵەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کەمکردنەوەی وابەستەیی بە نەوتی خۆرهەلاتی ناوەڕاست (بە تایبەت پێنج وڵاتی گەورەی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری نەوتی خاو لە کەنداوی فارس) و سەرکەوتنە رێژەییەکانی ئەو ستراتیژیەتە لەگەڵ سەرەتای کەڵکوەرگرتن لە پاشەکەوتەکانی گازی نائاسایی لەو وڵاتە کەش و هەوای نەگونجاوی خولّقاندووە کە چین بتوانێت لە ماوەیەکی کەم و زۆر، نەوت و گازی پێویستی خۆی کە بەخێرایی لە زیادبوون دایە، تائاستێك لە وڵاتانی چوارچێوەی کەنداوی فارس دابین بکات. هەر ئەوکارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوروپای خۆرئاوا بۆ وەڵامدانەوە بە داواکاری سوتەمەنی هایدرۆکاربۆنی خۆی، زیاتر پشت بە روسیا ببەستێت. وڵاتانی ئاسیای ناوەندی بۆ هەناردەی نەوت و گازی خۆیان تەنیا دەبێت وەك پێویست سوود لە تۆڕی هێڵەکانی گواستنەوەی روسیا وەربگرن. بۆیە، روسیا لە گۆڕانکاری داهاتووی بازاڕەکانی وزە لە پێگەی پلە بە پلە پتەوتر بەهرەمەند دەبێت و بێگومان نیگەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناهاوسەنگی سیاسی، زیاد دەکات.

لەم وتارەدا نیشانماندا کە نیگەرانی لە نائاسایشی خستنەڕووی وزە بۆ وڵاتانی پیشەسازی، رەگی بۆ دابەشکردنی جوگرافی نەگونجاوی

پاشەکەوتەکانی نەوت و گازدا، دەگەڕێتەوە. پاشەکەوتی زۆری نەوت و گازی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە بە گشتی لە چوارچێوەی کەنداوی فارس دایە، سەربە ئەو وڵاتانەیە کە پیشەسازی نین و وڵاتانی گەورەی پیشەسازی بە جۆرێك پاشەکەوتەکانی تێبینیکراوی نەوت و گازیان نییە. سیاسەتە ستراتیژیەکانی وڵاتانی پیشەسازی بۆ رووبەڕوبوونەوە لەگەڵ شوێنەواری نەخوازراو بەمچەشنە ناهاوتایی ئاسایی پاشەکەوتەکانی نەوت و گاز لەگەڵ پێویستییە پیشەسازییەکانی زۆرجار بۆ دوو کۆمەڵەی تێکڕایی دابەش دەکرێت. ستراتیژیەکانی کۆمەڵی یەکەم، پەیوەندی بە سەرمایەگوزاری لە دۆزینەوە، گەشە و بەرهەمهێنان لە ناوەندی نەوتی و گازی لە وڵاتانی خاوەن پاشەکەوت هەیە تا بەوشێوەیە دڵنیایی دەستەبەربێت کە لە کاتی سەرهەڵدانی قەیران یان رووداوی پێشبینی نەکراو، رەوتی هەناردەی نەوت و گاز، نیشانماندا کە ئەو ستراتیژییە باوە، کارایی خۆی لە دابینکردنی ئاسایشی خستنەڕووی وزە لە دەستداوە.

دەتوانرێت ستراتیژیەتی کۆمەڵەی دووەم لە گرتنەبەری سیاسەتی گونجاو لە بازاڕەکانی جیهانی نەوت و گاز کورت ببێتەوە. گۆڕانی بازاڕەکانی جیهانی نەوت و گاز، رۆڵی هەڵسوڕاوانی سەرەکی لەو بازاڕانەی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە و دەخات. کۆمپانیا نەوتییەکانی بێگانە، کۆمپانیا نیشتمانییەکانی نەوتی، دەوڵەتەکان و دامـەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك ئۆپێك و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، هەریەکەیان بە تەنیا و یان لە پەیوەند لەگەڵ یەکتری، ئاسایشی خستنەڕووی وزە بۆ بەکارهێنەران و ئاسایشی داواکاری وزەی بۆ بەرهەمهێنەران خستۆتە ژێرکاریگەرییەوە و دەیخەن. چین، روسیا و سعودییە، هەریەك بە وێنایەك کە لە ئاستی باشی نرخی نەوتی خاو هەیانە، کاریگەرییان بەسەر گۆڕانکاری بازاڕی جیهانی نەوت و سیاسەتەکانی بازرگانی هەڵسوڕاوانی دیکەوە هەیە. وابەستەیی زۆری ئابوری روسیا بە داهاتەکانی پارەی بێگانەی بەرهەمی هەناردەی نەوتی خاو و گازی سروشتی پێویست دەکات کە ئەو وڵاتە بە

دوای هێنانەدی ئاستی باڵاتری نرخەوە بێت. سعودیە لەگەڵ هەبوونی باڵاترین قەبارە لە پاشەکەوتی سەلمێنراوی نەوت، بە رواڵەت لە گەشەی سەرمایەگوزاری بۆ بەرهەمهێنانی بازرگانی لە پاشەکەوتەکانی نەوت و گازی نائاسایی نیگەرانە، لەگەڵ ئەوەی کە گەشەی وزە نوێکراوەکانی هاوڕای سیاسەتەکانی نەوتی خۆی نابینێت. بۆیە ساڵانێکە کە سیاسەتی بەرگرتن لە زیادبوونی نرخی نەوتی خاوی گرتۆتەبەر، هەرچەند کە شایەتی مێژوویی نیشانیدەدات هەر کاتێك فاکتەرە بنەماییەکانی بازاڕ بواری زیادکردنی نرخی نەوتی رەخساندووە، سعودییە بێتوانایی خۆی لە بەرگرتن لە زیاد بوونی نرخ بە جوانی نیشانداوە. هەروەها چین نیگەرانی زیادبوونی نرخی نەوتی خاوە، بەڵام نەك بە هەمان بەڵگە کە بۆ سعودییە جێی باسە.

ئەو سەرمایەگوزاریانەی کە لە ماوەی چەند دەیەیەکی رابردو لە راکێشانی هێڵە بۆڕییەکانی گواستنەوەی نەوت و گاز لە ئەمەریکا، کەنەدا، ئاسیای ناوەندی، روسیا و ئەوروپای خۆرئاوا ئەنجامدراوە و لە داهاتووی نزیك بە تایبەت لە هێڵەکانی بۆڕی گواستنەوەی گاز زیاتر پەلە دەکرێت، بۆتەهۆی ئەوەی کە بازاڕی جیهانی گاز لە روانگەی نەرمی و رکابەری بوون لە بنچینەوە لەگەڵ بازاڕی جیهانی نەوت پێوانە نەکرێت و هەر ئەو کارە ستراتیژیەتی ئاسایشی خستنەڕوو و داواکاری گازی سروشتی چ بە شێوەی هێڵەکانی بۆڕی و یان LNG، بە شێوەیەکی تێبینیکراو خستویەتییە ژێرکاریگەرییەوە و دەیخات. تۆڕی هێڵەکانی بۆڕی گواستنەوەی گازی روسیا بۆ ئەوروپا و زۆر وابەستەیی ئەوروپا بە گازی روسیاوە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئاسایشی خستنەڕووی وزەی ئەوروپا لە ماوەیەکی زۆردا، بە توندی بکەوێتە ژێرکاریگەری سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی روسیا.

سەرنج بەو خاڵەی کە جێگەی بایەخی زۆرە و ئێستاش زۆربەی کۆگاکانی نەوتی روسیا لە نیوەی دووەمـی تەمەنی خۆیاندان و

کەمبوونەوەی گوشار لە زۆربەی ناوەندەکانی نەوتی ئەو وڵاتە، کە ساڵانێکە باری سەرەکی بەرهەمهێنانییان لە ئەستۆیە، گەیشتۆتە سنوری نیگەرانکەر کە جێبەجێکردنی هەرچی خێراتری بەرنامەکانی زیاد کردنی هەڵگرتن و تەندروستی دۆزینەوەی جارێکی دیکەی نەوتی کردۆتە ناچاریی. بە پێچەوانەی سعودییە کە پاشەکەوتی گازی سروشتی زۆر بەرچاو نییە، روسیا هەروەك ئێران کۆگای گەورەی گازی سروشتی بە تەنیشت کۆگا گەورەکانی نەوتەوەیە. لەو رووەوە، بە پێچەوانەی سعودییە کە بەرنامەکانی زیادکردنی هەڵگرتن لە ناوەندی نەوتی خۆی پشت بەستوو بە تێکەڵکرنی ئاو نەخشەکێشاوە، روسیا بە پێدانی گاز بە ناوەندی نەوتی دەتوانێت لەگەڵ زیاد بوونی بەرەنجامی دۆزینەوەیی، لە سەدای زیاتری لە نەوتی لە جێدای شایانی کەڵك لێوەرگرتن بکات و بەوشێوەیە قەبارەی پاشەکەوتی سەلمێنراوی خۆی زیاد بکات. بەڵگەنەویستە کە کەڵکوەرگرتن لە گازی تێکەڵکراو لە ئەستۆی نەوەی داهاتووی ئەو وڵاتە دەبێت تا لە کاتی گونجاو دەری بهێنن و بە نرخی زۆر بەرز لە نرخی ئێستا هەناردەی بکەن.

پێویستی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی زیادکردنی هەڵگرتن لە کۆگاکانی نەوتی روسیا، بە ناچاری ئەو وڵاتە بەرەو تێکەڵکردنی گاز بە کۆگای نەوتی خۆی رێنمایی دەکات، چونکە بێجگە لەمە زیانی بەرهەمهێنانی نەوتی روسیا لە داهاتوویەکی نزیك مسۆگەرە. جیبەجێکردنی بەرنامەی زیادکردنی هەڵگرتن لە کۆگای نەوتی روسیا بێگومان کەمبونەوەی گاز بە هەناردەی بۆ ئەوروپا تووند دەکات و بۆیە لەو روانگەیەوە دەتوانن پێشبینی بکەن کە ئەوروپا لە ماوەیەکی زۆردا دەخاتە بەردەم نەبوونی ئاسایشی گازی سروشتییەوە. هاوردەی گازی سروشتی لە ئێران لە رێگەی هێڵەکانی بۆڕی دەتوانێت رێکاری گونجاو بۆ ئەوروپا بێت، بەو مەرجەی کە ئەوروپا بتوانێت لەگەڵ قەیرانەکانی ئەمەریکا دژی ئێران بە شێوازێکی گونجاو رووبەڕوی بێتەوە.

پێگەی عێراق لە جیاتی هەڵسوڕاوێکی سەرەکی دابینکردنی ئاسایشی خستنەڕووی وزە بۆ ئەوروپا و ئاسیا گرنگی تایبەتی هەیە. بەرنامەی زەربەتی ئەو وڵاتە بۆ گەشەی ناوەندی نەوتی و زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان بە رادەیـەك کە لە سـەرووی بەرهەمێنانی سعودییەوە بێت، بێگومان مەسەلەی جیاجیا لە پەیوەندی چین، روسیا و سعودییە دەخاتە روو و دەتوانێت ئاسایشی خستنەڕووی وزە لە ئەوروپا بە شێوەیەکی خـوازراو بخاتە ژێرکاریگەرییەوە. هەرچەند نابێت لەوخاڵە سەرکییە بێئاگابین کە چەند بەرامبەر بوونی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق لە مەودای زەمەنی کورت و نائامادەیی ئابوری ئەو وڵاتە لە کێشکردنی قەبارەی زۆر لە داهاتەکانی پارەی بێگانە لە لایەك و هەوڵی دەسەڵاتدارانی سیاسی ئەو وڵاتە لە ئاستی بە زۆر گەیاندنی پێدانی دۆلارەکانی نەوتی بە ئابوری نیشتمانی لە لاکەی دیکە، بێگومان بواری پێویست بۆ قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو وڵاتە دەرەخسێنێت. رکابەری مێژوویی سعودییە و عێراق لە بازاڕەکانی جیهانی نەوت و ئاکامەکانی رەوتی بێداری ئیسلامی کە لە کورت و درێژماوەی کەشی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە ژێرکاریگەرییەوە، نیشانیدەدات کە شیکردنەوەی پێگەی نەوتی عێراق لە ستراتیژیەتی ئاسایشی وزە لە ناوچەکە و جیهان پێویستی بە توێژینەوەی جیاو وتاری سەربەخۆیە.

بە کورتی دەتوانرێت بوترێت کە سەرەڕای راپۆرتی گەشبینانە و ئامارەکانی ئاسودە و دڵنیاکەر لە هاوسەنگی خستنەڕوو و داواکاری نەوتی خاو و گازی سروشتی لە کورت و درێژماوە کە لەلایەن زۆربەی ناوەندەکانی وزە لە وڵاتانی گەورەی پیشەسازی بڵاودەکرێتەوە، وڵاتانی پیشەسازی بە تایبەت ئەوروپای خۆرئاوا و ژاپۆن و هەروەها چین دەکەونە بـەردەم ماوەیەکی زۆری نائاسایشی خستنەڕووی وزەوە.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

1. النعیمی، علی ( 2010 )، سخنرانی وزیر نفت عربستان در اجلاس فرص تهاي تجاري در شیکاگو، 30 ژوئن. راهبرد بلندمدت »

2. تکلیف، عاطفه (زمستان 1389 فصلنامه ،« اوپک با توجه به تحولات بازار جهانی نفت علمی- پژوهشی راهبر د، مرکز تحقیقات استراتژیک، مجمع تشخیص مصلحت نظام، شماره 57 منافع ملی و »

3. درخشان، مسعود ( تابستان 1381 ویژ هنامه ،« سیاست هاي بهره برداري از منابع نفت و گاز ، نفت و منافع ملی، مجلس و پژوه ش، شماره 34 سال نهم.

4. درخشان، مسعود ( 1385 )، بررسی وضعیت ذخایر اولیه و ثانویه مخازن نفتی کشور و امکان سنجی تولید و ازدیاد برداشت از طریق تزریق گاز در افق چشم انداز ( 14.4 ه.ش)، طرح پژوهشی، دفتر همکاري هاي فناوري ریاست جمهوري، معاونت انرژي، اسفند. ملاحظات »

5.درخشان، مسعود ( زمستان 1389 استراتژیک در تدوین سیاستگذار یهاي بالادستی نفت فصلنامه علمی- پژوهشی راهبر د، ،« و گاز کشور
مرکز تحقیقات استراتژیک، مجمع تشخیص مصلحت . نظام، شماره 57

**سسەرچاوەی لاتین:**

6. Bagheri, Ali (2011), “OPECs Role in the Diversified Future Energy Markets”, Iranian Journal of Economic Research, Vol. 16, No. 46, Spring.

7. Deutsh, John (2010), Towards a National Energy Policy: Assessing the Options, Background Paper, National Energy Policy Institute/ Resources for the Future: NEPI/RFF, June.

8. EIA (2011), World Energy Outlook. 9. http://www.china.org.cn/english/environment /236955.htm

10. Mitchell, John (2010), More for Asia: Rebalancing World Oil and Gas, Chatham House, The Royal Institute of International Affairs, December.

11. www.opec.org/opec_web/en/1712.htm

12. BP Statistical Review of World Energy, 2010__

سەرچاوە: www.csr.ir

http://www.energydiplomacy.iies.ac.ir/

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گرگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | سۆران عەلی | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | 105 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | 106 |
| 2016 | سۆران عەلی | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | 107 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | 108 |